# له "نیویۆرك"ەوە تا "كابول"

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی گیرفان ژمارە** (٢٦)

سەرپەرشتیاری گشتی
ئازاد بەرزنجی

www.sardam.net

یوسف ئەبازەری
موراد فەرهادپوور

# له "نیویۆرك"ەوە تا "كابول"

## -نیشانەناسیی ١١ی سێپتەمبەر-

### وەرگێڕانی

مەنسوور تەیفووری
فەرهاد ئەمین پوور

سلێمانی ٢٠٠٣

# لە "نیویۆرك"ەوە تا "كابول"

نووسینی: یوسف ئەبازەری، موراد فەرهادپوور
وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفوری، فەرهاد ئەمین پوور
بابەت: فكری سیاسی
دەرهێنانی هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژ: تاڤگە فائق
ژمارەی سپاردن: ٤٤ ی ٢٠٠٣

# پێشەکی

ئەم کتێبەی بەردەستتان بەرهەمی وت و وێژی دوو رۆشنبیرە کە ئەمڕۆ لە گوتاری رۆشنبیری ئێراندا هەرکامەیان خاوەنی جێگەیەکی تایبەتن و بەرهەمەکانیان سەرنجڕاکێش و خولقێنەری پرسیار: »یووسف ئەبازەری ـ موراد فەرهادپوور«.

بەڕاستی سەرچاوەی کارەساتە ترسێنەر و تۆقێنەرەکانی ژیان و مێژووی مرۆڤ کامانەن؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ بەر بە رووداني کارەساتەکان بگرێت؟ ئەم کارەساتانە بۆچی و بۆ کێ و تاکەی روودەدەن؟ بێگومان هەوڵ بۆ وەگەڕخستنی سیستەمی پرسیارەکان، هاوکات دەتوانێ هەوڵ بێت بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی بونیادی ئەم رووداوانە. تاقمێك لەسەر ئەم بڕوایەن کە تەنیا زمانی هونەر دەتوانێ ئاڵۆزی رەنج و دەرد بەو شێوەی کە هەیە بگێڕێتەوە، بەڵام ئەمە ناتوانێ بەو مانایە بێت کە ناتوانین یان ناکرێت لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە

سەیری ڕووداوەکان بکەین. ئەنجامی سەرەکی ئەم ڕوانینە بێگومان دەتوانێ دەرکی هۆکارەکان و بەستێنە مێژوویییەکانی کارەسات و زانینی مانای ڕاستەقینەی بێت بۆ قوربانی و جەللاد و خودی ئێمە.

هەوڵ بۆ خوێندنەوەی کارەساتە ئینسانیەکان و دۆزینەوەی ڕێژەی واقیعی خود و ئەو کارەساتانە، واتە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەك کە بکرێت سیما و ڕوخسارێکی ڕوونتر لە ڕابوردووی ببێت. ئەمڕۆ بێگومان ئۆرگانیزمی جیهانی لە ڕووداوێکی وەك یازدەی سپتەمبر کاریگەری قووڵ وەردەگرێ و دەور و کاردانەوەی توخمەکانی تووشی ئاڵۆزی و ئاڵ و گۆڕ دەبێت. ئامادەبوونی ئێمە لە ئۆرگانیزمی جیهانیدا واتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە لەگەڵ کارەساتە جیهانییەکان و دۆزینەوەی جێگەی خۆمان بەرانبەر بەوان. دەبێ باوەڕ بەوە بکەین کە ئێمەش وەکوو بەشێك لە کۆمەڵەی جیهانی دەبێ بۆ هەڵگرتنی بەشێك لە زامەکانی کارەساتە ئینسانییەکان خۆمان بە بەرپرس بزانین و بێهیچ ترسێك بیانخوێنینەوە و ڕاڤەیان بکەین و بەڕاستی لەم کاتەدایە کە دەتوانین داوای شەریكبوونی کۆمەڵەی جیهانی لە زام و ڕەنجە بێ ئەژمار و مێژووییەکانماندا بکەین.

ئەوەی بە جوانی لەم وت و وێژەدا دەردەكەویٚ، كەڵكەڵەی ئەم دوو رۆشنبیرەیە بۆ دەرخستنی سیمای راستەقینەی ئەو نیزامە نیشانەییەی کە دەتوانیٚ فاكتەرە پێویستەكانی ئەم كارەساتە لە رەوتێكی مێژووییدا و لە دەروونی خۆیدا هەڵبگریٚ و هەوڵی روخساراندنیان وەكوو حەتمیەتێكی پێویست بدات.

زمانی ئەم وت و ویژە زمانیكی »زارەكی«یە و تا ئەو جیگەی كە توانیومانە هەولمانداوە ئەم زمانە بە گواستنەوەی زیاترین باری مانایی دەقەكە، لە وەرگیرانەكەدا بپاریزین. هیوادارین خوینەرانی بەریز كەلكی لیوەربگرن.

مەنسوور تەیفووری . فەرهاد ئەمینپوور

## ئەبازەری

ئـەمریكا تەنانـەت بـەر لـە دۆزرانەوەشـی ببـوە نیشانە. ئەوكاتەی كە »كریستۆفكولۆمب« دەیویست بیدۆزیتەوە ویناو ئیماژیكی ئەمریكای لە زەیندا بوو. ئـەمریكا لای ئـەو شـوینیكی خـەیالی بـوو. رەنگـە ئەمریكا تاقە ولاتیك بیت كـە بەر لـە دۆزرانـەوە یـان دروستكردنیش لەخەیالدا دامەزرابوو. ئەمریكا وەكوو نیشانە لەدایك بوو. كریستۆف كولۆمب پیی وابوو كە بـە دۆزینـەوەی ئـەمریكا بەهەشـت دەدۆزیتـەوە و لەراستیشـدا ئـەو فیلمـەی لـەبارەی دۆزینـەوەی ئـەمریكاوە دواتـر دروسـت كـرا، نـاو نـرا »فـەتحی بەهەشت«. خـەیالاندن و ئیمـاژ و سـازكردنی نیشـانە سەبارەت بە ئەمریكا رەوتیكی لەمیژینە و تائیستەش بەردەوامـە. خـالی سـەرنجراكیش ئەوەیـە تەنانـەت دامەزرینەرانی خودی ئەمریكاش ئەم ولاتەیان لەسەر بنەمای ئایدیا دامەزراند. سەیری هەر ولاتیكی جیهان بكـەین میژوویـەكی هـەبووە و تەنانـەت ئەگـەر

وەرچەرخان یان گۆرانکارییەکی کۆمەلآیەتی یان سیاسی لەو ولآتەدا روویدابێ بەپشت بەستن بە میژووەوە روویداوە. کەچی دامەزرینەرانی ئەمریکا لەسەر بنەرەتی بیرۆکەی هەندێ فەیلەسووف وەکوو »مۆنتسکیۆ« و »لاك« و بەگشتی فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری، لەپرهاتن و ئەمریکایان قەلب (جعل)اند. یاسای بنەرەتی ئەمریکا درەوشانەوەی خەیالآندن بوو، نەك بەرهەمی میژوویەکی پر هەلسوکەوت.

ئەمریکا هەر بە ئەنقەست وەکوو ولآتیکی لیبرال و ئازاد لە بەرامبەر ئەورووپای ئاریستۆکرات و تیکرای ئالۆزییە میژووییەکەی بەدیهات. وتمان خەیالآندن و ئیماژ و سازکردنی نیشانە سەبارەت بە ئەمریکا رەوتیکی بەردەوام بووە، کەوابوو هەر بەرەو سەردەمیك لە زەینی خۆیدا چەشنیك لە وینا و خەیالی ئەمریکای سازکردووە. بە بەراورد لەگەل هەر شوینیکیتردا رەنگە بکرێ بلیین میژووی ئەمریکا میژووی ئیماژ و نیشانە و خەیالآندنەکانە. ئەمەش هەر ئەو خالەیە ئەمریکا لە ولآتانیتر جوێ دەکاتەوە. ئەم خالەش لە روانگەی فەیلەسووف و بیرمەند و رۆماننوس و کەلتوورواناندا خالیکی بەرچاو بووە. لایەنی خەیالی کۆمەلگەی ئەمریکا وای لە خاوەن بیران کرد، کە تەنانەت لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەندێ

شت بلین كە ئیستاكە لە سەدەی بیستویەكەمدا وەكوو باس و ئاخافتنی بیرۆكەی »پۆست مودیرن« دەیانناسین. ئەگەرچی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم گومانەش هەبوو كە ئەم چەشنە قسانە تەعبیر لە واقیعی ئەمریكا دەكات. بە بۆچوونی پۆستمودیرنیستەكان »ناوەند«یك لەئارادا نییە، نە زەین خاوەن ناوەندیكە و نە زمانیش خاوەنی هیچ بونیادیك. »مەتیۆ ئارنۆلد« كە یەكیكە لە بیرۆكەوانان و خاوەن رایانی سەردەمی »ویكتۆریا«یی ئینگلیز، وتەیەكی سەرنجراكیشی سەبارەت بە ئەمریكا هەیە. ئەو پیی وا بوو هەر ولاتیكی شارستانی ناوەندیكی هەیە، كەچی ئەمریكا بیناوەندە. پر ئاشكرایە مەبەستی ئارنۆلد پیتەخت نییە، بەلكوو مەبەستی جۆریك ناوەندی راگیركەرە، كە بە وتەی شاعیری ئیرلەندی »ییتس«، ئەگەر ئەو ناوەندە وزەی خۆی بدۆرینی هەموو شتەكان تیكرا هەلدەوەشینەوە.

خالی سەیر لە بارەی ئەمریكاوە ئەوەیە، بە بی هەبوونی هیچ ناوەندیكیش هیچ شتیك تییدا تووشی شیوان و ئالوزی نابیت. چونكوو هەندیكی كەش لە سەر ئەو بروایەن ئەمریكا وەكوو ماشینیكی تەكنۆلۆژیكی گەلیك ورد كار دەكات و لانكەی كارامەیی و سامان (نظام)ی ئەقلانی مودیرنە، كە

»ماکس ڤیبیر« ئەو هەمو جەختەی لە سەر دەکات. کەوابوو ئەمریکا یەك شتە بە دوو روالەتەوە. روالەتیکی سەرپاکی ئاژاوەیە، بە بێ هیچ ناوەندیکی راگیرکەر و روالەتەکەی دیکەشی ئەوپەری وردبوونەوە و کارامەییە. دەلیی وەکوو هەر شتیکی خەیالی و حەکایەتیانە، قاعیدەی باو لە بارەی ئەمریکاشەوە بە هەلەدا دەچێ. لە خۆرا نیە »ئی.ئیم. فۆرستیر« وتوویەتی ئەمریکا وەکوو خودی ژیان وایە، هەرکەس دەتوانێ هەرچییەك بیهەوی تییدا بدۆزیتەوە. بەلام ئوستوورەی شوینی بێناوەند و لە هەمان کاتدا کارامەش یەکیکە لە گرینگترینی ئەو ئوستوورانەی سەبارەت بە ئەمریکا سازکراوە و لە زەینی خەلکیشدا چەسپاوە. ئەوانەی سەبارەت بە ئەمریکا باسدەکەن، هەر جارەی جەخت لەسەر لایەنیك دەکەن. ئەمریکا لە روانینیکەوە لانکەی ئاژاوەیە، ئادگار (اخلاق)ی تیدا نییە و تاکی بێبەربەست لە ئازادی تەواودا بۆ هەر کوێ هەلکەویت دەروات. بەرەلایەك بە شەوێ دەبیتە میلیۆنەر و مندالیکی لە سەر ریگەدا فریدراو (جرالد فۆرد) دەبیتە سەرۆك کۆماری و میلیۆنەریك بە یەك شەو هەموو سامان و دارایی خۆی دەدۆرینی و خۆ دەکوژێ. لە ئەمریکادا نە کۆمەلگە هەیە و نە

بەندوباوی ئادگاری و »عورف«یش، کە کەسەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. بەڵام لە لایەکی‌دیکەوە ئەمریکا پێگەی وردبوونەوە و نەزم و تەکنۆلۆژیایە. ئەمریکاییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی کارامەیی و نەزم لە هەمو شوێنیکدا، کەلك تەنانەت لە چرکەکانیش وەردەگرن.

ئەوانەی تووشی ئەم ئوستوورە هاتوون چ کات نەیانتوانیوە هاوکیشەییەك لە نێوان پاژەکانی ئەم ئوستوورەدا دابمەزرینن. لەروانگەی تاقمیکەوە ئەمریکاییەکان کە دوای شەری جیهانی دووهەم بوونە میراتگرانی کۆلۆنیالیزم، بە ئاماژەی ئەنگوستیك رژیمەکان دەگۆرن، گەلالەی دریژماوە بۆ ولاتەکان دادەریژن و دەولەتان دەهینن و دبەن و دەزانن بە پیی سیناریۆکانی خۆیان لە هەرکاتیکدا چی بکەن. بەلام لە سونگەیەکی ترەوە تاکی ئەمریکایی مرۆڤیکی خۆهاندەرو ساکارە. نموونەی ئیجابی ئەم ساکاری و خۆهانەییە »هانری دەیوید سارۆ«یە. ئەو کەسەی وازی لە تەکنۆلوژیا و کۆمەلگەی مودیرن هیناوچوو بۆ »والدین« تا وەکوو تەنیا خۆی یۆتۆپیاکەی »ژان ژاك رۆسۆ« مسۆگەر بکات و دواتر گاندی و تۆلستۆی چوونە ژیر کاریگەری ئەمەوە. ئەگەر یەکیك لە بنەرەتەکانی سیاسەتی گاندی لە ئادگاری پیکەوە

گونجـــان و لیبوردنـــی ئـــایینی هیندووییـــــدا شـاردرابیتەوە، پییەکـەیتری ئـەوەتا لـە ئەندیشـــەی سارۆدا.

نموونەی ئاسایی و لەوانەیـە خۆشڕوالـەتی ئـەم ساکاری و خۆ هاندەرییە »فۆرست گامپ«ە، قارەمانی فیلمـی فۆرسـت گـامپ کـە جاریکیـان سـەرۆك کۆمـاری کاتی ئەمریکا لیی دەپرسێ لە شەری ڤیتنـامدا کویـی برینـــدار بـــووە؟، بـــە بـــەرچاوی دەولـــەتوانان و دووربینەکانـەوە پانتۆلەکـەی دادەکیشـیت و سمـتی خۆی پیشانیان ئەدا. هـەر بە پیـی ئـەم ساکاریەشـە لایـەنگرانی بیرۆکـەی پیـلان لـە سـەر ئـەو رایـەن کـە ئەمریکاییە ساویلکەکان یان دیلی دەستی ئینگلیزی فیلـەبازو ریـوی سـفەتن، یـان ورچـی دەسـت لۆتیـە زایۆنیستەکان.

لە لایەنیکیشەوە دەکرێ بوترێ ریژەی پیوەندی شارسـتانییەتی ئـەمریکایی لـە گـەل شارسـتانییەتی ئینگلـیزیدا وەکـــوو شارســـتانییەتی رۆمییـــە بـــۆ شارستانییەتی یۆنان. یەکیکیان بناغەداریژە و ئـەوی دیکەیان پەرە پیدەر. کەوابوو باشترە لە سەر بیروڕای ئـــەو ئینگلیزیانـــەی کـــە لـــەبارەی ئـــەمریکاوە قسـەگەلیکیان کـردووە هەلویستـەیەك بکـەین تـاوەکوو لە چۆنیەتی بەرفرە و بلاو بوونەوەی ئەو ئایدیانـە کـە

شارستانییەتیك لە شارستانییەتیكی دیكە وەریدەگرێ و لە هەمانكاتیشدا گۆرانكاری بە سەردا دەهینی، تیبگەین.

فەیلەسووف هاوچەرخی ئیمە »ژان بودریار« ئەمریكای ناوناوە»یوتوپیای مسوگەر«. بەلام دەكری لە وتەی ئینگلیزیەكانی سەدەی نوزدەوە سەبارەت بە ئەمریكا ئەوە تیبگەین كە ئەم یوتوپیا مسوگەرە دەشكری تا چ رادەیەك بی »نورم« بیت. یەكیك لەم ئینگلیزیانە »فرانسیس ترولوپ« دایكی »ئانتونی ترولوپ«ی روماننووسە كە هەندی رومانی سیاسی و دەروونناسانەی جوانی نووسیوە. خاتوو ترولوپ لە یاداشتەكانی خویدا پەنجەی لە سەر هەندی خالی سەرنجراكیش داناوە. بو وینە وتوویەتی سنووری نیوان هەریمی تاكەكەسی و هەریمی گشتی لە ئەمریكادا تیكشكاوە. لە ئەورووپای سەردەمی ویكتوریادا پاراستنی ئەم سنوورە لە دوو لایەنەوە گرینگی پیدەدرا، یەكەمیان لە لایەنی ئادگاری پاكیزەخوازی ئەو خولەو ئەویدیكەیان لە لایەنی لیبرالیسمی سیاسییەوە بوو. لەو سەردەمەدا پیاوان خاوەنی هەریمی گشتی بوون. دەبوایە پیاوان لەو هەریمەدا كار و چالاكی و قسەوباس بكەن. بەلام هەریمی تاكەكەسی جیی ژیانی تاكەكەسیانە بوو.

واتـە پیوەنـدی تاکەکەسـی نیـوان ژن و پیـاو، کـە نەدەبوا ئاشـکرابیت و هـەروەها پـەروەردەی منـداڵان وچوون بو شانو و هتد...

خـاتوو ترولـوپ پییوایـە ئەمریکاییـەکان ئـەم سنوورەیان بەزاندووە و ژیـانی تاکەکەسـی خویـان لـە بەر چاوی هەمواندا دەژیـن. بـو تیگەشـتن لـە وتـەکانی خاتوو ترولوپ دەبی ئەوەمان لە بیر بیـت کـە لـە پـاش ئەو وەختەوە چ رادەیەك توانا و کات بو رووتبوونـەوە و لە بەر چاوی هەمواندا ژیان تەرخانکراوە.

هـەندی لـە لیبرالـەکان و کەسـانیکی وەکـوو »مـارکس«یـش ئـەم شـتەیان لا پەسـەندبوو، بـەڵام هـەندیکیتر بەتـەواوی چ لـە بـواری ئادگـاری و چ لـە بواری سیاسییەوە دژی ئەم شتە بوون. بو وینە »هانا ئـارینت« کـەدەکری وەکـوو لیـبرالیکی بـە خـووی ئەشرافییەوە ناویببەین، وتوویەتی:»هەندی بە هەلـە واتیگەیشتوون، دیموکراسی مانای ئەنجامدانی کارە تایبـەتی و تاکەکەسـیەکانە لەبـەر چـاوی هـەمواندا«. ئەو ئەمشتە وەکوو هەرەسهینان و بە چەواشـەکردنی دیموکراسـی دەزانـی، چونکـوو بـەپیی بوچوونـی ئـەو، دیموکراسی بریتییە لە بەشداریکردنی هاوشاریان لـە چارەنووسـی خویـاندا، بـە پاراسـتنی مـەودای نیـوان ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی (خصوصی).

به هەر چەشنێك جارێ واز لە باسی تیۆریك دینین، بەڵام بینینی خاتوترۆلۆپ سەبارەت بە ئەمریکا هەڵگری خالیكی سەرنج راكیشه، ئەو دەڵێ ئەمریكاییەكان ژیانی تایبەتییان نییە و بۆ وینە ئاماژە بە پیوەندی نیوان ژن و پیاوی ئەمریكایی دەدات و دەڵێ: »ژنانی ئەمریكایی وەكو ژنانی ئاسایی نین، بەلكوو سەربەست و چەرداوەروون. بەشداری باسی سیاسی دەكەن و زۆر حەز بە كاری نیومال ناكەن و لەژیانی جەماوەریدا چالاكن. پیاوانی ئەمریكاییش وەكوو پیاوانی ئاسایی نین، ئاكاری ئەوان بەرانبەر بە ژنەكانیان وەكوو پیاوانی شوینەكانیتر نییە. ئەوان ژنەكانیان سەربەست دەهیلنەوە. لە سەر میزی نان خواردنیانا باسی سیاسی دادەگیرسێ«، كە لە روانینی خاتوو ترۆلۆپەوە شتیكی خراپە، چونكوو لە سەر میزی نان خواردندا دەبێ تەنیا سەبارەت بە بابەتە تایبەتییەكانی ژیان باس بكریت. بە بۆچوونی خاتوو ترۆلۆپ كارەكەرانی ئەمریكاییش بە جۆریكیترن، ئەوان لە روانگەیەكی تەواو پسپۆرانەوە سەیری كارەكەی خۆیان دەكەن. ئەمەگداری كارەكەرانی ئینگلیزی لە لای ئەوان بەرچاو ناكەویت و تەنانەت ئەوان باسی كەسایەتی خۆشیان دەكەن.

خـاتووترۆلۆپ دەلـێ:»بـە گشـتی ئـەم هـەموو دەربرینی تاکیتیە لای ئەمریکاییەکان ئازاری دەدات«. دەربریـنی تـاکیتی لای ئەمریکاییـەکان وەهـا خـاتوو ترۆلۆپـی لایـەنگری دەمارگرژی لیبرالیزم دەرەنجێنـێ کـە سـەرەرای دژایـەتی تیۆریکـی لەگـەل کۆیلـەداریدا دەگاتـە ئـەو بـروای کـە کۆیلـەکانی ئـەمریکا گـەلێك بـە ئـەدەب و چاکترن لـە کارەکـەرانی ئـەمریکایی (خـاتوو ترۆلـۆپ بـەر لـەلاچوونی کۆیلـەداری چووبـووە ئەمریکا). بە بۆچوونی لیبرالی ئینگلیزی ویکتۆریایی ئاکـاری کۆیلـەکان لـە ئاکـاری کارەکـەران چاکـترە، چونکـوو کارەکـەران سەربەسـت و خـاوەن تـاکیتین. خـاتووترۆلۆپ باسـی تیداچوونـی جیاوازییـەکی دیکەش دەکات کەهەمدیس زۆر جیی سەرنجی پاش مودیرنەکان بووە. ئەو ئەلێ:»ئەمریکاییەکان جیاوازی نیوان کۆمەلگە و سروشت ناناسن، واتـە سروشت لـە ئەمریکادا کیوییەو ئـەم کیـوی بوونـە کـاری کردۆتـە سەر سروشتی ئینسانەکانیش، ئەمریکاییەکان وەکوو ئینگلیزییەکان کەوی و پـەروەردەکراو نین«. بـۆ وینـە لـە ئینگلیزدا پـاش تـەواو بونـی شـانۆ خـەلك یـان لـە شەقامدا دەمیننەوە یان دەچن بۆ پاب[١] و پیکەوە قسە دەکـەن. بـەلام لـە ئـەمریکادا هـەر لەگـەل تـەواو بوونـی

[١] ـ شوینی جەماوەری و گشتی.

شانۆ خەلك بەرەو مالەوە دەردەچن و شەقام بۆ تاریكی و تۆقین بەجیدیلن و شەقام لە چاو ترووكانیكدا دەبیتە جەنگەلیك، كپ و خۆف هینەر.

خالیكیتری قسەكانی خاتووترۆلۆپ سەبارەت بە ئەمریكاییەكان ئەمەیە كە ئەوان لەسەر بنەمای ئایدیا دەجوولنەوە، ئاكاریان لەسەر بنەمای عورف نییە، ئاكاری عورفی بەگشتی لە پیشدا دیاری كراوە، كەچی ئاكاری دامەزراو لەسەر بنەمای ئایدیا پیشبینی ناكریت.

كورەكەی خاتووترۆلۆپ واتە »ئانتۆنی ترۆلۆپ«یش وتەی سەیری سەبارەت بە ئەمریكا هەیە. ئەو كە خۆی رۆماننووسیكی سەر بە كۆمەلگەی ویكتۆریایی واتە كۆمەلگەی زنجیرەپلەیی هاوریی لە گەل دابونەریتو نورم و كەسایەتی جیاوازە، دەلیٚ: »لە بارەی ئەمریكاوە رۆمان نانووسریت،چون لە ئەمریكادا كاراكتیر نییە«. مەبەستی ئەوەیە كە بلیت لەویدا پیگەی مرۆڤ دیار نییە، نە شوینی ئەشراف دیارە و نە شوینی بورژواكان و نە جیگەی وردە بورژواكان و نە هیچ كەسیكی دیكە. لە ئاكامدا شتیكی نەگۆر لە ئارادا نییە كە بكریٚ لە بارەیەوە بنووسریت، لە ئەمریكادا هەموو شتیك بزۆزە و ئەوەشمان بیردەخاتەوە كە دەلیی ئەمریكاییەكان لە

هەنووکەدا ناژین بەلکوو لە ئایندەدا دەژین، هەر بۆیەش ژیانی ئیستاکەی ئەوان ژیانیکی بێبیچمە. (لە بیری نەکەین «گیۆرگ زیمل» گرینگترین تایبەتمەندی کەلتووری مودیرن بە بێبیچمبوون دەزانیت و پراگماتیزمی ئەمریکایی وەکوو گەورەترین دەرکەوتنی فەلسەفی ئەم بێبیچمییە وینا دەکات[١]).

ئانتۆنی ترۆلۆپ دەلێ:«لە ئەورووپادا شارەکان بە ئارامی و بە پیی رەوتیکی ئارام گەشەدەکەن، کەچی لە ئەمریکادا لە چاوترووکانیکدا شاریك قوت دەبیتەوە». بە بۆچوونی ئەو ئەمریکایی زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە ئاشقی پارەن، بەلام بە هیچ شیوەیەکیش گرینگی نادەنە ئەو داراییەی کە هەیانەو بێ هیچ دەستپیوەگرتنیك خەرجی دەکەن. ئەگەر ئەم پەندە ئەشرافخووە ئینگلیزیە بینینەوە بیر کە «کەسی رەسەن و خاوەن رەچەلەك لە ماوەی ژیانیدا هیچ شتیك ناکریت»، دەتوانین تیبگەین ئەمریکایی لە بۆچوونی ئانتۆنیترۆلۆپەوە تا چ رادەیەك خاوەن خووی ئەشرافی نین.

خالیکی گرینگی دیکەی سەرنجەکانی ترۆلۆپ لە بارەی ئەمریکاوە ئەوەیە کە لە ئەورووپا

---

[١] ـ بروانن بۆ وتاری زیمل بە ناوی: لیکدژیەکانی کەلتووری مودیرن، لە ئۆرغەنوونی ژمارە ١٨ دا.

پیشەسازی بە گەشەی خۆی هەموو ئوستوورە ئەورووپییەكانی لەنیو برد، بەڵام لە ئەمریكا هەر خودی پیشەسازی بووە بە ئوستوورەیەك و ئوستوورەی دیكەی تایبەتی خۆی بەدیهیناوە. پیشەساز و بازرگان لای ئەمریكی كەسانیكی وەكوو »یوولیسیس«ی سەردەمی كۆن و »شوالییە«كانی سەدەكانی نیوەراستە، (بگەرینەوە بۆ فیلمی »جوانە ژن« بە دەورگیرانی ریچاردگر و جوولیارابیرتز).

ئەم فیلمە بەسەرهاتی رووبەرووبوونەوەی بازرگانیكی سەركەوتوو و سۆزانییەكی سەر شەقامە. بازرگانەكە بەهۆی رق لە باوكی خۆی ئەو كارخانە مەزنانەی كە تووشی تەنگژی مالی هاتوون دەكریت و پارچەپارچە دەیانفرۆشیتەوە و قازانجیكی زۆری دەستدەكەویت. ئەو لە دریژەی یەكیك لە مەعامەلەكانیدا لە گەل سۆزانییەكی سەر شەقام یەك دەناسن، لە كاتیكدا كە خەریكی كرینی كارخانەی كەشتیسازیی پیشەسازیكی پیرە كە هەموو ژیانی خۆی بۆ دروستكردنی ئەو كارخانە گەورەیە تەرخان كردووە و ئیستەش تووشی كیشەی دراوی مالی هاتووە. بازرگان سۆزانییەكە دەبات بۆ شوینی دانیشتنی خۆی لەو ئوتیلە رازاوەی كە پیشتر سۆزانیەكە بە پارە پیشانیداوە و لەویدا

پەیماننامەیەکی وردی لەگەڵ دەبەستیت، لە سەر ئەوەی کە سۆزانییەکە لە ماوەی یەك حەوتووی مەعامەلەکەدا لە خزمەتیدا بیت. لە دریژەی بەستنی پەیماننامەکەدا بازرگان و سۆزانی لە سەر ئەوە ریکدەکەون کە لە سەر پارە هیچ گالتەجارییەك لە نیوانیاندا نەبێ و بەم لایەنەوە ریك وەکوو یەکن. رەوتی کرینی کارخانە و پیوەندی بازرگان و سۆزانی بە شیوەیەکی هاوئاسۆ پیکەوە وەپیشدەچن. لە لایەکەوە پیشەساز و نەوەکەی پیویستیان بە یارمەتی بازرگانەکەیە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ پیشەکەیان گەشە پیبدەن، بەڵام بازرگان و بە تایبەت پاریزەرە تەماکارەکەی دەیانەوێ پیرەمیردی پیشەساز رووت کەنەوە و هەموو کارخانەکەی لە چنگ دەربهینن. لە لایەکی دیکەوە پیوەندی بازرگان و سۆزانی دەبیتە جۆریك لە دەروونشیکاری دوولایەنە، بە پارەی بازرگانەکە سۆزانی دەبیتە ژنیکی جوان و تەنانەت هەلکەوتووش، بەرگی گرانبەها قرتی و سووکبوونەکەی دەکاتە ئاکاریکی دلرفین و تەنانەت سەنگینیش. لە دریژەی هەر ئەم دەروونشیکارییە دوولایەنەدایە کە بازرگان باسی رقی خۆی لە باوکی و ترس لە هەلدران لە بەرزاییەوە (بە هەموو نهینییەکانی نیویەوە) دەکات. ئەو بەجەخت پارە بە

دەستدەهینی و زۆر دەست بڵاوانە خەرجیدەکات. سۆزانیش باسی خەونەکەی سەردەمی منداڵی خۆی دەکات (دیویك ئەوی لە قەڵایەکدا بەستووەتەوە و شاسواریك بە ئەسپیکی سپی و شمشیریکی دریژەوە رزگاریدەکات). لە نیوەراستی چیرۆکەکەدا بازرگان سۆزانییەکە بۆ پیشبرکیی »چەوگان« دەبات و وەکوو دۆستی زۆر باشی خۆی دەیناسینی. لە دریژەی وتوویژەکاندا نەوەی پیشەسازی پیر کە بەلاوەتر لە میوانییەکدا سۆزانییەکەی لەگەل بازرگاندا دیوە و بە هاوریی بازرگان تییگەیوە قسەی لەگەل دەکات، پاریزەرە تەماکارەکەش بەم گومانەوە کە سۆزانی سیخۆری لایەنەکەی ترەو قسەکانی بازرگان دەباتەوە بۆ پیشەسازی پیر و نەوەکەی، داوا لە بازرگانەکە دەکات کە واز لە هاورییەتی سۆزانییەکە بینیت. بازرگان پیی دەلیت ئەم ژنە نە هاورییەتی و نە سیخۆر، بەلکوو بە تەنیا سۆزانییەکەو لە سەر شەقامیکدا فراندوویەتی، پاریزەر دەچی بۆ لای سۆزانییەکە و قسەکانی بازرگانی بۆ دەگیریتەوە و داوای لیدەکات پیکەوە بخەون. ژن، کە بەم قسە دەشلەژی پاش هاتنەوە لە پیشبرکی لە ئوتیلەکەدا رەنجانی قوولی خۆی بەرامبەر بە بازرگان دەردەبری و لیی دەپرسی کە ئەگەر بریار وابووە ئەو لە هەموو

جیگەیەك هاواری ئەوە بكات كە ئەم ژنە سۆزانییە، ئیدی بۆچی بەرگەكانی ئەوی گۆریوە و لە قالبی سۆزانیتی هیناویەتە دەر، ئەو لەو بەرگ و ئیشەدا دەیزانی بەرانبەر دیتران چۆن ئاكاریك بنوینێ و تووشی شەرم و سەر سامی نەدەبوو، بەلاّم ئیستە تاكیتی ئەو دەستی تیوەردراوە. بازرگان بە ئاكاریكی سەروەرانەوە پەیماننامەكە دینیتەوە بیری ژنە و داوای پاراستنی پەیماننامەكەی لیدەكات، بەلاّم ژنە بریار ئەدا بروات و بێ ئەوەی پارەی بازرگان وەربگرێ دەروات. بازرگان لە ئاسانەی درگای ئاسانسۆرەكەدا داوای لیبوردنی لیدەكات و هۆی ئاكارە ناپەسەندەكەی خۆی بە وتوویژی ژنە لە گەل نەوەی پیشەسازە پیرەكە ناو دەبات و ژنە وریا دەكاتەوە. ژنە پیمل دەبێ و دەمینیتەوە. ئەوەی بەدوای ئەم رووداوەدا دیت قوولتربوونەوەی پیوەندییەكەیانە، نیشانەی ئەم قوولتربوونەوەش چوونی ئەوانە بۆئۆپیرا. لە دریژەی سەیركردنی ئۆپیرادا پیاوەكە پەی بە شوهوودی ژنە بەرانبەر بە هونەر دەبات (بازرگان خۆی پیانیستیكی شارەزایە). لە كاتی گەرانەوەدا ژنە بە بازرگان پیشنیار دەكات سبەینێ دەست لە كار رابگرێ و پیكەوە بچنە سەیران، بازرگان سەرەتا لەوەی كە دەبیت رۆژیك كار

نەکات تووشی سەرسوورمان دەبیت بەڵام قەبوولی دەکـات. پاشـان »شـات«[1] یکـی کـورت لـە بورجـە دووانـەکان پیشـان دەدرێ (کـە زۆر وەك بورجـە دووانـەکانی دامـەزراوی بازرگـانی جیـهانی دەچـن). فیلمسـازانی وڵاتـانی دیکـە رەنگـە یـەکگرتوویی مرۆڤیـان بـە هیماگـەلی جیـاوازتر و رۆمانسـیتر (دوو بـالندە، دوو گـول) نیشـاندەدا، بـەڵام وادیـارە بـە بۆچوونـی ئەمریکاییـەکان بورجـە دووانـەکان چاکـتر دەتوانـن هاورییـەتی و یەکایـەتی سـۆزی و تەنانـەت جەسـتەییانە پیشـان بـدەن[2] (ئـەوان یەکسـانن، تـا رادەیـەك لـە یـەکتر سـەربەخۆن، بـەڵام لـە پـال یەکیشدان).

بـە هـەر چەشـنە لـە ژێـر کاریگـەری ژنـەدا، ئەوکاتەی پیشەسازە پیرەکە پیمل دەبی کارخانەکەی بفرۆشیت، بازرگان پیشنیاری شەریکایەتی پیدەدات

---

[1] ـ زاراوەیەکی سینەماییە بەمانای وینە یان نما.

[1] ــ پـاش رووداوەکـانی یـازدەی سـپتەمبر، چـەندین فیلمـی پیشاننەدراو هەبوون کە هەموویان چەند شاتیکیان لە بورجـە دووانـەکان تیـدا بـوو و هـەر ئـەم شـاتانەش بوونـە هـۆی درووستبوونی هەندی باس کە ئاخۆ دەبی ئەم دیمەنانە دووبارە پیشان بدرینەوە یان لا ببرین، ئەوانەی پییـان وابـوو کـە دەبـی لاببری لەسەر ئەو بروایەن کە پیشاندانی ئەم بورجانە هەستی خەلك بریندار دەکات.

و بریار دەدریت کە ئیدی ئەوان بە پارەی بازرگان و ئەزموونی پیرەمیردەکە دەست بدەنە دروستکردنی کەشتی.(بازرگان وازی لە رووخاندن هیناوە). کە حەوتووی پەیماننامەی بازرگان و ژنەش کۆتایی دیت، بازرگان پیشنیار دەکات ژنە وەکوو »مەعشووقە«ی بمینیتەوە، کەچی ژنە رازی نابیت، کە بازرگان لیی دەپرسیت پیشنیاری ئەو چییە؟ لە وڵامدا دەڵێ:»هاتنەوەی خەونەکەی مندالی«. بازرگان دردۆنگە و ژنە دەروات و بەئاومالەکەی خۆی کە ئەویش سۆزانییە رادەگەیەنیت کە ئیدی دەیەویت واز لە سۆزانیگەری بینیت و دریژە بە خویندن بدات. بۆ سبەینێ بازرگان کە بریارەبگەریتەوە بۆ نیۆیۆرك، قەراری خۆی دەدات و گول دەکرێ، سواری لیمۆزینە سپییەکەی دەبیت (ئەسپی سپی)، چەترکەی هەلدەبرێ (شمشیر)و لە ریگەی پلیکانی ئاگرکوژینییەوە کە ئاسنی و نیشاندەری بەرزاییە (زالبوون بەسەر ترس لە بەرزاییدا) دەچێ بۆ سەردانی ژنەکەو داوای لیدەکات شووی پیبکات.

ئەگەر ئەم فیلمە لە گەل فیلمیکی دیکەدا کە ناوی »لیدی ئیل«ە بەراورد بکەین، هەندێ لەو خالانەی کە ئاماژەمان پیدا یان ئاماژەیان پیدەدەین زیاتر روون دەبنەوە. فیلمی لیدی ئیل کە »سووفیا

لۆرین، پۆل نیوومەن، دەیڤیدنیوومەن« دەوری تیدا دەگیرن وەرگرتنیکـی رۆمـانی بـە ناوبـانگی »رۆمـەن گـاری«یـە. رۆمـان و فیلمـی لیـدی ئیـل ئـەورووپایین و پیشـاندەرەوەی رۆحییـەتی ئـەورووپایی. فیلمەکـە بـە شـیوەی »فـلاش بـەك« دروسـتكراوە. لـە سـەرەتای فیلمەکـەدا سـووفیالۆرین کـە یەکیکـە لـە ئەشـراف و تاقانـە و نـاوەندی یـەکیك لـە بنەمالـە گـەورەکانی ئەشرافی ئینگلیز، خەریکە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ دەمراستی بنەماڵەکە دەگیریتەوە. کەوا بوو ئیمە بەم تەکنیکە دەگەرپینەوە بۆ سەرەتای رووداوەکان.

سووفیالۆرین سۆزانییەکە کە دۆستی تایبـەتی ئـــەو پـــۆل نیوومـــەن، لـــە دەســـتەی هـــەمان ئانارشیستەکانی سـەدەی نۆزدەیـە کـە هـەر چەشـنە ئادگاریکی بورژواییانەیان بەرپەرچ دەدایەوە و هەموو شتیکی خۆیان بۆ تەقاندنەوە و تیرۆر کردن تەرخان کردبوو. »باکونین«[٣] وتبووی لە نیو زانستەکاندا تەنیا کیمیـا بـە کـەلك دیـت و هیچیتـر، چونکـوو دەکـری بۆمبـای پـی دروسـتبکریت. پـۆل نیوومـەن بـۆ تەقاندنەوە و تیرۆر هەموو شتیك و هـەموو کەسـیك تەنانـەت هـاوریی سۆزانییەکەشـی بـەکاردەهینی. دەیڤیدنیوومەنیش ئەشرافیکی ئینگلیزییە، کە چاوی

---

[١] ـ یەکیك لە ئانارشیستە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە.

بــە ســووفیا لۆریــن دەکــەویت، خۆشــیدەویت و هــەولدەدات بــە هــەموو چەشــنە فیلیکــی ئەشــرافیانە وەکوو کرینی زیر و بەرگی گران وازی لــەو چەشــنە ژیانە پی بینیت، بەلأم ئانارشیستەکە، کە زۆر لە بیری بەرامبــەریتی کــردن لــە گــەل ئەشــرافزادەکەدا نییــە، زیرەکان لــە ژنەکــە وەردەگــریّ و کەرەســەی تــیرور و تەقاندنەوەی دیکەی پیدابین دەکات. ئەشرافزادە، کە بەمە دەزانیت ریك هەر هەمان زیر و خشل دەکریت و دەیداتەوە بە ژنەکە، ئەم پیوەندییە هاو ئاسۆ بەرەو پیشەوە دەچیّ تا وەکــوو ژنــە شــوو بــە ئەشــرافزادە دەکات. لە بۆنەیەکی جیژنــدا ئانارشیســتەکە لەگــەل هاوریکانیدا دەگەریتەوە و میوانەکان کە هەموو زیر و خشلیکی زۆریان پیوەیە، رووت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانــیّ تــیرۆر و تەقینــەوەی دیکــەی پــیّ ســازبکات، لەکاتی رۆشتنیشدا پیشنیار دەداتە ژنە کە لەگەلیدا بروات. لیرە بە دواوە لە نیــوان چــیرۆك و فیلمەکــەدا جیاوازییــەك هەیــە کــە لــە چیرۆکەکــەدا ژنەکــە وەکــوو »ئیمیلی«ی ڤیلیام فاکنەر (لە چیرۆکی گولیسوور بۆ ئیمیلی) پیاوەکە لە سندووقیکی گەورەدا دبەستیتەوە و دەیکوژیّ، بەلأم لە فیلمەکەدا، ئانارشیستەکە وەکوو شــۆفیری تایبــەتی ژنەکــە دەمینیتــەوە، بــەلأم لــە فیلمەکــەو لــە چیرۆکەکەشــدا (رۆمــانی لیــدی ئیــل

مەبەستە. و. ك) ژنەكە دان بەوەدا دەنێت كە ئەشرافەكە نەزۆك بووە و كور و كچەكانی ئەم و تەنانەت نەوەكانیشی لە پشتی ئانارشیستەكەن، بیسەری ئەم دانپیانانە هەمان دەمراستە، كە ئیمەی خوێنەری چیرۆكەكە یان بینەری فیلمەكەش جیبروایەكی دیكەین. رۆمەن گاری لەم چیرۆكەدا كە تا رادەیەكیش كومیكە، ئەورووپایەكی بەرە و لێك ترازان و هەلوەشانەوە وێنە دەكیشێت، كە ئەشرافەكەی توانای بەدیهێنانیان نەماوە و نزۆكن و هێزە چەپ خوازەكانی بێ میشكن و خەریكی رووخاندن و چینی مامناوەندیش واتە ژنەكە لە نێو ئەم دووانە دۆشداماوە. تەنیا بەدرۆ و ریاكاری و شاردنەوەی رابوردووی شەرماوی خۆی هەندێ شت دەپارێزێ. كەچی لە فیلمی »جوانە ژن«دا ئەم جۆرە پێنەكردنانە بەر چاو ناكەوێت. هەر لە سەرەتای فیلمەكەوە سۆزانییەكە دەناسین و ئەویش هیچ شتێك ناشاریتەوە، نە كەسبەكەی و نە هۆگری خۆشی بۆ پارە و زرق و برق.

ئەگەر لە نیوەراستەكانی فیلمەكەشدا ژنە بەرانبەر پیاوەكە دەنگ هەلدەبرێ، لە بەر ئەوە نییە كەبۆچی سۆزانی بوونی ئەوی ئاشكرا كردووە، بەلكوو لە بەر ئەوەیە كەبۆچی نەیهیشتووە وەكوو

خۆی (سۆزانی) بمینیتەوە، چونکوو ئەو سۆزانی بوونی خۆی ناشاریتەوە. لیرەدا ژنەکە لە دەربرینی تاکیتی خۆی و بەرنگاری لیکردنیدا دوودل نابیت و بەرەنگارییان لی دەکات. بەلام لە رۆمان و فیلمی لیدی ئیلدا ژنەکە وەکوو بووکە شووشەیەکە، کە بەردەوام لە نیوان ئەشرافزادە و ئانارشیستدا ئال و گۆری پیدەکریت، بێ ئەوەی توورە بیت یان دەنگ هەلبریت. هەموو شتیك دەشاریتەوە و تەنیا بە هۆی شاردنەوەشەوەیە دەتوانێ سەری خۆی بەرز رابگریت. لە ئاکاری ئەم دوو ژنەوە کە کارەکەشیان وەکوو یەکە، دەتوانین لە ئاشکرابیژی ئەمریکی و نهینکاری شتەکان لەلای ئەورووپاییەکان تیبگەین. لە فیلمی جوانەژندا پیاوەکە تیکەلیکە لە دووکەسایەتییەکەی رۆمانی لیدی ئیل، پیاوەکە هەم دەولەمەندە هەم دەشزانی چۆن لە کاتی کرینی لیباس و شتومەکدا بۆخەلەتاندنی ژنان پارە بەکار بهینێ و بەچەشنیك ئانارشیست و رووخینەریشە، چونکوو کارخانەی تیکشکاو دەکرێ و دوای پارچەپارچە کردن دەیفرۆشیتەوە. بەلام لە کۆتاییدا، ئەو کاتەی دەچیتە ژیر کاریگەری ژنەکەوە و لە ژیر کاریگەری پاریزەرەکە دیتە دەرەوە، واز لە رووخاندن دەهینێ. بەلام لە لیدی ئیلدا ژنەکە کاریگەری لەسەر

هیچ كەسیك دانانیت، ئەوە هیچ گۆرانیك لە دوو پیاوەكەدا دروستناكات، یەكیكیان ئەشرافزادەكەیە، كە لە كۆتاییشدا هیچ جیاوازییەكی لەگەل سەرەتادا نییە و ئەوی دیكەیان كە ئانارشیستەكە بیت، بە دەستی ژنەكە دەچیت، بەلام هاندەرەكانی ئەم كوشتنە لەگەل هاندەرەكانی ئیمیلی لە چیرۆكەكەی فاكنەردا جیاوازە. ئیمیلی پیاوەكە بە هۆی لەخۆبایی بوون و مولكایەتی ئەشقییەوە دەكوژیت. لە كاتیكدا كە لە لیدی ئیلدا هۆی كوشتنەكە دیار نییە و رەنگە لە بەر كۆتایی هینان بە رووداوەكەو ترس لە ئاشكرا بوونیان بیت، ئانارشیستەكە لەفیلمەكەدا لە حالەتی بەرچاو و ئاشكرا، شۆفیری ژنەكە و لە ژیرەوە »فاسق«ی ژنەكەیە، بۆ ئەوەی گۆرانكارییەكی بەسەردا بیت.

لە كۆتایی فیلمەكەدا ئانارشیستە بە شیوەیەكی زۆر وەحشیانە ماشین لیدەخوریت، واتە ئانارشیزمەكەی تائاستی گوێ نەدان بە یاسای شۆفیری و ماشین لیخورین دابەزیوە. لە لیدی ئیلدا قارەمانەكان بەگشتی خاوەن تاكیتی نین، كەچی لە جوانە ژندا هەركەسەو تاكیتی خۆی هەیە، كاتیكیش كە ململانییەك دەركەویت، بێ پەروا تاكیتی خۆیان دەردەبرن. لە كۆتایی فیلمی جوانە ژندا ئەو كاتەی

پیاوەکــە پیشــنیار بــە ژنــە دەدات کــە وەکــوو مەعشـووقە لەگـەلیدا بمینیتـەوە، ژنـە بـە جەختـەوە رەتـی دەکاتـەوە و کاتیك لـە ژنـە دەپرسیت دەیـەویت ئـەم چـی بـۆ بکـات؟ ژنـە باسـی هینانـەوەی خـەونی منداڵـی دەکـات، لـە کـاتیکدا سـوور دەزانـی هـەموو دۆستان و کارمەندانی پیاوەکە ئاگایان لە رابوردووی ئەو هەیە.

پـارەش کـە بـە وتـەی »گیـۆرگ زیمـل« یەکیکـە لـە بابەتـە گرینگـەکانی مودیرنیـتی . دواتـر دیمـەوە سـەر ئەم باسە ـ لەم دوو فیلمـەدا بە دوو شـیوەی جیـاواز دەردەکـەویت، ئەگـەر چـی لـە هـەر دوو فیلمەکەشـدا دەوریکـــی گرینـــگ دەبینیـــت. لـــە لیـــدی ئیلـــدا ئەشرافزادەکە پارەی هەیە و بەڵام لە ژیر سـەدان هـات و هووتـی ئەشـرافیانەدا بـە کـاری دەهینـی، چمـا پـارە هیـــچ بایـــەخیکی لای ئـــەو نییـــە. ژنەکـــە و ئانارشیســتەکەش بــە دوای پــارەوەن، ژنەکــە ورووکاسـە و نازانـیّ چـی لـە پـارە بکـات و ئانارشیسـتیش بـەدوای دابینکردنـی پارەوەیـە بـۆ ئـەوەی تـیرۆر و تەقاندنەوە دروستبکات، بەڵام بە هیچیشی ناگریت.

لە کاتیکدا کە لە جوانە ژندا هەر دوو لایەنەکە بە دوای پـارەوەن و لـە گرینگایەتیشـی تیگەیشـتوون و تیکـرای فیلـم ئەفسـانەکەی خـۆی لـە سـەربنەمای پـارە

دەگــــەرینیت و نایشـــاریتەوە. پیـــاو و ژنەكـــــە هـەردووكیان لەسـەر پـارە دەنگیـان دیـت و لـە سـەری دەرۆن، لــەم فیلمــەدا ســێجار پــارە لــە نیــوان ژن و پیاوەكەدا ئال و گۆر دەكریت. جاریكیان لە سەرەتای فیلمەكـەدا كـە ژنـە پـارە لـە پیاوەكـە وەردەگـرێ بـۆ ئەوەی ریگەی ئوتیلی پێ نیشـان بـدات و لیرەدایەكە دەلـێ مـن لـە بابـەتی پـارەوە لەگـەل هیـچ كسیك گالتـە ناكەم،پیاوەكەش پیی دەلێ كە ئەویش هـەر وەهایـە. دووهـەم جـار ئـەو كاتەیـە كـە لـە یـاریی چـەوگان گەراونەتـەوە و ژنـە گلـەیی ئـەوە لـە پیـاوە دەكـا كـە بۆچـی تـاكیتی ئــەوی لیــی ســەندۆتەوە، پیاوەكــە هۆیەكـــەی دەلـــی و داوای لی دەكـــات كەلــــە لای بمینیتـەوە، بـەلاّم ژنـە رازی نـابیت و داوای پارەكـەی خۆی لیدەكات بۆ ئـەوەی بـروات، پیاوەكە پارەكە لـە كیفەكـەی دەردینـی و دەیخاتـە سـەر چرپاكـە، كـەچی ژنـە هـەلیناگریت و دەروات. لـیرەدا شـاتیكی كـورت هەیە كە تییدا پیاوەكە لادەكاتـەوە و سـەیری چرپاكە دەكـات و دووربـین لـە سـەر پارەكـە زووم دەبیـت، پیاوەكـە تیدەگـات كـە لـە راسـتیدا ژنەكـە دەیـەوێ بمینیتەوە، بەلاّم رەنجاوە، دەچیت و لە بەر دەرگـای ئاسانســـۆردا داوای لیبوردنـــی لیدەكـــات، ژنـــە دەگەریتەوە، ئەگەر ژنە پارەكەی هەلگرتبا و رۆشتبا،

پیاوەکە لای حەتم بوو کە ئیدی نایەتەوە. جەخت کردنی دووربین لە سەر پارەکە مانای ئەوەیە کە هیشتا پەیماننامەکە کۆتایی نەهاتووە و لە بەر ئەمەشە پیاوەکە بۆ گەراندنەوەی ژنەکە دەچێت. سیهەم لە چرکەکانی کۆتایی و لە دوایین شەودا، ئال و گۆر کردنی پارە دەبینین، واتە ئەو کاتە کە پیاوەکە لە بەدیهینانەوەی خەونی ژنە و داواکارییەکەیدا دوو دلە و ژنەکەش لە بەر کۆتایی هاتنی بریارەکەیان دەبێ بروات، پیاوەکە لیرەدا پارەی ژنەکە بە بێ نوقسان و کەمی دەداتە دەستی، ئەویش سەرەرای هەموو خۆشەویستییەکەی پارەکە وەردەگرێ و سوپاسی دەکات.

لە فیلمی جوانەژندا پارە رزگاریدەرە و دەتوانێ سۆزانییەك بکاتە ئافرەتیکی سەلارە و پیشەسازیکی پیری بەرەو تیکشکانی مالی، بکاتە گەنجیکی لە سەودای سازکردنی کەشتی گەورەدا.

جوانەژن سەبارەت بە پارە درۆ ناکات، پارە بایەخی شمشیری شوالیەکانی قەدیمی هەیە و خەونی ئەمریکاییش بە بێ پارە بێ مانایە. لە کۆتایی فیلمەکەدا ئەوکاتەی پیاوەکە دەچێ بۆلای ژنە تاکوو خوازبینی لیبکات، دووربینەکە دەگەریت و رەش پیستیك پیشان دەدات کەلەکاتی تیپەرین لە

شەقامەکەدا لە بەر خۆیەوە بە ورتەورت دەلێت: »ئێرە هالیوودە، وڵاتی خەونەکان، هەندێ خەون دێنە دی و هەندیکی دیکە نا، بەڵام واز لە خەون بینین مەهێنن«. لیدی ئیل هەموو شتێك دەشاریتەوە و جوانەژن هەموو شتێك بەراشکاوییەوە دەلێت.

ئێستە پاش ئەم درێژە دادرییە دەگەڕێمەوە بۆلای روایەتەکەی پێشتری خۆم، واتا بۆ چوونی رومانووسانی سەردەمی ویکتۆر یا سەبارەت بە ئەمریکا. کەسیکیتر کە بۆ چوونەکانی لە بارەی ئەمریکاوە دەگێرمەوە »چارلز دیکینز«ی بە ناو بانگە، رومانووسی خۆشەویستی ئەمریکاییەکان، (دەیگێرنەوەچونکوو هەندێ لە رۆمانەکانی دیکینز لە گۆڤارەکاندا لە چاپ دەدرا، زۆر یەك لە ئەمریکاییەکان بەچەندین سەعات لەنیۆیۆرك چاوەریی گەیشتنی کەشتی هەلگری گۆڤارەکان دەبوون). دیکینز دووجاران چووە ئەمریکا و کەچی هیچ پێی خۆش نەبوو. زەینی دیکینز لەبابەت سەرنجدانی ریکخراوە (نهاد)وە زۆر لە زەینی »میشیل فۆکۆ« دەکات، ئەو بەوەسواسەوە کەوتە ئەوگومانەی کە ریکخراوەی وەکوو مەدرسە و پەککەوتەخانە و نەخۆشخانە و کارگە، کەسایەتی تاك تیدا دەبەن. لەم روانگەوە دەکرێ رۆمانەکانی دیکینز وەکوو بەرهەست

بوونەوەیەکی بەر دەوامی هەموو ڕیکخراوەکان جگە لە ڕیکخراوەی بنەماڵە سەیر بکریت . دیکینز ئاشقی بنەماڵە بوو، سەرەڕای گریدراوی بە لیبرالیزمی ئینگلیزییەوە نموونەی کۆمەڵگەی بە بنەماڵەیەکی بەختەوەر لە جۆری چینی مامناوەندییەکەی دەزانی. ڕستەی بە ناوبانگی دیکینز لە بارەی ئەمریکاوە ئەوەیە کە لەئەمریکادا کۆمەڵگە لە ئارادا نییە و هەرچی هەیە تیکڕا ڕیکخراوەیە. ئەم وتە وردبینانە دەکرێ بە سەرنجی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی ئیستەوە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە بخریتە بەر سەرنجدان. بەڵام بە بۆچوونی دیکینز نەبوونی کۆمەڵگە مانای ئاژاوەیە. دیکینز ئەمریکا بە بۆشاییەك دەزانێ کە ڕیکخراوەکان پیکیانەوە گریداوە. تاکەکان بەردەوام لە نیوان ڕیکخراوەکاندا خەریکی هاتووچوون، بێ بوونی کۆمەڵگەیەك کە بیچمیان پێ ببەخشیت. نەبوونی بیچم واتا نەبوونی کاراکتەر و خوو لەئەمریکاییەکاندا. بە باوەری ئەو، ئەمریکاییەکان لە ئاسماندا مۆڵەقن، هەر بۆیەش خوویان نییە و نەبوونی ئەمەش وادەکات هەموویان لە یەك بچن. لیکتر چوونی کەسەکان لە ئەمریکادا شتیکی فریودەرە کە دواتر ئەندامانی قوتابخانەی »فرانکفۆرت«یش بە گەرانەوە

بۆ وتەزای »پیشە ـ فەرهەنگ« وەكوو بەلگە هینایانەوە و بە كیلگەیەكی بە برشتی گەشە كردنی فاشیزمیان زانی.

نەبوونی خوو و خەدە لە ئەمریكاییەكاندا لە راستیدا هەمان تاكگەریتی توندرەو یان ئەتۆمیزە بوونی تاكە. لەهەركاتیكدا بیت، دەبی ریژەی ئەم بێ بیچمی و بێ خەدەییە، یان بە وتەیەكی دیكە تاكگەریتییە توندرەوە، یان ئەتۆمیزەبوونی تاكە و پیوەندی ئەو بەفاشیزمەوە بخریتە بەر لیكولینەوە. بەلام ئیمە تەنیا بە وتنی ئەم خالە قەناعەت دەكەین، كە فاشیزم لە ولاتیكی وەكوو ئەلماندا گەشەی كرد كە لانكەزای ئوستووره و ئەفسانە و گریدرانی زەینی بە »گوماین شافت« و زنجیرەپلەی كۆمەلایەتییەوە بوو.

بە زۆری ئەو كەسانەی تووشی ترسان لە تاكگەریتی دەبن، (سەرەرای ئەوەی خاوەن بیری لیبرال یان چەپ خوازن) هیشتا لە دەروونی خۆیاندا دلیان لە لای كۆمەلگەی خاوەن زنجیرە پلەی كۆمەلایەتییە. لەخۆراش نەبوو »ئادورنۆ« لەكۆتایی ژیانیدا ببووە پەسنكەری بنەمالەی چینی مامناوەندی (بگەرینەوە بۆ یەكیك لەنووسراوەكانی لە كتیبی ئادگاری بچووكدا).

لیرەدا جیگەی خۆیەتی ئاماژە بە دوو

کەسایەتی بەناوبانگی قارەمانی رۆمان، کە یەکێکیان ئینگلیزی و ئەوی دیکەیان ئەمریکییە بکەین، واتە »ئۆلیڤێر توویست« و »هاکلبریفین«. توویست ئەوکاتە هەست بە بەختەوەری دەکات کە بنە ماڵەو ماڵی ونبووی خۆی لە کۆتایی رۆمانەکەدا دەدۆزێتەوە کەچی هاکلبریفین بەپێچەوانە کاتێك هەست بە سەربەستی دەکات، کە لە سەرەتای رۆمانەکەدا ئەو ماڵەی تێیدا گەورە بووە جێی دێلێت، بۆ ئەوەی شوێن پشکنینی جیهان بکەوێت. دیکینز بۆ چونیکی دیکەشی سەبارەت بە ئەمریکا هەیە، کە دەکرا بکەوێتە بەر سەرنجی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت (کە چەپ خوازن) و تاقمیکی دیکە (کە راستی سوننەتی بوون). لە بزر بوونی کۆمەڵگە و نۆرمەکانیدا ئەمریکایی کەسایەتی خۆیان وەکوو چەشنێك »کاڵا« وینا دەکەن کە بکرێ بە ئەم یان ئەو ریکخراوە بفرۆشرێت، ئەو ئەمریکییە سەرکەوتووە کە بتوانێ کەسایەتی خۆی بە گرانترین نرخ بفرۆشێت.

ئەم خاڵە لە وتەی ئینگلیزییەکی دیکەدا واتە »رودیارد لیپلینگ« لە بارەی ئەمریکاوە بەرچاوترە، ئەو کە سەر بە بەرەیەکی دواترە، پێی وایە بازرگانی ئەو توخمەنادیارەیە کە کۆمەڵگەی ئەمریکا بە

شیوەیەکی شاراوە ئیدارە دەکات، چونکوو لە بازرگانیشدا پارە بە ریژەی گریدران بە زەوی و عەشیرە و سامانی خزمایەتییەوە، خاوەن گرینگییەکی زیدەترە.

کەوابوو ئەمریکاییەکان بێ ریشەن. ئەمریکایی هیچ گرینگییەك بە دیکەی داراییە بابەتی (انضمامي)ەکانی تاك نادەن و ئەوەی لایان گرینگە پارەیە.

ئەگەر کیشەکە لە سۆنگەی ئادگارییەوە وەکوو کیپلینگ و پیشینیانی ئەو سەیر بکەین، ناچار دەبێ بگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەمریکایی خەلکانیکی بێریشە و پارەپەرەستن. بەلاّم ئەوەندەش بەستە نەختیك روانگەی سەیرکردنی خۆمان بگۆرین و وەکوو گیۆرگ زیملی کۆمەلناس و فەیلەسووف ئەلمانی سەیری پرسەکە بکەین، تاکوو بگەینە هەندێ ئاکامی دیکە. ئەو ئاکامانەی لە شیکردنەوەی پیوەندی ئەشق و نەفرەتی جیهان سیهەمییەکانی ئیستە لە گەل ئەمریکاییەکاندا گرینگایەتییەکی زۆری هەیەو دەستمان بۆ شیکردنەوەی کۆمەلناسانەو فەلسەفی ئاوەلاّدەکات و لە ئەگەری دەربرینی حوکمی ئادگاریانەی رووت کە هیزی تیۆریزەکردنیکی ئەوتۆشی نییە، رزگارمان دەکات.

بە بۆچوونی زیمل پارە تەنیا وتەزایەکی ئابووری و ئادگاری (بەمانای گشتی وشەکە) نییە، بەلکوو وتەزایەکی فەلسەفیشە[1].

کەسانی ئاسایی لەروالەتدا بە پێی کلیشەیەکی ئادگاری و باو پارە بە شتێکی گڵاو دەزانن کە »دیاریدەرەوەی« نایەکسانی و ناعەدالەتییە. بەڵام زیمل لە سەر ئەو رایە کە پارە رزگاری دەریشە. بەر لە هاتنە ئارای ئابووری پارەیی، خەلك گرێدراوی گەل و عەشیرە و خزمایەتی بوون و لەکۆتایشیدا بوونە گرێدراوی زەمین، ئەو زەمینەی وەکوو ریشەی خۆ وینایان دەکرد. بە هاتنەئارای ئابووری پارەییەوە، تاك ئەگەری رزگاربوون لەم کۆمەڵە داخراوە وەردەگرێت و دەتوانێ سەربەست لە هەموو ریشەکانی خۆی لە جیهاندا خەریکی تاقیکردنەوە بێت (سەیرێکی دیکەی فیلمی جوانەژن بکەن). یەکێك لە هۆکارەکانی شەیدایی خەلکانی وڵاتانی دیکە و بەتایبەت خەلکانی جیهانی سێهەم بۆ ئەمریکا هەر ئەم ئاگادارییە ناوشیارانە و پالەکیەیە بەرانبەر هێزی رزگارییبەخشی پارە و هەبوونی ئەگەری دەستکەوتنی پارە لە ئەمریکادا. لەئەمریکا خەلك پرسیار لە رابوردووی یەکتر ناکەن و تەنانەت ئەگەر بشپرسن

---

[1] ـ بروانن بۆ وتاری »پارە« ئورغەنوون ـ ژمارە ٣.

هیـــچ گرینگەیـــەك نادەنـــە رابـــوردووی تـــاك، هەربۆیەش لە ئەمریكادا دەكرێ كار بكریت و پارە بە دەستبهینرێ و بە بێ سەرەنجدان بۆ رابـوردوو (كـە بـەزۆری بـەریژەی بـارودۆخی هەنووكـەیی خـەلك لـە ئـــەمریكادا رابوردوویـــەكی ســـووك و بـــێ قیمەتـــە) ژیـانیكی خـۆش مسـۆگەر بكریـت. لـە روالەتیشـدا رەنجی دابین كردنی پارە لـە ئـەمریكادا بـە هـەلگرتنی باری رەنجی ئەو رابوردووە سووكە دەشێ. فلأنەكەس كە لـە »سەلسـەبیل«ی تـاراندا بووتیكیكـی بچكۆلـەی هـەبوو ئیسـتاكە لـە ئـەمریكا یـەكیك لـە گـەورەترین دەزگاكـانی جـل و بـەرگ و »مـۆد« دادەمـەزرینی، بـە چەشـنیك كـە تەنانـەت سـەرۆك كۆمـاری كـاتی ئـەمریكاش لای دبیتـە مشـتەری. ئەگـەر بیـت و ئـەم كەســە لــە تــاراندا بمینیتــەوە، مۆركــی منداڵــی سەلسەبیل تاكۆتایی ژیانی لەگەل خۆی رادەكیشـێ (ئـەوەتا منیـش بـەم وتەیـە جـاریكیتر ئـەو مۆركـە دەنیمـەوە بە نیـو چـاوانیدا). لـە خـۆرا نییـە خـەلكی جیهانی سیهەم لە شیوەی تاكدا ئەوینداری ئەمریكان و كەچی بە كۆمەل رقیان لییەتی، چونكوو خەلكان لە كـاتی كۆبوونـەوەدا ناچـار لـە سـۆنگەی ئادگـاری سـونەتییەوە خـەریكی داوەری دەبـن، واتـا ئـەو ئادگارانـەی كـە رەنگـە ئیـدی لـەقووڵایی گیـان و

لەتەنیاییەکانیشیاندا ئەوە هیچ کە بروایان پێی نەماوە تەنانەت سووکایەتیشی پێی دەکەن. جا خەلك بۆچی وەهان پێویستی بە خویندنەوەی بەربلاوتر هەیە. ئەوەی هەندیك دەخاتە هەلەکەسەما و هەندیکی تووشی رقلیبوونەوە دەکات هەر ئەم ئازادی تاکەیە لە ئەمریکادا. کیپلینگیش بە بۆنەی ئەم تاکگەریتییەوەیە بە ئەمریکا دەلیت »کیوی«. ئەو پێیوایە سروشتی ئەمریکا کیوی و دوژمنانەیە، کەوی نییە، دستەمۆنەکراوە. قەتارەکانی ئەمریکا وەکوو سروشتەکەی کیوی و سەر شاخن. ئەو دەلێ لە ئینگلیز کاتیك سواری قەتاریك دەبیت دەزانی لەکویدا سوار بوویت و لەکویدا دادەبەزیت، کەچی لە ئەمریکادا ئەلیی قەتارەکە بەرە و بێکۆتاییت دەبات، ناتوانیت مەبەستەکە ببینیت. ئەمریکایی بەردەوام لەم هەریمەوە دەچنە هەریمی دیکە، چما نە لەجیگەیەکەوە هاتوون و نە بۆ جیگەیەکیش دەچن، ئەوان بەردەوام لە بزووتندان. هاکلبریفین یان ئولیڤیر توویبیست؟ کامیان؟ ئەورووپی بەچەپ و راستەوە ئولیڤیر هەلدەبژیرن، کەچی »مارشال بیرمەن«[1]ی ئەمریکی کە بە ریکەوت چەپیشە لەوانەیە هاکلبریفین

[1] ـ کتیبی »ئەزموونی مودیرنیتی« ئەم بیرمەندە لەلایەن موراد فەرهادپوورەوە کراوەتە فارسی.

هەلبېژێرێ، چونکوو ئەو تاکە و سەربەست دەژی.

کەسێکی تر کە دەمەوێ باسیبکەم و سەربە سەردەمی ویکتۆریایی نیەو پەسنکەری زانست و تەکنۆلۆژیا و ئایندەیە و هەر بۆیەش پەسنکەری ئەمریکا، »ئیچ.جی.ڤیلز«ە. ڤیلز بوو نووسینی رۆمانی زانستی ـ خەیالیی بە شێوەی ئەمروکەیی باوکرد.

بە بۆچوونی ئەو ئەمریکا پێشاندەری کۆمەلگەی داهاتووە و هەر بۆیەش ناکرێ سەبارەت بە ئەمریکا رۆمان بنووسریت، چونکوو ئەمریکا هەر خۆی ناچار مەیدان بۆ رۆمانی خەیالی ـ زانستیی خۆش دەکات. بە بۆچوونی ئەو ئەرکی ئەمریکا ئەوەیە رابوردوو بکاتە ئایندە. ڤیلز دەلێ ئەو بەرەکەتەی خودا بە ئەمریکای بەخشیوە، نەبوونی رابوردووە. هەر ئەم نەبوونی رابوردووەشە کە دەستی ئەمریکای لە دروستکردنی ئایندەدا ئاوەلا هیشتۆتەوە.

ئەو ئاماژە بە سێشت دەدات کە لەئەمریکا مزگینیدەری داهاتوون: سینەما، فرۆکەو میعماری، واتە هەمان ئاسمانقلیشەکانی نیۆیۆرك. سینەما سەرگەرمی خەیالکردنەوە دەبیت و رابوردوو و ئایندە بەرجەستە دەکات و میژوو کە لەلای ئەورووپا ئەوهەمووە گرینگە، هەلدەوەشینیتەوە.

بە بوچوونی ڤیلز، سینەما و فروکە و میعماری یان بـە وتەیـەکی باشتر تـەکنولوژیا، ئەگـەری ئـەندازیاری کومەڵایـەتی دابین‌دەکـات ولـە دەسـت بـاری قورسـی رابوردووی میژوویی رزگارمان دەکات. ڤیلز وتەیەکی هەیـە کـە بیرهینانـەوەی لـیرەدا بەجییـە،ئـەو دەلـی نیویورك »گوشراوە«ی ئەمریکایەو لەویدایە کەدەکری ئاینده بەچاو ببینری، ئەویش ئەوکاتەی کە بە فرۆکە بەسـەر ئاسمان‌قلیشـەکانی نیویورکـدا هـەلدەفری. لیرەدایە کە دەکری  بەجوریك روانینی خوداوەندیانە بگەین، کەچی ڤیلـز ئاگـای لەوەنـەبوو کـە لـەیازدەی سـپتەمبردا ئیمـاژی داهـاتووی روونـاك و بریقـەدار دەبیتـە چ کارەساتیکی توقینـەر. »سینەما و فرۆکـە و ئاسمـان قلیش و ئەشق و کینـە، بەرانبـەر بـەوان لـەم رووداوەدا بەشداربوون«.

شـیکردنەوەی رووداوی یـازدەی سـپتەمبر گـەلی رەهـەند و گۆشـەی هەیـەو مەبەسـتیش لـەم دەرفەتـە کورتـەدا شـیکردنەوەی ئـەم رووداوە نییـە، بـەلام قسـەکانی ڤیلـز وا لەئینسـان دەکـات لـە بـارەی ئـەم کیشەشەوە شتیك بلیت.

من لیرەدا خۆم بە چۆنیەتی»دوژمنایەتی« کردن لـە گـەل ئـەمریکاوە دەبەسـتمەوە و تـەنیا باسـی ئـەو لایەنە دەکەم.

وادیاره ئەمریكیەكان پاش شەری »ڤیتنام« بریاریاندا كە ئیدی لە هیچ شەریكدا ئەمركییەك نەكوژریت. كەرەسەكەشیان بۆ جیبەجیكردنی ئەم بابەتە، بەربلاو و گەشەپیدانی تەكنۆلۆژیای جەنگ بوو.بۆ جیبەجیبوونی ئەم فیكرەش فرۆكە و مووشەك و كۆمپیۆتەر و روبات و هەمووجۆره ئامرازیكی Hi tech بە كار هینراو لە شەر لە گەل ئیراقیشدا تا رادەیەك ئەم شیوازه تەمرینكرا. (ئەو ئەمریكیانەی لەم شەرەدا كوژران، كوژرانەكەیان بە »ریكەوت« بوو، نەك بە پیی لۆژیكی خودی جەنگ).بەزۆری ئادگاری شەر تاكوو ئیستە لەسەر بنەمای »ئازایەتی« دامەزراوه، كەسە ئازاكان ئامادەن بكوژن و رووبەرووش بكوژرینەوه.

ئەگەر سەرنجی میژوو بدەین تیدەگەین، هەر لەدوای سەردەمی »سوقرات«ەوه تائیستە سەبارەت بە ئازایەتی و ئازایەتی نیوشەر گەلیك باسی فەلسەفی و ئەدەبی و كۆمەلناسانە و دەروونشیكارانە هاتۆتە ئاراوه، كەچی ئەمریكیەكان بە یارمەتی تەكنۆلۆژیا فاكتەری ئازایەتیان لەشەر دەرهاویشتووه. گرووبانیكی نیرباز (كە لانیكەم بەپیی پیناسەی رۆژهەلاتییەكان ناتوانیت ئازا بیت) دەتوانی لەكاتی گویگرتن بۆ مۆسیقای هۆیمیتال (كە لەلای زۆركەس

مۆسیقایەکی هەرزەیە) مووشەکێك لە ئەقیانووسی هیندەوە بهاوێژی و سەدپیاوی ئازا کە لە سەدان کیلۆمەتر ئەولاترەوە چاوەڕێی دوژمنن، بکوژێت. وەها لۆژیکێك بە تایبەت لە جیهانی سوننەتیدا، سەرپێچیکردنە لە یاسا سروشتییەکانی جەنگ. هەر چۆن ئەمریکاییەکان بە والاٌکردنی ئاسمان قلیش »لۆژیکی سروشتی مالداری و هەستکردن بە زەوییان لە ژێرپێی خۆیاندا« شێواندووە.

ئەوانەی دژی ئەم تێپەڕاندنە کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیکانەن دەبی چیبکەن؟

ساناترین ڕێگەئەوەیە بەهەمانتەکنۆلۆژیای ئەمریکیەکان تەیاربن.بەڵام ئەمە لەبەر گەلیك هۆ دەستەبەر نابێت. ئەوان هەرچەندە لەملا و ئەولا مووشەك و ڕوبات و کۆمپیۆتەر بکڕن یان ئەوەی کە بەشێوەیەکی سەرەتایی سازیان بکەن، دیسان ناتوانن بگەنە ئەمریکا.(دەبی ئەمەش لە خۆمان بپرسین، ئەگەر بێت و لەم پرۆسەدا سەرکەون بۆ خۆشیان نابنە بەدیلی ئەوشتەی کە ڕقیان لییەتی؟ واتە ئەمریکایەکی دیکە؟)

بۆیە پێداویستی مسۆگەر بوونی ئەم ڕقە زیدەکردنی ئازایەتی واتە چالاکی گیان بەخت کەرانەیە بەهەمان تەکنۆلۆژیای نێو خودی ئەمریکاوە.

کوتانی ئازایانەی فرۆکەکان بە ئاسمان قلیشەکانی نیۆیۆرکدا بەرسڤی ئەم چەشنە کەسانەیە. ئەگەریش بیت و ئەم لۆژیکە دریژە پیبدریَ هەستی رق و بیزاری کە ئیستا لە نەست و کۆبیرەوەری ئەمریکیدا نییە بەدیدیت و بەرهەمەکەشی هیچ نابیت جگە لە تالی. کەوابوو مادام کیشەیەك هەیە دەبیَ چارەسەرەکەی لە شوینیکی دیکەدا سۆراخ بکریت.

کەسیکی دیکە کە بیروراکانی سەبارەت بە ئەمریکا سەرنجراکیش بیت شاعیری ئینگلیزی »دبلیۆ. ئیچ. ئۆدین«ە کە لە سەردەمی گەنجیتیدا لایەنگری چەپ بوو، بەشداری شەری ئسپانیای کرد و چوو بۆ چین و گەلیك رووداوی تاقی کردەوە، لە ١٩٤٠دا بوو بە عیسایی و لە سەرەتاکانی شەری جیهانی دووهەمدا بریاریدا بۆ دریژەپیدانی ژیان بچیتە نیۆیۆرك. بە بۆچوونی ئەو ئەورووپا بە داگیرساندنی شەر خەیانەتی لە ئارمانجە مرۆڤدۆستانەکانی خۆی کردووە. ئەورووپا بەهەشتە لە کیس چووەکەیە، دووروو درۆزنە. ئۆدین پیی وابوو ئیمانداری راستەقینە دەبیَ لە شوینیکدا بژیەت کە بتوانیَ درکرانی ئەزەلی (هبوط) هەست پیبکات.شوینیك کە بە پیچەوانەی ئەورووپاوە حەقیقەتی دەرکرانی ئەزەلی نەشاریتەوە. ئەوروپا بە

درۆ دەلیت کە بە دوای بەختەوەرییەوەیە، کەچی نیۆیۆرك وەها نییە. لە نیۆیۆرکدا دەکرێ بە تەواوی دەرکرانی ئەزەلی هەست پیبکرێ و هەر بۆیەشە نیۆیۆرك راستگۆیە. لەوێ کسەکان بە یەکتر نامۆن و ئەم نامۆ بوونەش هەست پیدەکەن. لەوێ کۆمەلگەیەك لە ئارادا نییە کەسەکان کۆکاتەوە و بە درۆ بە بەختەوەر بیاننوینیت. لەوێ کەس کاری بە سەر ئەویدیکەوە نییە و هەر ئەم بە هیند نەگرتنەشە ریگە دەداتە تاك کە لە دەروونی خۆیدا بژی و رەنگە بەهەشت لە جیهانی دەروونی خۆیدا بدۆزیتەوە. نیۆیۆرك شوینیکی »ئەگزیستانسیال« و مالیکی تۆکمەیە بۆ کەسی دیندار.

ئەو بە دریژایی ژیانی خۆی لە نیۆیۆرکدا هەولی دا ئەوێ بکاتە »دەیر«یك. ئۆدین لە ژیانی دەرەکی خۆیدا هەولی دەدا بە تەواوی لەگەل ژیانی میکانیکیانەی نیۆیۆرکدا خۆی بگونجینێ، دەیوت هەست بەبرسیتی ناکەم مەگەر ئەوکاتەی کاتژمیرەکانی نیۆیۆرك کاتی خواردنی نیوەرۆم پێ رابگەیینن . ئەو خۆی کردە ماشینیك کەلەگەل ریتمی ژیانی نیۆیۆرکدا بگونجێ. لە بەر ئەوە ئاسمانقلیشەکانی خۆشدەویست و دەیوت ئەم بینایانە ریگەی تاك بوون دەدەنە مرۆڤ، چونکوو

بەردەوام نامۆ بوونــی ئـەو لـە جیـهان دەهیننـەوە بیری. ئەو زۆر پەسنی ئـەم وتەیـەی »هانائـارینت«ی هاوریی فەیلەسووفی خۆی دەكرد كە ئیمە لەگەل دوو جۆر نامۆبووندا رووبەرووین، یەكیان نامۆیی لە زەمین و پەنابردنە بەر ئاسمانە و ئەویدیكـەیان نـامۆیی لـە جیهان و پەنا بردنە بەر خودە. ئۆدین پیی وابوو ئەم پەنا بردنانـە لـە نیۆیۆركدا مەیسـەر دەبیـت. مـرۆڤ ئەوكاتەی بە چاو لە خوارەوە تا سەر ئاسمان قلیشیك سەیر دەكات جگە لە ئاسمان هیچ نابینیت. ئۆدیـن وەكوو شاعیریكی عیسایی نیۆیۆرك وەكوو شاریكی مودیرنی پیرۆز پەسن دەكات، چونكـوو لـەویدا ئـەو ترسە رووتە دەدۆزیتەوە كە مرۆڤی ئیماندار دەبیٚ لە دەروونی خۆیدا هەستی بكات. بە بۆچوونی ئۆدیـن ئەورووپا و شوینەكانیتر تەنیا گەمەی بەهەشت بوون دەكەن و درۆزنن.

بە هەر چەشنە لە كۆی ئـەم وتانـە كـە دەكـریٚ وتـەی دیكەشی بخریتە پال دەتوانین هەست بكـەین ئـەمریكا لـە لایەكـەوە ئاژاوەیـەكی رووتـە و لەلایـەكی دیكەوە تـەواو بـە پیچەوانـەوە نـاوەندی كارامـەیی و نەزم و وردبوونەوەیە.

هەرئـەم كـۆی دژوازەكانـە كـە بـە بۆچوونـی مـن تاكـــەكان دەكاتـــە هۆگـــری ئـــەمریكا. لەلایەكـــەوە

پییانوایەدەتوانن لە ئاژاوەی ئەمریکادا ون بن و لە ریشەکانی خۆیان لە شوینەکانی دیکەدا دابېرین، لە تیکرا میـژووی ترسـینەری خۆیـان لــە لەهیســتان و رووسیاو ئاسیا جوی ببنەوە و تەقلی ئەمریکا بن، لە لایەکی دیکەشەوە پییان وایە نەزمی ئەمریکا ریگەیان پیئەدا ژیانیکی رۆژانە بۆ خۆیان دروستبکەن.

هـەر بۆیەشـە خـەلك بـە شـیوەی تـاك ئاشـقی ئەمریکان، چونکوو ئەمریکا ریگەی ژیانی ئازادانەی تاکەکەسـییان پـێ دەدات، بـەلام ئەوکاتـەی کـە کۆدەبنـەوە و گرینگتریـش ئـەو کاتەیـە خـەریکی بـەلگاندن دەبـن، واتـا لـە کـۆ بـیرەوەری رابـوردووی خۆیان بۆ رووبەروو بوونەوە لە گەل ئەمریکادا کەلك وەردەگرن، رق وقین و بیزاری بەرانبەری دەردەبـرن: چونکـوو نـاتوانن شـوینیك بـۆ ئـەمریکا لـە وتـەزای زیجیرەپلـەیی کۆنـی خۆدا بدوزنـەوە، مەگـەر هـیزیکی بـێ بەربەسـت و سەرشـاخ کـە خـەریکی قووتدانـی هەموو جۆرە نەریتیکە.

## فەرهادپوور

حــــەز دەكـــــەم باســـــەكەم بــــە هینانـــــەوەی وتەیـەكی»كـامۆ«وە، كـە لـە وڵامـی نامەیـەكیدا بـۆ هاوریییـەكی لـە بـەرەی جـەنگ نووسـیبووی دەسـت پیبكـەم. كـامۆ لـە نامەكـەیدا دەنووسـێ: »شـەر لـەت و پەتی كردووی و دەتەوی بمریت، بەڵام ئەوشتەی كە پیت تەحەمول ناكریت ئەم گیلیتیە هەرەوزەیە و ئەم سـەودا لاوانەیـە بـۆ خوینرشـتن و ئـەم سـاویلكەییە جەنایەتكارانەیـە كـە پییانوایـە دەكـری بـە خویـن كیشـەكانی بەشـەر چارەسـەر بكریـن. نامەكـەت دەخوینمەوە و لیت تیدەگەم و ئەوەی كە لە هـەموو شتیك ئاشكراتر دەركی پیدەكەم ئەم دژوازیەی نیوان وەرگرتنی سانای مردنی خۆت و بیزارییە لە مردنی دیـتران، ئـەم خالـە بایـەخی كـەس پیشـان دەدات و دەیباتـە ریـزی ئەوكەسـانەی كـە دەكـری قسـەیان لـە

گەلدا بکریت«.

بە بۆچوونی من ئەمە یەکیکە لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئۆمانیزم و ئۆمانیزم ــ یش، چ هەندی لە فەیلەسووفانی فاشیستمەشرەب بیانەوی یان ئەیانەوی بە هەر چەشنە بنەرەتی شارستانییەتی ئیمە و هەموو شارستانییەتەکانە، بە ئاییني و نائاییني‌شەوە. تەنانەت ئایینە نائۆمانیستیەکانیش مانەوەو بەردەوامییان گریدراوی ئەم ئۆمانیزمەیە. بەلاّم ئەگەر بمانەوی بە وەرگرتنی روانینیکی دژە ئۆمانیستیانەوە بەرانبەر مەرگی دیتران، بی لایەن بین، دەتوانین ئاماژە بەم واقیعە بدەین کە لە شوینی دیکەشدا گەلی مرۆڤ کوژراون و ئەمە خالی دەرچوونە لە ئۆمانیزم. ئیستە ئەگەر بمانەوی بچینە نیو لۆژیکی دژە ئۆمانیستیەوە و لەسەر ژومارەی رەشەکووژی جوولەکەکان لە سەر دەستی هیتلەر برۆین، یان بە شیوەیەکی کاسبکارانە کۆی گشتی کوژراوەکانی شەریکی قەومی کە دەمی سالە بەردەوامە بژمیرین، لەوانەیە بگەینە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لە ژومارەی ئەو کەسانەی لە کەمتر لە رۆژیك لە ئەمریکادا کوژران. ئەگەر تا ئاستی دریژەدادری دابەزین و ئەم لۆژیکە دریژە بدەین دەتوانین ئەم گریمانە دەرببرین کە ئەگەر وەها رووداویك بۆ وینە لە »دەمشق«دا روویدەدا،

لەوانــەبوو باســکردن لــە ســیبووری و شــتی وەهــا بیمانــا دەبــوو و هــەر ئیســتە هــیرش کرابــووە ســەر ئیسراییل.

خــالی گرینگــی دیکــە رووبــەروو بوونــەوەی سادیستیانەیە لەگەل رووداوی یـازدەی سـپتەمبر لــە سەر بنـەمای ئـەوەی کـە »بـلا بـا ئەمانـەش تامەکـەی بچیژن«.

بە وتەیەك چەشنی دابەشکردنی عادلانەی زولـم لەسەر ئەو بنەرەتـەی کـە قوربانیـەکانی ئـەم تـیرۆرە تاقمیك نانخۆر و جیگرن، کە هەموو شتیکیان هەیەو بـە وتەیـەك بیـدەرد بـوون، بـۆ وینـە نـازانن مــردن و بەدبــەختی و چارەرەشــی مانــای چییــە؟ کــەوابوو بائەوانیش نەختیك تامەکەی بچیژن.

لـە کردەوەدا دەبینین کە خـالی بەرامبـەری ئـەم تیگەیشتنەش لە پشتەوەی زەینی هەر ئەم کەسانەدا ئامادەیەو ئەوان بە شیوەیەکی پالەکی (ضمني) یان راشکاویش دەلین: ئەمریکا خۆی سەرچاوەو زایندەی ســەرەکی »توندوتیــژی«یــە. واتــە چ لــە بانگەشــەی رەسمــیو چ لــە هەرچەشــنە رووبەرووبوونەوەیــەکی ئاسـاییدا ئـەم وینـا هەیـە کــە کۆمەلگــەی ئــەمریکا، کۆمەلگەیەکـە پراوپـری توندوتیــژی. لــە فیلمــەکانی هالیوودیشدا تەنیا سیکس و توندوتیـژی بانگەشـەی

بۆ دەکری و ئەمریکا کەلتووری توندوتیژی خۆی بەرەو هەموو جیهان دەنێریت. ئەم وینەیە بە تەواوەتی لەگەل وینە پیشووەکە واتە خەلکی بی دەردوو رەحەت و نانخۆر و جیگردا دژایەتی هەیە، واتە وینەی کۆمەلگەیەك کە تییدا ژنان ناتوان لە سەعاتی ۹ی شەو بەدواوە بینە دەرەوەو رۆژی سەدان دەستریژی جنسی تیدادەکری و رەشپیستەکان ئەنجن ئەنجن دەکرین و لە شەقامەکانیدا هەمووان بەرامبەر یەکتر تفەنگ دادەبستن و بە تیکرا هەموویان چەکدارن و ریژەی کوشتن و جەنایەت تییدا لە هەموو جیگەیەکی دیکەی دونیا زۆرترە، لە گەل وینەی کۆمەلگەی سوسول و بی ئاگا لە مەرگ و توندوتیژی و تەنگژدا ناتەباو لیکدژن. ئەو وینانەی کە لە ئەمریکا ساز دەکرین بە گشتی دژوازن. بۆ وینە ئەمریکا لە لایەکەوە سەرچاوەی هیز و داگیرکەری جیهانەو پی بەسەر جیهاندا دەنی و بە نیازە هەموو جیهان داگیرکات و لە لایەکی دیکەوە بەبریکی کاغەزکەردەو دیویکە کە بە چالاکییەکی جەربەزانە تیکرای ئیمپراتۆریەتەکەی هەرەس دەهینی و روون دەبیتەوە کە تەنیا فر و فیشال و با تیکردن بووە و هیچی تر. یان بۆ نموونە لە پیوەندی بە هالیوود یان ئەو ئیماژە خەیالیانەدا کە

ئەمریكا لە خۆی بەرهەمیان دەهینی، دەبینین كە لە لایەكەوە سینەمای سیكس و توندوتیژی وەكوو وینەی راستەقینەی ئەمریكا رەت دەكریتەوە و لە لایەكی دیكەوە جۆریك تاسە وداواكاریی سەیر و سەمەرە بۆ بینین و بەكارهینانی ئەم جۆرە وینە و فیلمانەش لە ئارادایە و زۆربەی كەسەكان شەوانە سەیری فیلمی ئەمریكایی دەكەن، بەلام منالەكانیشیان لە وەها خراپییەك دەگیرنەوە و لە بەرچاوی هەمووانیشدا رەتی دەكەنەوە.

تەنانەت دەبینین كە لە تەلفزیۆنی ئیمەدا (مەبەست تەلفزیۆنی ئیرانە. و.ك)ولە هەندی بەرنامەدا كە بۆ رەتكردنەوەی هالیوود دروستدەكری، لەت و پەتی رەخنە دیالیكتیكیانەی كەلتووری مودیرن لەگەل هەندی دروشمی گیلانەی ئەم و ئەودا تیكەل دەكەنو وەكوو شیكردنەوەیەكی قوولی دژە ئەمریكی دەیناسینن. بەلام هەر خودی ئەم بەرنامانە پینج دەقیقە بۆ پینج دەقیقە دابریك لە هەموو جۆرە فیلمیكی هالیوودی بۆ سەرنجراكیشتركردنی بەرنامەكانیان بلاودەكەنەوە. لەراستیدا بەرهەمهینەران بەم فیلە درۆوانەیە كە دژی »مەبەستە مەعنەوی«یەكانی خۆیانە، بینەر بۆ خۆیان كۆدەكەنەوە.

بە گشتی ئەم رووبەروو بوونەوانە دەربری جۆریك هەستی ناوشیار، دژواز، غەریزی و لە سەر ئەساسی ئەشق و بیزاری خەیالییە. واتە ئەمریکا بابەتیکە کە زۆربەی ئیمە پیوەندییەکی دوولایەنەی لە سەر ئەشق و بیزاریمان لەگەلیدا هەیە.

ئەمریکا لە لایەکەوە ئەو یۆتۆپیایە کە بابەتی دیهاویژی (فرافکنی) تیکرای ئارەزووەکانی ئیمەیە بۆ کۆمەلگەیەکی تەواو خۆشگوزەران کە گەرەنتی بەختەوەری هەمووان دەکات، بەلام لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا وەکوو یۆتۆپیایەکی مسۆگەر بوو، بابەتی رق و نەفرەت و سەرچاوەی پەرەسەندنی بەشەکەی دیکەی جیهانە. بە سەرنجدانی ئەم وینە دژوازانە و لە سەر بنەمای ئەو جیاوازییەی کە »ژاك لاکان« لە نیوان واقیعی هیمایی و واقیعی خەیالیدا داینـاوە دەکریٚ بلیین کە ئەمریکا وەکوو بابەتی ئارەزوو یان »ئەویدی« لە بنەرەتدا بابەتیکی خەیالییە نەوەك هیماییانە. ئەمریکا لە پانتای هیمایین یان پانتای زمان (وت و ویژ)دا ناگونجیٚ و شتیك نییە کەقسەی لە سەر بکریت. ئەمریکا وەکوو بابەتیکی هیمایین »زمان سرینەوە« کراوە و ناکریٚ لە پانتای هیماییی زمانی هاوبەشدا بتوینریتەوە.

بابەتی خەیالی یان »ئیمە ژینیری Imaginiry«

گشـتیكی درۆیـین، خـەیالی خۆكـرد و بـەرەی سـەركوت و كـەبتكردنی غـەریزە و ئـارەزووە نەستیەكان و وەرگیرانیان بۆ زمانی بەناو »ئەقلانی و هاوئاهەنگ«ی ego یان »خود«ە.

بابـەتی خـەیالی بەرهـەمی جویكردنـەوەی حەقیقـەت، بـەها و لەززەتـە لـە پانتـا یـان رەوتـی هیماییـنی زمان و تیكرای دژوازییەكان، جیگۆركیكان، خوازەكان، دابران و شاراوەییەكان. ئەمریكا خاوەنی چەندین سیمای دژوازە، واتە لە گەل هیزدا، بە بێ هـیز دادەنـرێ و لـە گـەل ئـەوەدا كـە سـەرچاوەی بەختەوەرییە و هەمووان دەیانەوێ كۆچی بۆ بكەن، بە سـەرچاوەی شـەرری ئەهریمـەنی و بـلاو بوونـەوەی خراپـە لـە جیـهاندا دەژمـیردریت. ئـەمریكا دەربـری هـەمان رۆحـی»بـە گشـتی بـوون«ە، چونكـوو بابـەتی خەیالی بە پیچەوانەی بابەتی هیماییـنەوە هەمیشـە شوناسـیكی گشـتی و هاوئاهـەنگی هەیـە و گـەرچی دژوازە بە گشتیكی یەكپارچە دادەنریت.

لاكان دەلێ، لە سەرەتای منداليدا ئیمە خۆمان لە ئاوینـەدا دەبینـین و شوناسیكی گشـتی بە خۆمـان دەبەخشین، واتە بەر لەوەی بیینە نیو پانتـای هیما و زمانەوە و ناو و شوناسی هیمایین وەر بگریـن. منـدال بەرلەوەی بیتە نیو پانتای زمانـەوە، خۆی لـە هەمبـەر

شتەکانی دیکەدا دەکاتە گشت و دەبێتە »خود« یان »من«یکی جەستەییانەی یەکپارچە و هەڵبەت نارسیسمیش بەشێکی دانەبڕای دروستکردنی ئەم »خود«ە یەکپارچە ناوەندی و خەیاڵییەیە. ئەمریکا وەکوو بابەتی خەیاڵی، بابەتی ئەو ئارەزووە نەستیانەیە کە لە چوارچێوەی »خودێکی دیکە«دا دیهاویژی دەکرێت و چونکوو لە نەستیشدا شتە دژوازەکان بە تەواوی تێکەڵی یەکترن بابەتی خەیاڵی شوناسێکی گشتی وەردەگرێت کە تێیدا هەموو دژوازییەکان بە بێ پێوەندی پێکەوە ئامادەن. بەڵام لە پانتای هێماییندا ئەم دژوازیانە سەر هەڵدەدەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم دیاردەیە بە یارمەتی دژوازیەکان و دینامیزمی زمان هێمایین دەکرێ و ئێمەش دەزانین کە نابێ گشتێک سازبکەین، چونکوو دەبینین ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم گشتە پێکەوە تەبا نین. کە وابوو بابەتەکە فرەچەشن دەکەین و هێمای جیاوازیش بە کار دەهێنین. بەڵام لە پانتای خەیاڵیدا دژوازیەکان لە گشتێکدا کۆ دەکەینەوە و شوناسێکی یەکە (واحد)یان پێ دەبەخشین. ئاکامەکەش دەبێتە ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ ئەمریکایەکدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە یەکەم سووژە یان کارایەکی تاک و یەکپارچەیە، جا چ وەکوو ئەهریمەن و چ وەکوو

فریشتە، چ وەکوو پۆلیسی جیهان و چ وەکوو پیشەوای نەزمی نویی جیهانی و هەرکام لەم دەورانەش دەکرێ سەلبی یان ئیجابی بن، چونکوو ئەمەش لە خۆیدا گشتیکی یەکە(واحد)یە کە هەلگری هەموو سیما چاك و خراپەکانە. بۆیە پیوەندی تاکەکانیش بەو گشتەوە تیکەڵاویکی سەیروسەمەرە و نامۆی ئەشق و بیزارییە، کە هیچ کاتیك دژوازی و دابرانەکانی خۆی وەکوو ئارەزوو دەرنابریت و هەر بۆیەشە لەگەل کۆمەلیکی پیکهاتە لە ئوستوورە و»سازە«ی خەیالیدا رووبەروو دەبینەوە کە شوناسی بە گشتیتی بۆی »خۆ«یان هاورێ لەگەل دژسانیەکانی »خۆ«دا بۆ »ئەویدی« دیهاویژی دەکەن. ئەمەش لە چوارچیوەی شوناسیکی یەکەی گشتیدا بە ناوی ئەمریکا.

لیرەوەیە کە ئەمریکا چ لە سیاسەت و چ لە کەلتوور و چ لە ئابووریدا دەبیتە »کیشە«. لە ئاکامیشدا لە هەموو شوینیکدا رووبەرووی گشتیتیەك بە ناوی ئەمریکا دەبینەوە کە ناوەرۆکیکی بە تەواوی دژوازی هەیە، چونکوو ئەمە خۆمانین بە یارمەتی جۆریك نیشانەسازکردنی دەستیوەردراو ئەم ناوەرۆکەمان بەسەردا سەپاندووە. ئەمە لە راستیدا جۆریك بەرهەمهینانی »ئەویدی«یە لە سەر بنەمای

وینــەی »خــود« کــە لـــە بەرامبـــەردا شـــەرعییەت دەبەخشیتە خودی ئەم وینەیە یان بە وتەیەکی دیکە هەولیکە بۆ دروستکردنی شوناس یـان »خـود«یکـی یەکپارچــە بــە ســەر بنـــەمای دژکــردەوە بەرانبـــەر »ئـەویدی«یـەکی خۆکـردە و هەلبـەت لـەم دیالیکتـە تاریکەی نیوان خود و ئەویدیدا تاکە خالی بەرچاو و دیاری ماهییەتی بە تـەواوی وابەسـتە و دەرکـردەوە (انفعالی) یی ئەو »خود«یە کە هەموو »سەربەخۆیی« و »رەسەنایەتی« و »بنەرەت خوازی«یەکی لە دژ کردەوە بەرانبەر »ئەویدی«یەوە هەلدەستێ.

## ئەبازەری

لیرەدا دەبی دووشت لە یەكتر جیاوە بكەین، یەكەمیان ئەوەیە كە دیتران ئەمریكیەكان چۆن دەبینن و دووهەمیان ئەوەیە كەئەمریكیەكان خۆیان چۆن دەبیینن؟

ئیستە هەولی شیكردنەوەی پرسیاری یەكەم دەدەم و هەولیش دەدەم لە زمانی»لاكان«ی ئەو جۆرەی جەنابی فەرهاد پوور بەكاریان هینا، كەلك وەربگرم.

لاكان باسی دوو قۆناغ لە رەوتی بالغبوونی مندالدا دەكات. قۆناغی یەكەم وینەی نیو ئاوینەیە و قۆناغی دووهەم جیهانی سەمبولیك و هیماییینە. بەر لەم دوو قۆناغە مندال خۆی وەكوو بەشیكی دانەبراو لە دایك دەزانیت و شوناسیكی جیاواز بۆ خۆی وینا

ناکات. لە قۆناغی یەکەمدا ئەو کاتەی منداڵ سەیری وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەکات هەست دەکا کە بوونیکی جیا لە دایکیەتی و لەم قۆناغەدا منداڵ لەوەی کە دەبینی بۆ خۆی کەسیکە هەست بە دڵگەرمی دەکات، بەڵام هاوکاتیش لە جویبوونەوە لە دایك تووشی کەسەر دەبیت.

قۆناغی سەمبولیك قۆناغی چوونە نیو جیهانی زمانە. واتە وشیاری بەرانبەر ئەوەی کە خۆی بوونەوەریکی سەربەخۆیە.

لاکان پیی وایە بونیادی نەست وەکوو بونیادی زمان وەهایە، واتە هەر چۆن زمان لە ئامادەیی و بزریتی پیکهاتووە نەستیش هەمان ئامادەیی و بزریتی تیدایە، بۆیە وینای گەیشتن بەوشیاریەکی تەواو و ئەوتۆ شتیکی ناموومکینە. »خود« یان ego پرە لە دابران و پچران. بەڵام سەرەرای ئەمانە چوونە نیو قۆناغی سەمبولیك واتە بالغ بوون و بەجیهیشتنی جیهانی منداڵی، لیرەدا جیگەی ئەوە نییە باسی ئەوە بکەین بۆچی ئەمریکا بە زاراوە لاکانییەکەی بۆتە ویستی دایك[1] و ناوی باوك[2] لە هەمانکاتدا بە وتەیەکی دیکە بۆتە »دال«ی مەزن. لیرەدا تەنیا وتەیەکی »بوودریار« دووپات دەکەمەوە کەدەلی:

---

1 – Desireof the Mother.
2 – name – of – the – father.

»ئـــەمریکا یۆتۆپیایـــەکی مســـۆگەر بـــووە«، بـــە شیوەیەکی سانا دەتوانین بلیین ئەمریکا لـەلای تـاك وەکوو دایکیکـە کـەتاك لـەئارەزووی پیگەیشـتنیدایە بەڵام لەلای کۆمەل وەکوو باوکیکە کە لیتیپـەراندن و بەجیهیشـتنی کلیلـی چوونـە نیـو جیـهانی هیماییینـە. لەبـەر ئەمەیـە کـە تـاك بـە زۆری لـە ئـاواتی کـۆچ بـۆ ئـەمریکا و وەرگرتـنی گرینکارتدایـە؛ ئـەو (تـاك ـــ و.ك) وا هەســـتدەکات کەبـــە پیوەنـــدی گرتـــن بـــە ئەمریکاوە دەتوانی بە ویستەکانی خۆی بگات بەڵام ئەمە لای کۆمەل پیچەوانەیە تاکـەکان لـە کـاتیك کـۆ دبنـــەوە و بەتایبـــەت ئەوکاتـــەی کـــە خـــەریکی شیکردنەوە دەبن دەلیـی دوژمـنی ئـەمریکان، جگـە لـە هەسـتی Resentmentی نیچەییانـە کـە بـە تایبـەت لای خەلکی ولاتانی جیهانی سیهەم بە نیسبەت ئەمریکاوە دەبیـنری و لـە شـوینگەی بیرۆکـەدا دەبـی لەسـەری بکۆلدریتەوە. خەلك ئەو کاتەی کە کۆدەبنەوە بیزاری بەرانبـەر ئـەمریکا دەردەبـرن، (وەکـوو بـیزار بوونـی ئۆدیپ لە باوکی خۆی) تا ئەو جیگـەی کـە دەیانـەوی ئـەمریکای »راسـتەقینە« بکـوژن و لەگـەل ئـــەمریکای خـەیالیدا هاوسـەرین بـن واتـە ئـەمریکای فیلمـەکان، (دیزنـی لـەند)[1]ەکـان و ئـەمریکای مووشـەکەکان و ...

[1] ـ بەشیکە لە هالیوود کە فیلمی کارتۆنی دروستدەکات.

بۆیەشە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەرلە یازدەی سپتەمبر عەقڵی ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەمریکا بوون یان بە شوێنی دوزینەوەی ڕێگەیەکەوە بوون بۆ وەرگرتنی ڤیزا و گرینکارت. ئەو کاتەی کە ئەم ڕووداوە ڕوویدا بە وتەی خۆیان بزە کەوتە سەر لێویان یان ئۆخەی لەدڵیان کەوت.

ئەمریکا وەکوو خەیاڵ، خاوەی بزۆزییەکی خەیاڵیشە. ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەڵمان و ئینگلیز و فەرەنساوە کە ڕێگە بە بێگانەکان نادەن و تەنانەت ئەگەریش وەریان بگرن بەردەوام بێگانە و نامۆیی ئەوان وەبیریان دەخرێتەوە و لە ڕوویان دەدرێتەوە، دەتوانی کۆمەڵەی جیاواز و جۆراوجۆر تەقڵی خۆی بکات. بەڵام تێگەیشتنی ئەمریکیەکان بەرامبەر بە خۆیان چییە؟ لە بنەرەتدا ئەمریکیەکان وەکوو ئەورووپییەکان هەستی نەتەوەیی و مێژوویان نییە، هەڵبەت مەبەستم لەم وتەیە ئەوە نییە بڵێم دەوڵەتوانانی ئەمریکی گرینگی بە بەرژەوەندی نەتەوەیی نادەن یان بەرەنگاری لێناکەن، بەڵکوو مەبەستم دەرکی گشتی خەڵکی ئەمریکایە، ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسانە و دەروونناسانەی کە مەبەستی منە جیاوازە لە دەرکی ئەو ستراتیژیستانەی بەردوام خەریکی ژماردنی تۆپ و

تانك و مووشەك و فرۆکەکانن، مەبەستم ئەوە نییە بلیم کە ئەمانە گرینگ نین بەلکوو مەبەستم تیگەیشتنی ئەمریکییەکی ئاساییە لە خۆی وەکوو ئەمریکاییەك، ئەمریکیەکان بەگشتی جیهان ناناسن و نازانن کام وڵات لە کویی جیهاندایە. لەگەل هەموو کەسیکدا بەتایبەت وەکوو تاك بە سانایی دەگونجین، لە فیلمی »شەفادەری ئەسپەکان« بەرهەمی رابیرت ریدفۆرددا کە خۆی دەوری یەکەمی فیلمەکە دەگیریت ژنی براکەی بە ئاواتەوەیە بچیت بۆ مەراکیش، ئەو کە ژنی مەزرادارێکە و لە مۆنتانادا کە شوینیکی بەهەشتئاسایە دەژی وینەیەکی یۆتۆپییایی مەراکیشی لە لای خۆی سازکردووە بی ئەوەی بزانیت مەراکیش لە کویدایە لە کاتیکدا کە ئینگلیزی یان فەرەنسەییەکان بەو میژووی کۆلۆنیالیستی خۆیانەوە مەراکیش پیدەزانن و تەنانەت ئەگەر بیانەوەی بچنە ئەوی دەزانن کە دەبی بۆ کوی برۆن، کەی برۆن و نابی لەوەش دوودل بین کە ئەوان سەدلەسەد بە روانینیکی سووکەوە سەیری خەلکی ئەو وڵاتە دەکەن، یان لە فیلمی فۆرست گامپدا کە قارەمانەکەی لە رووی ناچارییەوە دەچیتە ڤیتنام و شەریی تیدا دەکات، تەنانەت یەك ڤیتنامی بەرچاو ناکەویت. کەچی فۆرست گامپ کە »پرەنس میشکینی«

ئەمەریکییە تەنانەت لەکاتی شەرکردنیشدا وەکوو دوژمن سەیری بەرامبەرەکەی ناکات و هەموو هەولی بۆ پاراستنی هاوریکانی تەرخان دەبی بیئەوەی کە بزانی بۆچی هاتووەتە ڤیتنام و بۆچی دەجەنگیت، لە کۆتایی فیلمەکەدا فەرماندەکەی گامپ کە هەردوو پیی لەشەردا پەریوە و گامپ فریای کەوتووە، بەشداریی ری و رەسمی ژنهینانی گامپ دەکات و دەزگیرانەکەی خۆی کە ژنیکی زەردپیست و شایەتیش ڤیتنامییە بە گامپ دەناسینی، و گامپیش بەگەرمی پیشوازی دەکات.

ئەم جۆرە شەرکردن و ئاشتییە جیاوازە لە شەر و ئاشتیکردنی »سرب« و »فەرەنساییەکان«. بە هەر جۆرە ئەمرۆکە ئەمەریکا بۆتە ئەو وەهمەی کە »نۆرستەر« وتەنی هەرکەسە هەرچی بیهەوی تییدا دەبینیتەوە. بەلام ئەو پرسیارەی کە لەلای من سەر هەلدەدات ئەمەیە بۆچی ئەم هەموو ئەشق و بیزارییە، بۆچی گرینگینەدان و بەهیچ نەگرتنی روونادات، بە بروای من رەنگە بە گرینگیدان بەرامبەر ئەمەریکا بکری لە ریژەی وەهمی و خەیالی بوونی ئەمەریکا کەم بکریتەوە بۆ ئەوەی بکری داوەرییەکی ئەوتۆی و شیاوی لە بارەوە بکریت. رەنگە ئەم وتەی دواییم کە وتەکانی ئۆدین و تەنانەت تیگەیشتنی خودی

ئەمەریکیەکان لە شوینگەی خۆیان بچیت، هەلبەت ئەوە روون کەمەوە کە مەبەستم لە ئەمریکی، جەماوەر و خەلکی ئەمەریکایە نەوەکوو دەولەتوانانی ئەمریکی، کە رەنگە بە بی ئەوەی خۆشیان ئاگایان لی بیت، کەلەپوور و میراتی چوارسەد سالەی کۆلۆنیالیزم خراوەتە ئەستۆیان و ئەوان بە تەنیا، چ ئەو کاتەی کەخەریکی کاریکی شەراشۆیانە لە ئیران یان ڤیتنام و شیلیدان و چ ئەوکاتەی کەخەریکی یاریدەرانی موسولمانەکانی بۆسنین، وا دەزانی کە خەریکی یارمەتیدانی هاوریکانیانن، ئیستە هەندی شایعە بلاو بۆتەوە کە ئەمە »فرانسوا میتران« بوو کە فەرمانی قەلاچۆکردنی موسولمانەکانی جەزایەری دەردکرد لە کاتیکدا کە هیچ دەولەتوانیکی ئەمریکی، نە دەیهەویت و نە دەشتوانیت تا ئەو رادەیە قایمەکار بیت. بە هەرچەشنە ئەمەریکا وەهەم ونیشانەیەکە هەلگری ئەفسیری جیاواز، بەلام رەنگە گرنگی نەدان بە ئەمریکا بتوانین روانگەیەکی واقیعیانەتر هەلبژیرین.

**فەرهادپوور**: بە بۆچوونی من نیشانەسازی و دژکردەوە نواندن بەرامبەر ئەمریکا لەو ولاتانەدا کە بە

شیوەیەکی واقیعیانە لەگەل ئەمریکادا رووبەروو بوونەتەوە. شیوەیەکیدیکە وەردەگریت. ئەو ولاتانەی کە لە ریگەی جەنگەوە ئەمریکایان ناسیوە یان ناسیاری زیاتریان بەرانبەر ئەمریکا لە لا دروستبووە، ئەگەری شکاندنی ئەم گشتە خەیالیەیان دۆزیوەتەوە. بۆ نموونە، ئینگلیز کە لەگەل ئەمریکادا دەکەویتە شەریکی دریژخایەنەوە و شکەستی هینا، بەلام دەبینین دواتر لەگەل ئەمریکادا دەکەویتە دان و ستاندنی تەواوەوە، یان بۆ وینەژاپۆن و ئەلمان کە لە بەرانبەر ئەمریکادا تیکدەشکین کەچی دواتریش لە لایەن ئەمەریکاوە ئاوەدان دەکرینەوە و لە ئاکامدا دەبینین دژکردوەوەکانیان بەرامبەر ئەمەریکا، واقیعیانە چەندرەهەندی و رووتترە و لە بواری بانگەشەییشەوە، کەمتر بانگەشەییە. گرنگتر لە هەموو ئەم ولاتانەش، نموونەی ڤیتنامە کە دەقاودەق نموونەی بەرچاوی ئەو کەسانەیە کە باش ئاشت دەبنەوە چونکوو باش جەنگاون. ڤیتنام چونکوو زۆر باش لەگەل ئەمریکای راستەقینەدا شەری کرد، نەوەکوو لەگەل خەیالیکی ئەمریکادا کە لە ریگەی نیشانە و وینەی خەیالیانەی »ئەهریمەن« یان »جیهانخۆر«ەوە ساز کراوە، ئەو ڤیتنامەی کە دە سالان شەری کرد و بە بۆ چوونیك تەنانەت شەرەکەی

بردەوە، زۆر بە ئاسانیش بە وت و ویژ و ئاشتی پیمل بوو، تەنانەت ڤیتنامەكان پاش شەر بەرۆكی ئەمەریكیەكانیان گرت كە دەبی پیوەندی دابمەزرینن و سەرمایە بخەنە گەر و تەنانەت وتیان دەبی ئەمریكیەكان ئامادەیی فیزیكیشیان هەبی و ئەو ژن و مندالانە ببینن كە لییان داون، دەبی پردچی بكەن، جەنگەلە ویران بووەكان چاك بكەنەوە و ... بەلام نموونەی دژی ڤیتنام ولاتیكی بەهیزە كە هیشتاكە تووشی ئەمەریكا خەیالییەكەیە: فەرەنسا، فەرەنسا ئەو ولاتەیە كە قەت لەگەل ئەمەریكادا نەكەوتووەتە شەرەوە. تەنانەت رزگار بوونی فەرەنسایش لە شەری گشتی دووهەمەدا واتایەكی شاراوەی هەیە و هیشتاكە زۆركەس لەسەر ئەو بروایەن كە رزگاری فەرەنسا بە هۆی بزووتنەوەی بەرەنگاری و »مارشال دۆگۆل«ەوە بووە نەك ئەرتەشی ئەمریكا. فەرەنسا هیچ كاتیك بە شیوەی واقیعیانە رووبەرووی ئەمریكا نەبۆتەوە، بۆیە بۆ زۆربەی فەرەنسەییەكان، ئەمریكا هەمیشە بابەتیكی خەیالی بووە، نەوەكوو بابەتیكی هیمایین. ئەم كیشە لەدژ كردەوەی فەرەنسا لە بەرامبەر سینەمای هالیوودیشدا بەرچاو دەكەویت، فەرەنسا زۆرتر لە هەر ولاتیكی ئەورووپی پرسی هیرشی كەلتووری ئەمریكای گەورە كردۆتەوە،

هەروەها فەرەنسا لە کاتی »دۆگۆل«یشدا لە بەشی سەربازی پەیماننناوی »ناتۆ« جوی بۆوە بۆ ئەوەی پی لەسەر سەربەخۆیی »سیاسی ــ سەربازی« فەرەنسا رابگریت. بەلاّم ئەم رووبەروو بوونەوە تەواو فەرەنسەییانە بە رادەی رووبەروو بوونەوەی ولاّتانی دیکەی ئەورووپایی و هاوکاتی گەشەکردنی هیزی ئابووری و لاوازبوونی هیزی سەربازی لە پیوەندی نیو نەتەوەییدا نموونەیەکی دیکەی بەرهەمهینانی خەیالیانەی ئەمریکایە کە ناوەرۆکی راستەقینەی لاوازی و تیکشکانی سەربازی فەرەنسایە لە شەری دووهەمی جیهانیدا، نەوەکوو هیزی سەربازی و »ئەمپریالیزم«ی ئەمریکای پاش جەنگ. هەلبەت ئەمە بە مانای نەبوونی هیچ جۆرە ململانییەکی کەلتووری نییە یان بەو مانا نییە کە ئیمە لەگەل ئەوەداین کە مەکدۆنالد لە هەموو دیهاتەکانی فەرەنسادا لقیک بکاتەوە. بەلاّم رووبەروو بوونەوەی فەرەنسا لەبەرانبەر هیرشی کەلتووریدا، لەگەل رووبەرووبوونەوەی ئەلمان و ئینگلیزدا جیاوازە و ئەم جیاوازییە لەئاستی سیاسەتی نەتەوەکاندا دەربری جیاوازی نیوان ئەمەریکای خەیالی و ئەمەریکای هیماییینە. پاش یازدەی‌سیپتەمبریش دژ کردەوە هەلس و کەوتەکان تا رادەیەك بەرانبەر ئەم لایەنە خەیالییەی

ئـەمریكا بـوون. ئومـانیزم بـە پیـی وتـەی كـامۆ بەرهەمی ئەو هزرە نیوەرۆییە یان ئەو هزرە هەتاویەی سەر بە ناوچەی مەدیترانەیـە و وادیارە ئـەو ولاتانـەی كە لەم هزرە نیوەرۆییە بیبەهرەن بەرەو دژە ئومـانیزم و بەرەو دروستكردنی ئەم بابەتە خەیالیانە پال پیوە دەنریـن. بۆیـە تویژینـەوە لـەبارەی ئـەم بابەتـە خەیالییەوە دەتوانی وینەی ئەمریكا روونتر بكاتەوە و دەشـتوانی لـە وشـیاریی ئیمـەدا كاریگـەر بیـت، بـە تایبـەت كە نموونـەی ئـەم چەشـنە رووبەرووبوونـەوە خەیالیانـە تەنانـەت لەلایـەن سـیما بەناوبانگـەكانی ریفۆرمخوازیەوە كە بە هیمای ئاشتی و سەفا و گولـی یـاس و بۆنـی نیلووپـەر دەژمـیردران كـەم نـەبوون. ناسینی ئەمریكا وەكـوو هیمایـەك مانـای وەرگرتـنی فرەبابـەتیی ئەوشـتەی كـە بابـەتی ئـارەزووی مـن و دەربر یان هاوتای ئەو شتەشە كە نیمە، كە وابوو من لەگـەلیدا رووبـەروو دەبمـەوە. چونكـوو ئـەم بابەتـە بۆشـایی دەروونـی مـن دەردەخـات، مـن لـە سـۆنگەی قازییـەكی بـی لایەنـەوە سـەیری »پـرس«ەكـە ناكـەم بـەلكوو تیكـەلی دەبم و تیدەگـەم كـە خـۆم و بابەتەكـە دەبینـە بابـەتیكی چەندرەهـەندی و پـر لـە بۆشـایی و دژوازی. ئەمریكا لە بۆسنیا و كۆزۆودا گیانی هەزاران كـەس دەپـاریزی، كـەچی لـە پانامـادا هـەزاران كـەس

دەکوژێت. وەك هەر وڵات یان دەولەتێکیش ئەم سیاسەتەی پەسەندە و سیاسەتێکی دیکەی خراپە. بەشداری دروستبوونی »تالەبان« دەکات کە ئاکامە ناچارەکەی وەها وەحشییەتێکە و هەلبەت هەموو ئەم سیاسەتانە لە فەزایەکی سەرپاکی شاراوەدا جێبەجێ دەبێت کە رەنگە جگە لە لۆژیکی جەنگەل هیچ لۆژیکیکی دیکەی بەسەردا زال نەبێت. ئەو فەزای کە بە زۆری بەرهەمی جەخت کردنی دەولەتانە لە سەر »مافی حاکمییەتی«، »مداخیلە نەکردن لەکاروباری ناوخۆ« و »گەران بەدوای بەرژەوەندی نەتەوەییدا« و هیچکەس لەم فەزا لە بەرپرسی و هەلەکاری بێبەری نییە. زۆربەی نەتەوە و دەولەتان لە کردەوەدا بەوە پێملن کە بەشگەلێك لەم فەزا پێملی یاسا جیهانییەکان بێت یان لانیکەم شاراوەییەکەی بە جۆرێك ئاشکرا بێت. هەموو ئەم شاراوەییانە لە بابەتی هیمایینیشدا هەیە، بەڵام جیاوازی کێشەکە لەوەدایە کە لەویدا ئەم شاراوەییانە دەکرێنەوە و ئاشکرا دەبن لە کاتێکدا کەلە پێوەندی گرتن بە بابەتی خەیالییەوە، لە راستیدا نە دژوازی و بۆشاییە دەروونیەکانی من دەردەکەویت و نە فرەبابەتی بوونی ئەو بابەتەی سازم کردووە. بێچمگیری ئەم بابەتە خەیالییە، رەگی ئەوەتا لە حالەتی ئاوێنەی سەردەمی

منداليدا و لـە راستيدا دووپات بوونـەوەى هـەمان ڕووداوە کە لە بيچمى گـەورەتردا خـۆ دەنوينـى. ئيـوە بـەردەوام هـەندى بابـەتى خـەيالى لـەرووى نموونـەى ئاکارى سىسالەيى لەبەرانبـەر ئاوينـەدا سـازدەکەن. کە وابوو ئيمە بەردەوام بابەتيکى خەيالى سازدەکەين کە ئەم بابەتە لە روالەتدا گشت و يەکپارچەيە و بۆيـە لە ئاکاميشدا دەتوانى ببيتە هەمان »دالى مەزن«.

لاکـان چۆنيـەتى بيچمگـيرى ئـەم نيشـانە يـان دالىمەزنـە بـە جوانـى روون دەکاتـەوە. سـەرەتا دەليـين بەختەوەرى و خۆشگوزەرانى و پيشکەوتنى ئابوورى و لووتکـەى شارسـتانييەت واتـە ئـەمريکا. پاشـان هاوکيشـەکە پيچەوانـە دەکەينـەوە و دەليين، ئـەمريکا واتـە پيشـکەوتنى ئـابوورى و خۆشـگوزەرانى و بەختـەوەرى و لووتکـەى شارسـتانييەت. پاشـان ئـەم دووهاوکيشەيەى سەرەوە پيکەوە هەلدەسەنگينين کە ئاکامەکـەى دەبيتـە ئەمريکا يەکسـانە لەگـەل ئـەمريکا يان ئەمريکا وەکوو نيشانەى مەزن. لەمە بەدواوە ئيتر نيشـانەى مـەزن لـە تايبەتمەندييـەکانى دادەبـردرى، واتە لە راستيدا ئيوە دەتوانن بلين بە بىبەختەوەرى و شارستانيەتيش ئەمريکا هـەر ئەمريکايـە و سـەرەراى نەبوونى پيشکەوتن و بەختەوەرى و شارستانيەتيش تييـدا، ديسـان ئـەمريکا هيمـاى پيشـکەوتن و

بەختەوەری و شارستانییەتە. »ژیـژاك« لـە بـارەی سوسیالیزمەوە نموونەیـەك دەهێنێتـەوە كـە بابەتەكـە روونتر دەكاتـەوە، سـەرەتا دەڵێـن سوسـیالیزم مانـای برایەتی و عەدالەت و خۆشگوزەرانی گشتی و پاشان دەڵێن خۆشـگوزەرانی گشـتی و عەدالـەت و برایـەتی واتە سوسیالیزم. دوایی سوسیالیزم بە پێتی گەورە درووست دەكرێت و لە كۆتاییدا سوسیالیزم خۆی لە بازنـــەی نیشـــانەكان دەردەهـــاوێژێت و دەبێتـــە نیشانەیەكی مەزن، بەو مانای كەسوسیالیزم چاكترین سـامانی كۆمەڵایەتییـە و دەبـی شـەری بـۆ بكرێـت تەنانەت ئەگەر لە واقیعدا بێبەری بێت لە عەدالـەت و خۆشگوزەرانی و برایـەتی. ئـەمریكا نیشـانەی مـەزنی خۆشگوزەرانی و پێشكەوتن و شارستانیەتە، تەنانەت ئەگەر هیچ یەك لەمانەشی تێدا دەست نەكەوێت و یان بە پێچەوانە ئەمریكا بە مەزنە نیشانە و هێمای زوڵم و خراپەكاری دەژمێردرێت، ئەویش بە بی سەرنجدانی پێوەندی راستەقینەی ئـەمریكا بـەم بابەتانـەوە. ئـەم دۆخە لەوانەیە بۆ ئەمریكیەكان خۆشیان روو بدات، لە خودی ئەمریكاشدا هەندی میدیا و سیاسەتوان هـەر بـەم شـێوە ئـەمریكا دەكەنـە نیشـانەیەكی مـەزن. لـە راستیدا رۆڵی گرینگ و بنەرەتی سینەما لە نواندنەوە و داهێنـانی مێـژوو و شوناسـی ئـەمریكیدا بۆتـە هـۆی

ئـەوەی ئـەمریكا بـۆ هـەندی لــە ئەمریكیــەكانیش ببیتــە بابــەتیكی خــەیالی هــالیوودی، ئەگــەرچی پیچەوانـەی ئـەم بزووتنـەش لـە میــژووی ســینەمای ئەورووپادا بەرچاو دەكـەویت. بـەر هـەر چەشـنە بـە سـەرنجدانی بـارودۆخی ئیسـتەی جیـهان كـە تییـدا ئابووری و میدیا و كەلتوور كە دەسە سەرەكیەكانی هـیزن، دەركـەوتنی چەمكەگـەلیكی وینـەی پۆلیســی جیهانی، رەوتی نویی جیهانی، تاك تەوەرەیی بوون و هتد، نەوەكوو تەنیا بۆ روانینی وەهمـی، خـەیالی و دژوازی جیهانی سیهەم بەلكوو تەنانەت لەلای هەندی لـە خـودی ئەمریكیــەكانیش، نیشــاندەری گەرانــەوە بۆمندالی و سازكردنی بابەتی خەیالییە. هەر بۆیە ئەو ئــەمریكا جیــهانخۆرەی كــە وەكــوو تاقــە زلهــیزی جیـهانی كــە ســووژە یــان كــارای ســەرەكی هــەموو گۆرانكارییـە چاك و خراپـە میژووییەكانـە و وەكــوو پۆلیس و گەلالەریژی سەرەكی هەموو شتیك كۆنترۆل دەكات و بەرنامە بۆ هەموو شتیك دادەریژی و بەسەر هـەموو رووداو ئاكامـەكاندا زالـە، لـە خۆیـدا بابـەتیكی بەتـەواوی خەیالییــە. ناســین و وەرگرتــنی ئــەمریكا وەكـوو بابــەتیكی هیمــایین گریــدراوی پیگەیشــتن و توانای ناسینەوەی دژوازی، شاراوەیی و بۆشاییە لـە یەكبەیـەكی ئیمــەدا، گریـدراوی ناسـینەوەی كـرداری

ئالۆزی لۆژیکی ئارەزوو و شەهوەتی پەرەسەندن، پیشـــــکەوتن و خۆشـــــگوزەرانی زانســــــتی و تەکنۆلۆژیکییە کە بەقەد یەك هەژار و چەوساوان و دەسەلاتداران و دەولەمەندان دەخاتە چوارچیوەی شیزۆفیرنیای سەرمایەدارانە و بەرەو شارستانیەتی ئاویتەی وەحشییەت و ئاکامە کارەساتاویەکانی ئەو شارستانییەتە، هانیان دەدات. لە نیو ئەمانەشدا رەنگە نوقم بوون لەوینەی خەیالی »خۆ«کرد و میکانیزمە دەروونییەکانی ئەو وینە وەکوو ئەشق و بیزاری دامەزراوە لە سەر گریدراوی، شوناسسازیی دژکردەوەیی، دیهاویژی، نارسیسم و هەستی پاکیزەیی و مەزلوومییەتی رەها و پارانۆیایی بوونەقوربانی پیلانەکان، ئاشکراترین شەر یان تاوانی راستەقینەیە.

## ئەبازەری

وتەكەی ئێوە راستە، ئەمریكا كۆمەڵگایەكی فرەبابەتە، یان ئەگەر بە زمانی دیكینز قسە بكەین، شوێنێكە كە لە ڕێكخراوەكان پێكهاتووە. كەوابوو پرسیارەكەم ئەمەیە بۆچی موسوڵمانەكان نەیانتوانیوە ڕێكخراوەی بەهێز لە ئەمریكادا دروستبكەن و بیپارێزن، تاوەكوو ئەگەر كێشەیەك دەركەوت ئەو ڕێكخراوە پارێزەری بەرژەوەندی موسوڵمانانی هەموو جیهان بێت، لە كاتێكدا كە لایەنگرانی دینەكانی دیكە و گەلانی دیكە بە توانای كەمتر لە موسوڵمانانەوە وەها ڕێكخراوەگەلێكیان پێكهێناوە.

با سەرنجەیەكی وردی هەندی لایەنی پیوەندی جوولەكە و ئەمریكاییەكان بدەین. چونكوو ئەم

پیوەندییــە لــە لای ئـیرانی و موســولمانەکان زۆر گرینگـی پیـدەدری. ئـەم پیوەندییــە لـە ژێـر گوشـاری دەولــەت و نەتــەوەکانی رۆژهــەلاتی ئــەورووپا و بــە کۆچکردنی یەهوودیـەکانی ئـەورووپای رۆژهـەلات لـە ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەمدا بـــۆ ئامریکـــا، دەستیپیکرد. هەر لەم کاتەدا بوو کە جەوجوولیك لـە جووەکاندا بۆ دۆزینەوەی ولاتیك بۆ نیشتەجی بوون و نەکەوتنە پەراویزەوە دەستی پیکردبوو. بە گشتی ئـــەم جەوجوولـــە دەکـــری بـــە ســـەر دوولایـــەندا دابەشـبکریت: نوخبـەکان لـە لایەکـەوە و زۆرینـەی یەهوود لەلایەکیدیکەوە. رۆنسانسی فیکری یـەهوود لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستپیدەکات و بـەرچاوترین سـیمای کـەس نییـە جگـە لـە «کـارل مـارکس» کـە هـەندی بـەدوایین غـەیببیژی یـەهوودی دەزانن. دوای مارکس یەهوود لە گەلیك لقی جیاوازی فیکریـــدا دەرکـــەوتن. مودیرنیـــتی، یـــەهوودی لـەچوارچیوەی کۆمـەلگای زنجـیرە پلـەی کـۆن رزگـار کردبوو و ریگەی ئەوەی بۆ خۆش کردن کە بەشداریی درووســتکردنی جیــهانی مودیــرن بکــەن. کافکـــا، ئەنشتەین، ترۆتسکی، فرۆید، ڤیتگنشتاین و زۆربەی ئەوانــەی لــەبواری جیــاوازی زانســتی و هونــەری و کــەلتووری و سیاسـیدا خــەریك چـالاکی بـوون. لــە

درووستكردنی ئەو جیهانەدا كە بە جیهانی مۆدێرن دەناسرێت، بەشدار بوون، ئەوان بە زۆری نە دیندارێك دەمارگرژ بوون و نە تەنانەت دینداریش بوون بەڵام شعووری گەلی ئەوان ناچار لەبیركردنەوەی دونیاییی‌یاندا رەنگی دەدایەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم خاڵەیە كە بە زۆری رووناكبیران (بەواتای گرامشیانەكەی) بوون كە ئاواتی دۆزینەوەی وڵاتێكی كەم ئازارتریان وەكوو رۆشتنەوە بۆ سەرزەمینی بەڵێندراو تەفسیر كرد نەوەكوو زانایان و رۆماننووسان و سەرمایەداران یان زۆرینەی خەڵكی یەهوود (ئەوان ئەمریكایان هەڵدەبژارد، هەر چۆن كۆچیشیان بۆ كرد). بۆوینە رۆماننووسیكی وەك كافكا لەبەرچاو بگرین، ئەویش بە تایبەت كەرۆمانیكی بەناوی ئەمریكا نووسیوە، بازنەی هاوریكانی كە ناسراوترینیان »ماكس برۆد« بوو، لەو گرووپانە بوون كە تامەزرۆی چوون بۆوڵاتی بەڵێندراو بوون: بازنەیەكی پێكهاتوو لە رۆشنبیر و زایۆنیستەكان. ئەم بازنە لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا هەندی دانیشتنی لە پراگ بە بەشداری یەهوودییە رۆشنبیرەكان ساز دەكرد، كە لەم دانیشتنانەدا باسی سیاسی، فەلسەفی و زانستییانە دەكرا.

ئەگەرچی کافکا سەردانی ئەم دانیشتنانەی دەکرد و بەلینی بە »فلیسە«ش دابوو بەڵام زۆر حەزی بە کۆچ بۆ ئورشەلیم نەدەکرد. کەسیکیدیکە کە لە ساڵانی ۱۹۱۰ ــ ۱۹۱۱ بەشداریی ئەم دانیشتانەی دەکرد »ئەنشتەین« فیزیازان بوو، ئەو کات ئەنشتەین لە زانستگای پراگ فیزیای نەزەری دەوتەوە، ئەنشتەینیش نە زایۆنیست بوو نە حەزی بە کۆچ بۆ ئورشەلیم دەکرد. بەڵام لە کۆتاییدا ئەنشتەین وەکوو »کارل رۆسمان« قارەمانی رۆمانی »ئەمریکا« خۆی لە ئەمریکادا دەبینیتەوە.

رۆمانی ئەمریکا لە نیو نووسراوەکانیدیکەی کافکادا جیگەیەکی تایبەتی هەیە چونکوو ئەم رۆمانە (بە مانای پر بە پیستی وشەکە) رۆمانیکی کافکاییانە نییە. ئەگەر واز لەو هەزاران تەفسیرە کە بۆ نووسراوەکانی کافکا کراوە بینین و وەکوو یەکیك لە غەیببیژانی سەدەی بیستەم کافکا سەیر بکەین، رۆمانگەلی »دادگایی« و »کۆشك« غەیببیژییەکی تۆقینەرن کە لایەنیکیان ئۆردووگای کاری زۆرەملی و مردنی نازیی و ئیستالینیەکان بوو، لایەنەکەی دیکەی هەراسی ژیانی رۆژانە.

بەڵام رۆمانی ئامریکا غەیببیژی یان ئاواتی گەیشتن بە وڵاتی بەلیندراوە ئەویش لە ئەمریکادا.

قارەمانی رۆمانەكە میرمنداڵیكە بەناوی كارل رۆسمان، كە بە بۆنەی هەڵەیەكەوە كە دەیكات دەنێردرێت بۆ لای مامەی لە ئەمریكا و گریمانەش لەسەر ئەوە دانراوە مامەی كە پیاوێكی دەوڵەمەندە. ئایندەیەكی رووناك و زێرینی بۆ دابین دەكات. كەچی مامەی رۆسمان شەوێك لەبەر هەڵەیەكی گاڵتەجارییانە رۆسمان لە ماڵی خۆی دەر دەكات و رۆسمان لە وشكانی ئەمریكادا تەنیا و بێكەس دەكەوێت. من پێشتر باس لە بەرامبەریتی نێوان ئۆلیڤێر توویست و هاكلبریفینی »مارك تواین«م كرد، رۆسمان بێئەوەی خۆی بیەوێ دەبێتە هاكلبریفینێكی دیكە و خالی گرینگ ئەوەیە كافكا كە زۆر ئۆگری دیكینز بوو دەڵێ بە ئەنقەست بەراوەژووی رۆمانەكەی دیكنزی نووسیوەتەوە. كارل رۆسمان پاش گلان بە هەندێ رووداوەوە كە كافكایی و گاڵتەجاریشن (رۆمانەكانی كۆشك و دادگایی كردنیش ئەم توخمەیان تێدا بەرجەستەیە. بە ناوبانگە ئەوكاتەی كافكا هەندێ بەشی ئەم رۆمانانەی بۆهاورێكانی دەخوێندەوە ئەوان بە دەنگی بەرز پێدەكەنین و كافكاش خۆی بەشداری ئەم پێكەنینانەی دەكرد). لە دواییدا و لە كۆتایی رۆمانەكەدا دەگاتە وڵاتی بەلیندراو، واتە هەمان

شانۆی سروشتی ئۆکلاهاما. لیرە لەم شوینەی ئەمریکادا، کافکا وینەی ئەو ولاتە بەلیندراوە دەکیشیت کەتیکەلیکە لە بەلینەکانی تەورات و پیشبینیەکانی مارکس و وینەکیشیەکانی فردینان لۆژە، لەویدا بۆ گەنج و پیر، تا دلیان بخوازیت کار و نان و ئازادی و خۆشی هەیە. نە دەولەتی تیدایە نە ریکخراوە و نە هیز. لەویدا چاوەری دەکری کە تەنانەت زبلەکانیش خاوینتر بن. ئەو رستەیەی کە ئیستا هینامەوە وتەیەکی زۆرزانانەی بوودریاری فەیلەسووفی پاش‌مودیرنە، کە لە گەشتنامەکەی خۆیدا کە نەوەدەکان نووسیویەتی لە بارەی ئەمریکاوە وتوویەتی: »لە ئەمریکادا زبلەکانیش خاوینترن«. لیرەدا جیگەی نییە لەسەر وتەکانی بوودریار لەبارەی ئەمریکاوە برۆین بەلام لەوتاریکی »ئارتوور ویدیش«دا کە لەبارەی بوودریار و گەشتنامەکەدایە، ویدیش وتەیەکی »کلاوس مان«ی برازای »تۆماس‌مان« لە سەرەتای وتارەکەیدا دەهینیتەوە کە هینانەوەی بیجی نییە. ئەمەی لە سالی ١٩٤٠دا لە لووتکەی وەحشییەتی فاشیزمدا وتووە. »کلاوس مان« دەلی: »هەموو وەسفیکی کافکا لەژیانی ئەمریکی بە تەواوی هەلەیە، بەلام لەگەل هەموو ئەمانەدا ئەو وینەی کە ئەو لە ئەمریکا کیشاویەتی بە

گشتی خاوەن حەقیقەتیكی شیعرییە«. ئەوەی كە حەقیقـەتی شـیعری چییـە و چ جیاوازییـەكی لەگـەل حەقیقەتی كۆمەلأیـەتی و سیاسـی و ئـابووریدا هەیـە جاری باسـەكەی ئیمـە نییـە، بـەلأم دەبـی ئـەوە وەبـیر بینینەوە كە لـە ئـەمریكای سـەرەتای سـەدەدا فەرشـی سـوور بـۆ كۆچـی یەهوودیـەكان بـۆ ئـەمریكا و خولقـاندنی ئـەم »حەقیقەتـە شـیعریە«ی رانەخرابوو،ئەوان كە لـە ئـەورووپا دەركـەوتن تووشـی كۆمەلگایـەكی هـەردەم لـە گۆرانـدا هـاتن بـەلأم بەماندووبوونیكی زۆر توانییـان جیگـەی خۆیـان لـەم كۆمەلگە تازەدا بكەنەوە. لـەوەش گرینگـتر ئەوەیـە كـە بەشـداری دروسـتبوونی ئەوشـتەیان كـرد كـە پیـی دەوتـری ئـەمریكا. بـۆ ئـەم مەبەسـتە خویندنـەوەی رۆمانـەكانی یـەهوودی ــ ئـەمریكی دەتوانـن یارمەتیدەربن.

»ریچارد رۆلەند« و »مالكۆم برەدبیری« لە كتیبی ـ لە پاكیزە گەرییـەوە تـا پـاش مودیرنـیزم: میـژووی ئـەدەبی ئەمریكـادا ئاماژەیـان بـە سـەرهەلدانی ئـەم چەشنە رۆمانە ئەمریكی ـ یەهوودییە لە سـەرەتاكانی سـەدەی بیسـتەمدا كـردووە. »ئابراهـام كاهـان« بـە رۆمـانی »سـەرهەلدانی دەیڤید لووینسـكی« كـە چـاپی ١٩١٧ بوو داهینەری ئەم چەشنە رۆمانەیە. قارەمـانی

ئەم رۆمانە یەهوودییەکی کوچبەرە کە گەرەکیکی یەهوودییەنشینی لیتوانی بەجیدیلی و بە شوین ولاتی بەلیندراودا دەچیتە ئەمریکا. کاهان ئەفسانەی کریستۆف کۆلۆمب دەکاتە ری و رەسمی پەرینەوەی یەهوودییەکان. لوینسکی بەرگە سوننەتییەکانی خۆی دادەکەنی، ریشی دەتاشی و بە تەمای دۆزینەوەی پارە و ژنەوە دەچیتە نیو جیهانی مودیرنەوە و لە کۆتاییدا دەبیتە کەسیکی سەرکەوتوو. بەلام لە بەرامبەریشیدا هەموو ئەخلاقیکی خۆی دەدۆرینی. ئەمە بابەتیکە کە وادیارە زۆربەی رۆمانە یەهوودییەکان خۆیان پیوە خەریك کردووە. بەلام بەم جیاوازییەوە کە لە هەندی لەم رۆمانانەدا قارەمانەکە تەنانەت سەرکەوتنیش وەدەست ناهینی و هەرەس دەهینی. ئەوبابەتەی کە رەنگە بکری بلیین هەر دینداریك کە بیەوی لەبارەی ئەمریکاوە بنووسی دووبارەی دەکاتەوە.

رۆمانیکی دیکە بەرهەمی بەناوبانگی »هینری رۆس Call it sleep«ە کە ئەزموونی زۆرینەی جەماوەری یەهوود لە ئەمریکادا قوولتر و وردتر باس دەکات. ئەم رۆمانە داستانی گەورەبوونی مندالیك بەناوی »دەیوی شیرل« لە ئیست سایدی نیۆیۆرکدا. ئەم رۆمانەش باسی هەرەسهینانی ئوستوورەی ولاتی بەلیندراو

دەکات، بەڵام لە کۆڵان و شەقام و لاکۆڵانەکانی نیۆیۆرکدا، واتە لە ئاژاوەیەکی پیکهاتوو لە زمانی جۆراوجۆر و پیوەندی جنسی نائاسایی و باوکانی تال و دایکانی لیبوردوو و ئاواتی بابردەلەدا. ئەم رۆمانە چیرۆکی نامۆیی و چارەرەشی یەهوودیەکانی ئەمریکایە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە یەهوودی ـ ئەمریکیە دواتر لە لایەن کەسانیکی وەکوو سال بەلوو (نووسەری هیرتزۆك کە کراوەتە فارسیش) ئارتور میلەر (کە مەرگی فرۆشیار هی ئەوە) و بیرنارد مالامود و نۆرمەن میلەر و ئالین گینز بیرگ و ئی. ئیل. دوکتوروف (کەرۆمانی رگتایم کە کراوەتە فارسی و داستانی ژیانی دەست رۆیشتوو، ژیردەستەکانی یەهووده لە ئەمریکای سەدەی بیستەمدا) و فیلیپ رۆس و تاقمیکی دیکەوە دریژەی پیدرا و کاریگەرییەکی سەیری لەسەر ئەدەبی ئەمریکا بەجیهیشت. گرینگیدان بە میژوو و نامۆیی و نەفسی مرۆڤ ئەو بابەتانە بوون کە نووسەرانی یەهوودی هینایانە نیو ئەدەبی ئەمریکیەوە. بە چەشنیك کە ئەم بابەتانە بوون بە بەشیکی دانەبراوی ئەدەبی ئەمریکی. باسکردن لە بارەی بایەخی ئەدەبی ئەم بەرهەمانەوە باسیکە و دوان سەبارەت بە ژیانی یەهوودیەکان لە ژیانی دەرەکی و ناوەکی لەم

بەرهەمانەدا باسیکی دیکەیە.

یەهوودیەکان بە سانایی بەم پیگەی ئیستەیان لە کۆمەلگای ئەمریکیدا نەگەیشتوون. یەهوودیەکانیش بەنوخبە و زانستوان و خاوەن پیشەسازی و بازرگان و خاوەن بلاڤۆك و هونەرمەندیانەوە بەشداریی دروستکردنی ئەمریکایان کردووە و وەکوو دیکەی کەسەکان رەنجیان داوە و ماندوو بوون. هەر ئەم پالپشتە کەلتووریەشە لەکاتی پیکهاتنی دەولەتی ئیسراییل بە یارمەتی ئەندیشەی رۆشنبیران و ئەورووپیەکان یارمەتی پرۆژەکە دەدات. یەهوودیەکانی ئەمریکا ریکخراوەیان دروستکردبوو ببوونە بەشیکی دانەبراوی ریکخراوە ئەمریکیەکان و ئەمە وایکرد پاش پیکهاتنی دەولەتی ئیسراییل، یارمەتیدانی ئەو دەولەتە تازەیەی لە لایەن ئەمریکاوە کرد بە شتیکی زۆر ئاسایی و سرووشتی. بۆیە ئەوانەی یارمەتیدانی ئەمریکا بۆ ئیسراییل دەبەستنەوە بە بوونی چەند سناتۆریکی یەهوودی لە پەرلەمانی ئەمریکادا بە هەلەدا دەچن. ئەوەش کە ئەمریکا ناتوانیت یارمەتی ئیسراییل نەدات وتەیەکی لەخۆرا و هەرەمەکی نییە. چونکوو یەهودییەکان لە پیشەسازی و بازرگانی و سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن و هونەر و دایەرە و زانستگا و

قوتابخانـەکانی ئـەمریکادا ئامادەییـەکی توانـا و بەرچاویان هەیە، ئەم ئامادەبوونە هێندە بەرچاوە کە لە کاتی بۆنە ئایینییەکانی یەهوودا، قوتابخانەکانی ئەمریکا پشوو رادەگەیەنن.

ئەی موسـلمانان چـی؟ دەبـی دانـی پیـدا بنیـین موسـولمانەکان هـەولێکی ئـەوتۆیان نـەداوە. ئەمـە بەمانای ئامادە نـەبوونی موسـولمانان لـە ئـەمریکادا نییە، بەڵام ئەم ئامادەییە هێند تاکەکەسی و جوی لە ژیـانی ئـەمریکی بـووە کـە نـەتوانیت یارمـەتی پیشـەوەچوونی مەبەسـتە هاوبەشـەکانی موسولمانەکان بدات. ئاکامەکەش ئەوە دەبێت کە بۆ وێنە لە کێشەی فەلەستیندا ئەمریکا بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی پشـتگیری ئیسـراییل دەکـات و کـەچی دەنگـی فەلەسـتینیەکان لـە ئـەمریکادا گوێـی پـێ نادرێت. رەنگە هەندی کەس ئەم گوێ نەدانە وەکوو »پیلان«یکی زایۆنیزم سەیر بکەن. بەم سەرنجەوە کە شەر خاوەن چەندین رەهەندی جیاوازی بانگەشەیی و سـایکۆلۆژی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییـە و رەهـەندی رووبـەروو بوونـەوە تـەنیا یەکێکـە لـە رەهـەندەکانی شـەر. نـاتوانین چـاوەریی ئـەوە بکـەین کـە لایەنـە بەشدارەکانی شـەر واز لـە هـەموو رەهـەندەکانی شـەر بێنن و تەنیا قەناعەت بەرەهەندی رووبەروو بوونەوەی

نیو بەرەی جەنگ بکەن. کەوابوو لایەنگری کردنی یەهوودیەکانی ئەمریکا لە ئیسراییل شتێکی زۆر سروشتی و ئاشکرایە، ئەوان لەکاتی لایەنگریکردندا پێیان وانییە کە بە پیلانێکەوە خەریکن بەڵکوو زۆر ئاشکرا و راشکاوانە لایەنگری لە ئیسراییل دەکەن. بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە کە لایەنەکەی دیکە (فەلەستین) بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت چالاکی بنوێنی؟ ئایا ئەمریکا ڕێگە نادات فەلەستینیەکان داکۆکی لە فەلەستین بکەن؟ نموونەی هەڵەبوونی ئەم جۆرە بینینە ئیدوارد سەعیدە. لە کتێبێکدا کە لە سالی ٢٠٠٠ لە بارەی ئیدوارد سەعیدەوە نووسراوە، وەها سەعید دەناسیندرێت: »ئیدوارد سەعید یەکێکە لە ناسراوترین بیرمەندانی هاوچەرخ، بەرهەمەکانی چ لە جێگەی رەخنەگرێکی ئەدەبیدا یان وەکوو رەخنەگرێکی کەلتووری یان راڤەکارێکی سیاسی یان لایەنگرێکی بە سۆزی ماف فەلەستینیەکان، پێگەیەکی رێزپەر و تایبەتی لە ژیانی فیکری رۆژئاوادا بەخشیوەتە سەعید«. نووسەری ئەم کتێبە واتە »ڤالیری کینیدی« سەعیدی وەکوو یەکێك لەبەناوبانگترین بیرمەندانی هاوچەرخ داناوە و تەنانەت دامەزرانی چەندین لقی تازەی بواری خوێندنەوەی کەلتووری بە بەرهەمی ئەندیشەی ئەو

دەزانی. ناوبانگی سەعید بە جیددی وەرگرتنی لە رۆژئاوادا پیشاندەری ئەوەیە کە ئەگەر بیت و کەسیك بیەوی بۆ بەرژەوەندی فەلەستین لە ئەمریکادا کار بکات ئەوانیدی ئەگەریش بیانەوی ناتوانن بەربەستی بن. سەعید بالاترین پلەکانی زانستگایی لە گەورەترین زانستگاکانی ئەمریکادا تیپەراندووە و لایەنگرانیکی زۆری لە لقە جۆراوجۆرەکانی خویندنەوەی کەلتووری و سیاسیدا هەیە. سەعید بەر لە تۆمارکردنی پەیماننامەی »ئۆسلۆ« لایەنگری یاسەر عەرەفات و ریکخراوەی رزگاریخوازی فەلەستین بوو، پاش پەیماننامەی ناوبراو بۆتە یەکیك لەرەخنەگرانی توند و تیژی عەرەفات و ئیستەش وەکوو رۆشنبیریکی توندرەو ماوەتەوە. باسەکە کورت کەینەوە، فەلەستین برینیکە لە ریی ئیرانی و موسولمانەکاندا و بەم بۆنەشەوەیە بەرانبەر ئەمریکا دلکرمۆلن. »چچن« برین نییە، بەلام فەلەستین برینە، تەنانەت میدیای کۆماری ئیسلامی ئیستە باسی چچن ناکات بەلام هەستیاری بەرانبەر فەلەستین، بەردەوامە.

من فەلەستینم وەکوو برینیك باس کردووە و مەبەستم لە برین ئەو برینەیە کە پۆل ریکۆر باسی دەکات. پۆل ریکۆر لە لیدوانیکدا لە ئەنجومەنی

فەلسەفە و حیکمەتی ئیران باسیکی تیر و تەسەل و چری لەم بارەوە کرد.

کورتەی قسەکانی ئەمەیە کە هەرچون بیرەوەری تاکی هەیە، کۆ بیرەوەریش هەیە و کۆ بیرەوەری راگری گرووپە، بەلاّم ئەم بیرەوەرییە فرۆید وتەنی بەردەوام خاوەن سی شەقلی تایبەتە:

١. یادەکان، زورەملی کردن بۆ دووپاتکردنەوەی کارلیك: لەم دۆخەدا تاك یان تاکەکان بەردەوام باسی ئەو برینەی کە هەلیانگرتووە دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە. دووپات کردنەوەی بەردەوام و بیرهینانەوەی ئەم برینانە لە راستیدا هەولیکە بۆ بریندار مانەوەو ملپیچی کردن لە مودارا.

٢ــ شین وماتەم: شین واتە ئەو رەنج و دەردەی کە بە هۆی لە دەستچوونی ئازیزیکەوە دروست دەبیت، بەلاّم شین هاوکات بروا کردنیشە بە لەدەستچوون کە بە کردەی جویبوونەوەی تەدریجی لەکەسی لەدەستچوو و ئاشتکردنەوە لە گەل ئەودا ئەنجام دەدریت. ئاشتکردنەوە لە گەل لەدەستچوودا بە واتای داوای مۆلەت خواستنە لەو کەسە بۆ دریژەدان بە ژیان، بەلاّم ئەگەر ئەم ئاشتبوونەوە روونەدات شینوماتەم بەردەوام دەبیت و نابریتەوە.

٣ــ غەریزەی مەرگ: شین بەردەوام دەبیتە هۆی

بزواندنـی غـەریزەی مـەرگ‌و دریژەدرانـی جـەنگ، كــەلتووری جــەنگ بەرهـــەمی موتوربـــەی كـــردەی بیرەوەری و كردەی شین وماتەمە.

پاشان ریكۆر دیتە سەر میژوو، میژوو وەكـوو رووداوی رابوردوو و وەكوو میــژوو نووسـین. بـە بـۆ چوونـی ریكـۆر میژوونـووس بــە دووركەوتنــەوە لــە بـیرەوەری و تیرامــان و تیفكریــن لــە بیرەوەرییــەكان دەتوانـــی برینـــەكانی بـــیرەوەری خـــۆش بكاتـــەوە. خۆشبوونـەوەی بریـن ئـەو كاتـە مسـۆگەر دەبـی كـە میـژووان رابـوردوو وەكـوو رابـوردوو ســەیر دەكـات نەوەك بە وینەی تارماییەك كە بالی بەسەر ئیستەشدا كیشابیت. بە  بۆچوونی ریكۆر خۆشبوونەوەو شەفا مانای فەرامۆشكردنە، بەلام جیاكاریش لە نیوان دوو جـۆر فـەرامۆش كردنـدا دەكـات. یەكـەم فـەرامۆش كردنی قوربانیەكانە كە لە خۆیدا كاریكی چەپـەل و ناپەســەندە و ئەویدیكــەیان فــەرامۆش كردنــە لـــە سیبەری بەخشینی ئاییندا، واتە داوای لیخۆشبوون كـردن لـە قوربانیـەكان نـەوەك داوای خۆشـبوون بـۆ قوربانیەكان. ریكۆر ئەم چەمكە ئایینیە بە كار دینیت بۆ ئەوەی میـژوو مـەجبوور بكـات بـە دەرمـانكردنی بیرەوەریـەكان. ئـەو جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەكـات كـە میژوو تەنیا بە سەرەنجدانی ئاسۆی ئایندە دەتوانیت

بیرەوەریـەکان شـەفا بـدات.( مـن پیشـنیار دەکەمـە خوینـەران بۆ تیگەیشتنی باشتر لـە وتـەکانی ریکـۆر وتارەکەی جاریك لە روانگـەی زالمـان و جـاریکیش لـە روانگـەی ژیردەسـتانەوە بخویننـەوە ــ ئیرانیـەکان لـە بـاری دەروونییـەوە زیـاتر پییـان خۆشـە دەوری ژیردەستان بگیرن ) لە بیرمان بیت ریکۆر لەم وتـارەدا باسـی دوو جـۆر نەخۆشـینیش دەکـات، نەخۆشـینی زالمەکان و نەخۆشینی ژیردەستان ـ فەرامۆش کـردن نەخۆشـینی زالمـەکان و تووشـی دووپاتکردنـەوە و شینی بەردەوام هاتن نەخۆشینی ژیردەستانە. لە هەر دوو حالـەتی بیرەوەریشـدا نەخۆشـەکە دەمینیتـەوەو قوربانییەکان لە بیر دەکرین.

ئیسـتە دەگەریمـەوە بـۆ کیشـەی فەلەسـتین. موسـولمانەکان و لـە نیـو موسولمانەکانیشدا ئەوانـەی کـە بەرامبـەر ئـەم کیشـە هەسـتیارترن فەلەسـتینیان وەکوو بیرەوەرییەکی بریندار لە بیر بووە و بـە شـینی قوربانیەکانیـەوە دانیشـتوون و ویستووشـیانە بەشداری جەنگەکەی بکەن، بەلأم خۆیان لـە یـەك شـت نـەبان کـردووە ئـەویش تـەدارەك بینیـنی ئایندەیـەکی حـەقیقی و راسـتەقینەیە بـۆ فەلەسـتین لـە بەرامبـەر ئایندەی مەحال و یۆتۆپیاییدا. مانەوە لە هەریمی ئەم چەشنە بیرەوەریە برینداریەدا مانای ملپیچی کردنە لـە

چارەســـەربوونی کیشـــەی فەلەســـتین. بـــەلاّم بیركردنەوە لە ئاینده‌ی فەلەستین مانای ریزگرتنە لە فەلەستین.

دەگەریمـــەوە بـــۆ ســـەرەتای باســـەکە، ئـــەویش پیوەندی ئەمریکا و فەلەستین وئیسراییلە. ئـەمریکا لایەنگری ئیسراییلە و من پیشتر بـە کورتـی هـەولی روونکردنـەوەی هۆکارەکانی ئەم بابەتـەم دا و وتم لـە ولاّتی بی بیرەوەری ئەمریکادا یەهوودیەکان هەولیاندا بە کەلك وەرگرتن لـە هـەموو کەرەسـەکان ئیسـراییل وەکوو تاقە پەناگەی یەهوودیە چەوسـینراو و ئـازار چەشتووەکان لە کۆ بیرەوەری ئەمریکیدا بچەسپینن، کـەچی عەرەبـەکان وەهایـان نـەکردووە. عەرەبـەکان ئەگەرچی ئیمکانیات و پارەی زۆریشیان هەبوو بەلاّم لـــە کۆمەلگـــەی ریکخـــراوە پـــەروەری ئـــەمریکیدا نەیانتوانی ریکخراوەیەك بۆ بەرەنگاری لە خۆیـان و فەلەسـتین و بەگشـتی بـەرەنگاری لـــە موسـولمانان دابمـــەزرینن. هاوریـیـــەکم دەیگیرایـــەوە کـــە پـــیریکی میلیۆنەری یەهوودی بینیوە کە بۆ بەشداری کردن لـە خۆپیشـاندان یـان وەهـا شـتیکدا بـۆ بـــەرژەوەندی ئیسـراییل بـە چـــەندەها ســـەعات لــە بــەر بـاراندا راوەسـتاوە، بـەلاّم میلیۆنـەرەکانی عـەرەب جگـە لـە داگیرکردنی دلی ژنانی بنەمالەی پاشایەتی ئینگلیز و

دیکەی قژ بلۆند و چاوشینەکان چییان کردووە؟

مــن ئەمەشــم لــە تەلــەفزیۆنی ئــیراندا بیســت کــە بەرپرسیکی تەلـەفزیۆنی ئەلجـەزیرە کـە بـۆ سـەردان دیتە ئیران دەلی: ئەو کاتەی لە تەلەفزیۆنی ئیراندا بۆ کیشـەی فەلەسـتین تـەرخان دەکـری زۆر لـە کاتەکـەی تەلـەفزیۆنی ئەلجـەزیرە زیـاترە. ئەمـە دان پیانـانیکی دژوارە. ئەگـەر پـاش گەرانـەوەی ئـەو، بەرنامـەکانی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە نەگۆردرابیت دەبی ناچار ئاوا تیبگەین کە ئەو ویرای هەموو وتەیەکی دیپلۆماتیك لە دلـی خۆیـدا وتوویـەتی ئیمـەی عـەرەب و سـوننی ئەوەندە گرینگی نادەینە فەلەستین کە وابوو ئیوە کە نە سوننین و نە عەرەب بۆ خەریکن بۆ فەلەستین زگی خۆتان دەدرن.

ئیـدوارد سـەعید لـە پـال رەخنـەی توندوتیـژ بەرامبـەر ئـەمریکا و ئیسـراییل، رەخنـەی ولاتـانی عەرەبیشی کردووە و بەوە تاوانباریان دەکات کە بۆ پاراسـتنی بـەرژەوەندی خۆیـان یـان هـاتوون و فەلەستینیەکانیان بە شەردا داوە یان خۆیان دەستیان داوەتەوە کوشتنیان و لە بەرەنگار بوونەوەو بەرگری لە فەلەستینیشدا تەنیا قسەیان کردووە.

مـن هیـوادارم رووداوەکـانی یـازدەی سـپتەمبر چاوی ئەمریکاییەکان بە سەر برینی فەلەستینیشـدا

بكاتەوە و ئامادەی دابین كردنی ماڤی فەلەستینیان بكات، بەڵام ئەم گرینگە پێویستی بە هەوڵی ژیرانەی هەموو وڵاتانی موسولمان و یارمەتی یەهوودیە ژیرەكانیشە. درێژەدانی بیرەوەری برینی فەلەستین و نەروانین بۆ ئایندەی فەلەستین دۆشدامانیكی سایكۆلۆژییە. دەبێ موسولمانان ئەمریكا لەوە تێبگەیەنن كە بە بێ چارەسەری كێشەی فەلەستین و تەنانەت ئەگەر بنلادەن قۆل بەست بكرێت یان بشكوژرێت، ئەو برینەی كە ئەمریكییەكان لە كۆڵەوارتر بوونیدا بەشدارییان بووە ڕێگەی چارەسەری ڕاستەقینە بە موسولمانان نادات. ئەمریكاش دەبێ بەشداری ڕەوتی خۆشبوونەوەی زامەكان بكات و ڕەنگە بە وتەی ڕێكۆر لەم ڕێگەوە برینەكانی خودی ئەمریكاش خۆش ببنەوە.

## فەرهادپوور

ئەگەر بمانەوی بە شێوەیەکی گشتی و تەجریدی پرسەکە بخەینە بەرباس و قسەی لیبکەین، دەبی بلیین بە جیهانیبوون مەوداکان دەسریتەوە و کاتیك مەوداکان نەمینن کابول دەلکی بە نیۆیۆرکەوە و سارەییوۆ بە واشینگتۆنەوە. ئاکامەکەش هەندی پاژە کە بە بی هیچ پیوەندییەك لە گشتیکدا پیکەوە لکاون. ئەم شیوە پیوەندییەی پاژ (جزء) و گشت (کل) لایەنی دیاریکەری بارودۆخی ئیستە یان بارودۆخی پاشمودیرنە، کە دەتوانین لەدوو جۆرە پیوەندی دیکە جیای بکەینەوە. یەکەم پیوەندییەك کە تییدا پاژەکان لەریگەی ناوبژیگەرییەوە دەبەسترینەوە بە گشتەکەوە. لەم شیوەدا (کە تەنیا بەرهەمە

هونەرییەکان توانای نزیك بوونە لەم بارودۆخە یان هەیـــە) پاژەکـــان هاوکـــاتی پاراســـتنی جیـــاوازی و تایبەتمەندییـــەکانیان لـــە دەقـــی گشـــتدا، پیکـــەوە هارمۆنییـەك درووسـت دەکـەن. لـە شـیوەی دووهـــەمدا گشت لەریگەی قەلاچۆ و سرینەوەی جیاوازییـەکان و کونـترۆلی پاژەکانـەوە خـۆی بەرهەمدهینیتـــەوە. کـــە دیـارترین نموونـەی ئەمـە شـیوەی رووبەرووبوونـەوە هەلس و کەوتی ئەقلگەری مودیرن و بونیادی گشتی بەهاکان،ریکخراوەکـان و ئەقلانییـەتی مودیرنـە. لـەم رووبەرووبوونـەوەدا بونیادگـەلی گشـتی وەکـــوو مـــافی مرۆڤ، یەکسانی بەرانبەر بە یاسا، یان مافی دەنگدانی هەمـــەگی لـــە بەرامبـــەر جیاوازییـــە تایبـــەتی و بچووکـــەکانی وەکـــوو جنســـیەت، رەگـــەز، ئـــایین و نەتەوەدا پیناسە دەکری و و دەوتری هەموان جودا لە رەگـەز، نەتـەوە، بـاوەر، جنسـییەت، خـاوەنی ئـەم مافانەن. بە وتەیەکیتر مسۆگەربوونی بابەتی گشتی گریدراوی لەبەرچاوگرتن و لە ئاکامدا سەرکوتکردنی جیـاوازی و تایبەتمەندییـە پاژەکیەکانـە. ئیـتر لـەم چەشـنە پیوەندییـەی گشـت و پـاژەدا، یەکپارچـەیی گشت لە ریگەی سەرکوتکردنی پاژەکانەوە مسۆگەر دەبیت.

بـــەلام لـــە شـــیوەی ســـیهەم، یـــان بـــارودۆخی

پاشمودیرندا، گشتی چـون یـەك و یەكپارچـە لـە ریگـــــەی پاراســــتن و تەنانـــــەت زیدەكردنـــــی جیاوازییەكانـەوە بەرهەمدیتـەوە، بـەڵام ئیســتا كەئـەم جیاوازیانە تەنیا پاژگەلیكی پـەرەوازە، ریكەوتیانـە و بی واتـان، كـە سـەرەرای نزیكـی فیزیكیانـە و تەنانـەت پیكـــەوە لكانیشـــیان، هیـــچ چەشـــنە پیوەندییـــەكیان لەگەل گشت و لەگـەل یـەكتردا نییـە و لـە ئـەنجامدا لـە دمارگرژی كویر و عەشیرەیی و ئایینی و هەموو جۆرە بنەرەتخوازی (بنیادگرایی ـ Fundamentalism) رقاوی و شەراشۆدا دەردەكـەون، كـە هەركامـەیان لـە روانگـەی دیكەی پاژەكانەوە و هەروەها لەروانگەی ئەقڵانییەتی گشـتگەری مودیرنــەوە پــر و پــووچ و بیمانــان. ئــەم دۆخە كە لەسەر پاژگەریتی بە یەكە بوو (جزئیگرایـی كلیـــت یافتـــە) دامـــەزراوە، لـــە شـــارەگەوەرەكانی ئـــەمریكادا و هـــەروەها نیۆیۆركـــدا بـــە ئاشـــكرایی دەركـەوتووە. نیۆیـۆرك ئەوشـوینەیە كـە تییـدا دەیـان گرووپـی ئـاییني و »گـەل«ی كۆچبـەر لـە زەمینـەی گشـتیكدا واتـە بـازاری سـەرمایەداری، كۆمەلگـەی بـەرخۆری و فەرهـەنگی تـەكنۆلۆژیك و میدیاكـاندا پیكەوە ژیـان بەسـەر دەبـەن و هاوكـاتی گویرایـەلی و گریدراویتی تەواو لەم گشتەدا، پی لەسـەر پاراستنی شوناســە جیاوازەكــانی خۆشــیان دادەگــرن. ئـــەو

شوناسـانەی وا لـە پێشزەمینـەی مێژوویـی و وڵاتەکـەی خۆیـان هـەڵدەبڕین و ئێسـتاکە تـەنیا لـە بـێزاربوون لـە ئـەویدیدا و پێداگرتـن لـە سـەر زلکردنـەوەی رادەی جیـاوازی لاوەکـی، بێمانـا و بێ بایـەخی رواڵەتیانـە و گرێدراویـتی وەسواسـی و نەخۆشانە بە شتی لاوەکی ــ لەگـەڵ خۆسـپاردن بـە دەسـەڵاتی گشـت، کـورت دەبنـەوە. واتـە لـە نێـو دەمـارگرژی کوێـر و هـەموو جـۆرە شوناسـی بنەرەتخوازانـەدا کـە نـە دەتوانـن واز لـە نیۆیـۆرك و جەزەبە جادوییەکانی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ بنەرەت و رەسـەنی خۆیـان واتـە شـوێنی لـە دایکبوونیـان لەئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین و نـە دەشـتوانن بـە پشـت بەسـتن بەکەلـەپووری فەرهـەنگی خۆیـان بکەونـە کـارلێکی رەخنەییانـە لەگـەڵ ئـەم گشـتە و شوناسی دەورپشتیان.

دەقاودەقی ئەم بارودۆخە لە ئاستی جیهانیشدا دووپات دەبێتەوە، واتە لە پێوەندی زۆربەی وڵاتـانی جیهانیسـێهەم لەگـەڵ بـازاڕی جیـهانی، میدیاکـان، نەتەوە یەکگرتووەکان و بە کورتـی گشـتیتی جیـهانی مودێرندا. بەم پێیە دەتوانین بڵێـین وڵاتێکـی وەکـوو ئەفغانسـتان نـە وەك سـەرەڕای، بـەڵکوو راسـتەوخۆ بـە بۆنەی جیاوازی و لێکدژیـەکانی لەگەڵ مودێرنیتیدا،

بەرهەمی بی سیودووی جیهانی مودیرنە. ئەفغانستان پاژیکە گریدراوی گشتیتی جیهانی مودیرن، پاژیکی پەرەوازە، بیمانا، بیبایەخ، فانتازیانە، هلوّل و شەرخواز. ئەمرۆکە پیداگرتن لەسەر سەربەخۆ بوون (فەرهەنگی ــ ئابووری ــ سیاسی) نەك هەر بەرپەرچدانەوەی گریدراوی نییە بەلکوو لە زۆر لایەنیشەوە یەکیکە لە میکانیزمەکانی بەرهەمهینانەوە و بەربلاّبوونەوەی وابەستەیی. بەتایبەت ئەوکاتەی ناوەرۆکی میژوویی ئەم سەربەخۆییە گرینگیندان بە کەلتوور و »ژینگە ــ جیهان«یە جیاوازەکان نەبیت بەلکوو پیداگرییان لەسەر زلکردنەوە و بەرجەستە کردنەوەی جیاوازی لاوەکی و بیمانا و بیریشەی سووننەتی و میژووییانە بیت، کە لەقالبی گوتاری ئایدیۆلۆژیکی رقاوی و گریدراو و دەمارگرژی دژەمودیرندا دەردەبردریت. ئەفغانستانی بنەرەتخواز نەتەنیا لە دەرەوەی جیهانی پاشمودیرنی سەدەی بیستویەکەوە و لە گۆی »مریخ«یشدا نییە بەلکوو سەرپاکی بەرهەمی رەوتی بە جیهانی بوونە. ئەو ئابوورییەی مۆلەتی مانەوەی »تالەبان«ی داوە لەسەر رایەلە مافیاییەکان راوەستاوە، واتە لەسەر شانی یەکیك لە خەملیوترین سیستەمەکانی بازرگانی

جیــهانی كـــه بـــەرخۆرانی و سیســـتەمەكانی دابەشكردنی لـه پیشكەوتووترین ولأتـەكانی جیهاندا دەژیـــن و لـــە گـــەردان، بـــە پیشـــكەوتووترین تـــەكنۆلۆژیاكان ریكدەخریـــن و تەنانـــەت لـــەبواری باندسازی، جەوجوولی بانكی و ماڤ كەلكوەرگرتن لـه ئەنتـەرنیت و ریكخسـتنی نـاوەندی زۆر لـه كومپانیـا نەوتییه فرەنەتەوییەكان زیاتر پیشكەوتوون. نەبوونی تەلـەفزیۆن لـه ئەفغانسـتاندا نیشـاندەری ئەوەیـه كـه ئەفغانستان بەرهـەمی خـودی میدیاكانـه. ئەفغانسـتان لـه میدیاكـاندا ئامـادەبوونی هەیـه، تەنانـەت وەكـوو شتیك كه له دەرەوەی جیهانی میدیاكاندایه. ئەمجۆره لـه ئامـادەیی بوونـی دامـەزراو لەسـەر بزربـوون یـان نیشانەناسـی پـاشمودیرن بەلگەیـەكی هـیزی گشـت یـان سـامانی جیـهانی نییـه لـه تواندنـەوە و دەغمـی هـەموو توخمـه لاوەكـی یـان بەرهەمهینانـەوەیان لـه هـەندی نیشـانەی خەسـینراوی وەكـوو فرەبابـەتی و فرەچەشـنی كـەلتووری »كۆمەلگـەی كـراوە« و دەربـری خووی بنـەرەتی جیهانی پاشمودیرنـه. كـەوابوو هـەر چـــۆن تـــەكنۆلۆژیا و بـــانكداری و ئەقلأنییـــەت و سـەرمایەداری لـه نیودلـی نیۆیۆركـدا بـه تـەكانیكی بنەرەتخوازانـەی بیبـەری لـه هـەر چەشـنه ئالۆزییـەكی تـــەكنۆلۆژیكی و ریكخراوەیـــی كەوتنـــه لـــەرزە،

پێچەوانەکەشی لە لایەنی دژی نیۆیۆرکدا ڕوو دەدات. ئێوە لە کابول و کولومبیا و لە گوندە قورینەکانیاندا ئەو ماشینە دوایین مودیلانە دەبینین کەتەیارن بە کۆمپیۆتەر و پەیوەستن بە ئەنتەرنێتەوە و ئەو هیلیکۆپتەرە سەروومودێرن و لۆریی پێشکەوتوو دەبینین کە خەریکی گوازتنەوەی مەوادی موخەدرن. واتە ئەم پێکهاتەی شارستانییەت و وەحشییەتە لە هەردوو لایەنەکەدا بەدیدەکری. من پێشتر نموونەگەلی سیاسی و ئابووریم خستە بەردەست، بەڵام ئەگەر باسی ئایدیۆلۆژیکی و کەلتووری بکەین دەبینین کە خودی بنەڕەتخوازی چ ئیسلامی و چ نائیسلامییەکەی دەقاودەق بەرهەمی دونیای پاشمودێرن و ڕەوتی بەجیهانیبوونە، لەگەل جیهانیبوونی بازار و بازاری بوونی جیهان. واتە نە فری بەسەر سوننەتەوەیە و نە ڕەگیشی ئەوەتا لە سەدەکانی نیوەڕاستدا. ئەمە ئامادەبوونی ڕابوردووش نییە لە ئێستەدا، بەلکوو بەرهەمی تەواوی ئەقڵانییەتی ئامێری و سەرمایەداری ئێستایە و ئەگەریش دەتوانێت جیهان یەکپارچە و »مینۆکی« بکات بە هۆی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەوەیە. هەم خۆی بەرهەمی تەلەفزیۆنە و هەم ئەو ئایدیۆلۆژییەی دایدەهێنێ. بنەڕەتخوازی لووتکەی »نهیلیزم«ی

دوامودیرنـــه و هـــەموو دیاریدەكـــانی ئـــەم نهیلیزمەشـی لـه هـەناوی خۆیـدا هـەلگرتووە. بـەم بۆنـەوە نابی لـه ئەستۆی ئایین بخریت و تەنانـەت لـه بریـك لایەنـەوە دەكـری بوتـری بنـەرەتخوازی دژ بـه سـوننەتیترین شـتەكانە، لــه واقیعـدا بنــەرەتخوازی پاشمودیرن یەكیكه لـه بەهیزترینی میكانیزمـەكانی چوونـــه خــوارەوە بـــه رەگ و ریشـــەی هەرچەشـــنه سوننەتیكدا، هەنگاوی یەكەمیش سكۆلاریزه بوونه به بیچمگــەلیكی لـــەپر و نەخۆشئاســا. بــەم چەشــنه هەردوو پرۆسەی یەكایەتی و بابەتی، گشتگەریتی و پاشگەریتی لـه كـەناری یـەكتردا دووپـات دەبنـەوە و بونیـادی »نـاوەند / پـەراویز« »دارایـی / فـەقر« »هـیز / عـەجز« »هاوتـایی / جیـاوازی« لـه هـەردوو تـەوەرەی پیشـــكەوتوو و دواكـــەوتوودا بەرهەمدیتـــــەوە و ئاكامەكـەش ئـەو جیهانەیـه كـه تییـدا هـەموان جـوی جوی و پـەرەوازە دەبن. كـەچی هیـچ گـرووپ، گـەل، نەتـەوە یـان ریكخراوەیـەك سـەربەخۆ نییـه (جگـه لـه بانكـەكان!). گرووپـی گـــەلی كۆچبــەر لــه ئـەمریكا و ئەورووپادا ئەویش به شیوەی تویژی پەراویزی لەپال تویژه پەراویزییه خۆمالیەكاندا دەمیننەوە و دریژه به وەدەسـتهینانی دۆلار دەدەن و كۆكـاكۆلا و كۆكـائین بـەكار دەهینـن و سـەیری تەلـەفزیۆن دەكـەن، لـه

هەمانکاتیشدا هەول دەدەن پی لەسەر شوناسی رەسەن و جیاوازی خۆیان دابگرن، ئەو شوناسەی بە یارمەتی ریکخراوە و میدیای گشتی مودیرنی وەك: تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان بەرهەمدەهینریتەوە. هەر بەم پییەش کومپانیا گەورە ژاپۆنی و ئەمریکی و ئەوروپییەکانیش لە ولاتانی وەك سوودان و عەرەبستاندا دەمیننەوە و بە شیوەگەلی جیاواز کارلیکدەکەن لەگەل دەولەت و خەلك و ریکخراوەکانی ئەم ولاتانەدا. نە عەرەبستان توانای کۆ کردنەوە و بنەبر کردنی »ئارامکۆ«ی هەیە و نە ئەورووپاش توانای دەرکردنی کۆچبەرەکان. لە ئاستی سامانی جیهانیشدا ئەم دۆخە دووپات دەبیتەوە، بە جیهانیبوون بە شیوەیەکی بەزۆریش بیبەربەست و سەرشاخ هەموو کەسیك و هەموو شتیك پیشیل دەکات و بەرەو پیش دەچیت، بە بی سەرنجدانی پیداویستیی رەنجی راستەقینەی خەلکان. ولاتانی جیهانی سیهەمیش بە هەموو هیزیانەوە تیدەکۆشن زیدەتر لە بازاری جیهانی و ریکخراوەی بازرگانی جیهانیدا بتویننەوە و دەست بەسەر تەکنۆلۆژیای مودیرندا بگرن، یان لانیکەم لە دەسکەوتەکانی کەلگ وەربگرن. ئەگەرچی لەوانەیە لە رووناکی رۆژدا دژی مانگۆکە و هالیوود دروشم رابگەیەنن بەلام شەوانە

بەتامــەزرۆیی تــەواوەوە ســەیری مانگۆكــە و »مــەدۆنا« دەكــەن و لــە هــەموو كاتیكیشــدا لەســـەر ســـەربەخۆیی سیاســـی و ئـــابووری و شـــوناس و رەسەنایەتی كەلتووری خۆیان جەخت دەكەن، ئەویش بـــە یارمـــەتی ئـــامرازی تەكنۆلۆژیانـــەی مودیـــرن (تەلەفزیۆن) و لە  نیـو ریكخراوە مودیرنـەكان (نەتـەوە یـەكگرتووەكان ــ رایەلـە مانگۆكەییـەكان و ...). ئـەم دوو پرۆسـەیە كـە گشـتگەر و پاژەگـەرە، هاوشـانی یـەكتر و بیهیچ پیوەنـدی و دانووسـتاندنیك، پیكـەوە لـە هـەردوولای جیهاندا بەرەوپیش دەچن و تەنانـەت لـــەزۆر بابـــەتی ئـــابووری، سیاســـی، فەرهـــەنگی و ئایدیۆلۆژیكیدا، راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ یـەكتر بەرهەمدەهیننـــەوە. بـــەلام بەرهـــەمی ئـــەم شـــیوە ئامادەبوونـەی بنـەرەتخوازەكان (عیسـایی، ئیسـلامی) لـە نیۆیۆركدا و ئامادەبوونی هـەلیكوپتیر و پسـپۆر و زانستوانانی مافیایی لە كیوەكانی ئەفغانستاندا، هیچ نییە جگە لە تەقینەوەی توند و تیژی: توندی و تیژی ترۆریستی ـ توند و تیژی  مافیـایی. بەمشیوە توند و تیـژی بـلاو دەبیتـەوە، دەبیتـە رایەلـەیی و مافیـایی، دەبیتە ئاسایی و رۆژانە، دەبیتەوە هالیوودی و  سی، ئین. ئینی، دەبیتەوە پەتا و رەشەبرین. بەریژەی توند و تیژی ئانارشیستی سەدەی ١٩، دژە  ئۆمانیستیتر،

کویرتر و وەحشیتر دەبیت، لە یەك کاتدا گشتیتر و لاوەکیتر و وردتر، گرینگتر و بی ماناتر دەبیت، تەشەنە دەکاتە سووچ و بە هەناوی هەموو ریکخراوەکان و پیوەندییە ئابووری و سیاسی و کەلتووریەکاندا و بە هەموو سووچ و قوژبنیکی رۆح و دەروونی کەسەکان و گرووپەکاندا رۆدەچی. بە کورتی بلیم توند و تیژیش وەکوو دیکەی شتەکان پاشمودیرنیزە دەبیت. بەڵام ئەمانە هەموو رووداوەکە نین، ئەگەری شیوەیەکی دیکەی پیوەندی نیوان ئەم دوو پرۆسە هەیە، پیوەندییەکی پر بە پیستی وشەکە دیالەکتیکی (هەرلیرەشدایە کە نەوەکوو گرینگایەتی وتەزایەکی وەك دیالەکتیك دەردەکەوی، بەڵکوو ناوەرۆکی »ئیجابی« و پیوەندی میژوویی بە مرۆڤایەتی و رزگاری مرۆڤەوە دەردەکەویت). ئەم پیوەندییە لەسەر دانوستان و نیوەنجی کردن وەستاوە و تییدا هەردوو پرۆسەی گشتگەر و پاژگەر ئەویدی لە هەناوی خۆیدا و لە ریگەی بەرهەمهینانەوەی خۆیەوە، بەرهەمدهینیتەوە. من ئاماژە بە دوو نموونەی دەستیوەردانی گشت لە پاژدا دەکەم، یەکیان هەمەکی و یەکیان تایبەتی، مافی مرۆڤ، یاساخوازی، دیمۆکراسی و یەکسانی بەرانبەر یاسا، دەسکەوت و بونیادە هەمەکی و گشتییەکانی

کۆمەلگـەی مودیرنـن. بـەڵام ئـاخۆ ئەمرۆکـە لـە رۆژئـاوادا کـێ بـۆ پاراسـتن و سـەقامگیربوون و پـەرەپیدانی ئـەم بونیادە گشتییانە تێدەکۆشـێ، دژی سـووکایەتی (رەگەزیانـە و کـەلتووری و ...) و پاژبنییـەکان دەوەسـتێ و بـەرەنگاری لـە پـەرەپیدانی گشتگەریتی دەکات؟ وڵامەکە روونـە: کەمینـەی گـەلی، ئاینی، فەرهەنگی ـ فیمینیستەکان ـ پاریزەرانی مافی هاوجنسبازەکان و هەروەها کەمایەتییە کۆچبەرەکان. بە وتەیـەکی دیکـە هـەموو ئـەو گرووپانـەی بەرهـەمی پرۆسەی پاژگەری و فرە بابەتگەرین.

لـیرەدا بابـەتی بچـووك و ریزپـەرە کـە بابـەتی گشتی و هەمـەکی بەرهەمدەهینیتـەوە، بـە بیئـەوەی جیاوازی نیوان پـاژ و گشـت لـە بـەرچاو نـەگیردریت، یـان یـەکیکیان نەبنـە قوربـانی ئەویدیکـەیان، یـان هـەردووکیان بـە بۆنـەی داسـەپاندنی جۆریـك »ئەمئەوەکی« درۆزنانە لەگـەل یـەك جیبـەجی و ئـال و گۆر بکرین.

بەڵام نموونەی دووهەم بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەلایـەتی تایبـەت، واتـە بزووتنـەوەی زاپاتیستەکانە لە مەکزیکدا ـ بۆ ئاگاداری زیاتری ئەم بزووتنەوەیـە و شـەرحی تـیر و تەسـەلی چۆنیـەتی سـەرهەلدان و گەشەسـەندنی دەتوانـن سـەرنج بدەنـە

کتێبە بەنرخەکەی »مانۆئیل کاستلز« سەردەمی زانیارییەکان (انتشارات طرح نو) ـ من تەنیا ئاماژە بەم خاڵە دەکەم کە ئەم بزووتنەوەیە ڕاستەوخۆ لە هەمبەریتی سیاسەتە گشتیخوازەکانی سەرمایەداری جیهانیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و شوناسی تایبەتی جووتیاران و سوورپێستەکان دامەزرا و توانی بە پەنابردنە بەر ڕێکخراوە و ئامرازە گشتییەکانی جیهانی مودێرن واتە بە ڕایەڵەی ئەنتەرنێت، دەرخستنی داخوازەکانی خۆی لەم ڕایەڵەدا، نە تەنیا توند و تیژی و تیرۆری بەکار نەهێنی، تەنانەت لایەنی بەرامبەریش ناچار بە وتوویژی ئاشتیخوازانە بکات و بە هەندی لە ئامانجەکانی خۆی بگات. یان لانیکەم بەرگری لە بەپەراوێز بوون و سڕینەوە و لە کۆتاییدا سەرکوتکرانی خۆی بکات. ئەمەش خاڵیکیترە لە کارلیکی دیالەکتیکی لە نێوان پاژ و گشتدا. ئەم پرۆسە لەوانەیە پێچەوانەش ببێتەوە. واتە دەستێوەردانی بونیاد و ڕێکخراوە گشتی و جیهانییەکان لە هەندی بابەتی تایبەتدا وەکوو: دەستێوەردانی سیاسی ـ سەربازی (ناتۆ) لەبۆسنی و کۆزۆودا بۆ بەرگریکردن لە کوشتارەکان، یان دادگاییکردنی میلۆسۆویچ و سەدام حسەین و

هاوشـــیوەكانیان لـــە دادگـــەی (لاهـــە)دا. بـــەلام نموونـەی بـەرچاوی دەسـتیوەردانی گشـت لـە پـاژ بابەتی ئەفغانستان و هەرەوەزی سەربازی جیهانی ـ بە زۆری رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریكا و ئینگلیز ـ دژ بـە تالـەبان و تیرۆریسـتەكانە. بـەلام ئـەم جـۆرە دەســتیوەردانانە دەبیتــە دروســتكەری هــەندیك شـاراوەیی و كیشـە و گـەلی ئاكـامی بەدینـەكراو یـان سـەلبی و بەم پییە پیویسـتی بـە روونكردنەوەیـەكی زیـاترە. سـەرەكیترین بـاس ئەوەیـە جیـهان چیـتر ناتوانیت سەبارەت بەو شتانەی لـە نیـو ولاتـەكان و پاژەكاندا روو ئەدات كەمتەرخەم بیت. بەلام كیشـەی گرینگ بیچمی دەربرینی ئەم خواستە كە سیاسـییە كۆمـەلی و جیهانییەیـە و بـە تایبـەت پیوەنـدی ئـەوە لەگـــەل ریكخـــراوەی جیـــهانی وەكـــوو نەتـــەوە یـەكگرتووەكان. حەقیقـەت ئەمەیـە دونیـای ئیمـە بـە هۆی هەندی هۆكاری نادیارەوە (كە تەنانەت بیرۆكـەی سیستەمەكانی لۆمانیش نەكارە لـە روونكردنـەوەیان) نـەیتوانیوە لـە پانتـای سیاسـیدا بـەو بیچـم و رادە لـە یەكیتی و بەجیهانیبوونە بگات كە لە پانتای ئابووری یان فەرهەنگدا پیگەیشتووە. بە وتەیـەكیتر كارلیكی نیوان پاژەكان یـان هەرهـەمان دەولەتـەكان نـەیتوانیوە بگاتـە رادەیـەك كـە ببیتـە هۆی سـەرهەلدانی گشـتیك،

بنەمایەکی گشتی، یان ڕێکخراوە و یاسای جیهانی زاڵ بەسەر ئەم کارلیکەدا، یان لانیکەم هەندی بەشی بەربلاوی ئەم کارلیکە. یاسای سەرەکی لە پانتای سیاسەتدا هێشتا یاسای جەنگەڵ یان بێیاساییە. نەتەوە یەکگرتووەکان چەشنێك گشتی یەکپارچە یان حکوومەتیکی جیهانی نییە (کە جێبەجێبوونی ڕەنگە هاتنەدی خراپترین مۆتەکەی نێو خەونی مرۆڤ بێت) جیا لەمە نەتەوە یەکگرتووەکان دەولەت نییە و ناشتوانێت وەکوو دەولەت کردەوە بنوێنێ چونکوو لەم شێوەدا دەبێ خۆشی ببیتەوە بە ئەندامی خۆی و ببیتە بەرچاوترین نموونەی سیاسی پارادۆکسیکالی »ڕاسیل« سەبارەت بەو کۆمەڵانەی وا ئەندامی خۆیانن.

دەولەتەکان هیچکات نایانەوێت لە مافی دەسەلاتداریتی خۆیان یان تەنانەت بەشێك لەو مافە چاوپۆشیکەن و لەسەروو خۆیانەوە مەرجەعێك بە ڕەسمی بزانن، هەر بەم بۆنەوەیە کە دادگەی لاهە ناتوانێت تاوانکەرێکی وەك سەدام حسەین نەوەك موحاکمە بەلکوو قۆلبەست بکات و سزاشی بدات. لە ئاکامدا ڕێکخراوەگەلێك وەك نەتەوە یەکگرتووەکان تووشی بارودۆخیکی گاڵتەییانە دەبن کە تەعبیر لە نەزۆکی و نەتوانی و زیادی و نەمایشیبوون دەکات.

بەم پییە نەتەوە یەكگرتووەكان لە دواییدا هیچ نییە جگە لە كۆمەلیك پاژ یان دەولەت كە بە بی هیچ پیوەندییەكی ناوەكی و زاتی لە پال یەكتردا دانیشتوون. نەتەوە یەكگرتووەكان گشتیكە تەواو هاوسەنگ و تەنانەت هەندی جار كەمتر لە كۆی زۆرەملیانەی پاژەكانی و لە باشترین حالەتدا واتە یەكیتی و هاورایی لە نیوان هەموو ولاتانی ئەندامدا بە تەنیا ئەتوانیت وەكوو كۆی ژمارەیی پاژەكانی كار بكات، نەك وەكوو گشتیكی سەربەخۆ و بەهیزتر و زیدەتر لە كۆی زۆرەملیانەی پاژەكانی خۆی. لەبەر ئەمەشە داخوازی لابردنی مافی «ڤیتۆ»، داخوازییەكی بیئەساسە و جیبەجیبوونی ئەم شتە مانای ئەوەیە لەكاتی زالبوونی یاسای جەنگەلدا لە دەولەتەكان داوا بكەین بوونی ئەم واقیعە راستەقینە لەبەرچاو نەگرن و لە بەرژەوەندی و هیزی خۆیان بە قازانجی «بایەخە والاكان» چاوپۆشی بكەن. بە هەرچەشن ئەمرۆ تا كاتی بوونی دەولەتەكان یان «ولات ـ نەتەوە» جیا لە هەندی بەشی پەراویزی و بچووك، گشت پانتای سیاسەت لە ژیر دەسەلاتی یاسادا نییە و لە ئاكامدا كیشەی سەرەكی پاراستنی دوورگەكانی ئەقلە لەنیو ئوقیانووسی بی ئەقلیدا و پاریزكردنە لە بارودۆخیك كە تییدا بیچمە جۆراوجۆرەكانی شیتی، دەروون

شـــــلەژاوی سیاســـــی، وەکـــــوو تـــــیرۆریزم و بنـــەرەتخوازی بتوانـــن بـــە یارمـــەتی ئەقڵانییـــەتی دژ ئەقڵانی، ئاژاوەی مونـەزەم، یاسای بی‌یاسا یان هـەر هـــەمان یاســـای جەنگـــەلی کـــە بەســـەر ســـامانی ســـەرمایەداری بورۆکراتیکـــی جیـــهانیدا زاڵ بـــووە کارەسات بخولقینن. ئەم چەشنە پیوەندییەی پـاژ و گشت و ئەم جۆرە دەستیوەردانەی گشت لە پاژدا (بۆ نموونە بابەتی ئەفغانستان) سەرەرای هەموو کیشە و شاراوەیی و ئاکامی بەدینـەکراو سـەرەرای نادیـار و روون نەبوون و کیشەسازکەر بوونی رەهەندگەلیك لە چۆنیتی کـردەوە و تـرس لـەئاکامی دوایـی تەنانـەت سـەرەرای دەردنـاکیی هەزینـە کـە ئینسـانییەکان، هیشـتا تـەنیا ریگـە و چارەسـەری دوورەپـەریزی لـە ئیقلیمگیربوونی توند و تیژیی پاش‌مودیرنانە.

دەسـتیوەردانی گشـت یـان جیـهان ریك مانـای دەستیوەردانی کۆمەل یان کـۆی زۆرەملیانـەی هـیزە سیاسـییەکان بـــە لەبـــەرچاو گرتـــنی دابەشـــکردنی چەندیی هیز، ئەم جۆرە دەستیوەردانە ئەگەر بیـەوی کاریگەر بیت، بە مانای دەستیوەردانی رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا دەبیت.

ئەم بابەتـە، بـە لەبـەرچاو گرتـنی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە، بـە ناچـار هـەندیك بـەرژەوەندی‌خوازی و

هـیزخوازی لـه لایـــەن هـــەموو وڵاتـــه گـــەوره و بچووكەكانـەوه و بـه تايبـەت ئـەمريكا لـه دووی خـۆی دینیت. ئەگـەرچی لـەم بوارەشـدا ئـەقل و واقیعبیـنی داوا دەكات كه له خۆمان بپرسین، بۆ نموونه چ شتیك له ئەفغانستاندا هەیه كه بایەخی تالأن كردنی هەیه و ئاخۆ هیشتا دەتوانین بارودۆخی سیاسی جیهان به كەلك وەرگرتن لـه ئوسـتوورەی وەك: (خـەونی پـتری گەوره بۆ گەیشتن به ئاوه گەرمەكان) یان (گەیشتن به بازارەكـانی فلأنـه ناوچـه لـه ریگـەی ئامـاده بوونـی ســـەربازی)ییـــەوه و دیكـــەی پرووپـــووچ بیژییـــه ژیۆپۆلیتیكـــەكان دەرك پیبكـــەین، و بیخەینــــه بـــەر سەرنج و تویژینەوه. لـه كۆتاییدا دەبی به ئاشكرا و به بی هیچ پەراویزیك بلیم، به باوەری من ئەم جۆره پیوەندییـه یـان دیالەكتیكـــەی نیـوان گشــت و پــاژ، دەقیق هەمان چارەسەره كه دەبی شـوینی بكـەوین، چون جگه لەمه خراپترین و نالەبارترین جۆری تیكەل بـــوون لـــه نیـــوان جیـــهانیبوون و فرەچەشـــنیدا دروستدەبیت. ئـەمریكا، ئـەمریكا دەمینیتـەوه و ئـەو دوو بورجەش سـەرلەنوی ساز دەكاتـەوه و بازرگـانی نیونەتـــەوەیی و ســـــەرمایەداری بۆرۆكراتیكیــــش دریژەیان دەبی و ناوەند و كەناریش ساز دەكریتەوه. لــه نیۆیۆركــدا عــەرەب و رەشپیســتەكان و دیكـــەی

گەلـــەکان وەك کۆچبـــەر دەمیننـــەوە و هیـــچ چارەسـەریکیش نـاکریت، چونکـوو ئـەم سیسـتەمە داواکاری ئەوەیە ئەمانە تیکەل بکات و سـنوورەکان بسریتەوە و هاتوچۆکان ئازاد بهیلیتەوە تا کالاکانی بفرۆشـری. کـەوابوو ئەوانـە لـەوی دەمیننـەوە و لـە پەراویزیشدا دەمیننەوە. ئارەزووی رقەبەری و توند و تیژیش رۆژ لەگەل رۆژدا زیدەتر دەبیت.

ئەمە خراپترین شیوەی چارەسەر کردنی کیشەی پـەراویز و نـاوەندە و تایبـەت بـە ئـەمریکاش نییـە. ئـــەمریکا بـــە بۆنـــەی چەشـــنیك نیشانەناســـی ئوستوورەییەوە بووە بە نیشانەی مـەزن یـان ناسکار (سووژە)ی ئەم کیشە، ئەو ناسکارەی گشتی کیشـەکە دروسـتدەکات، لـە کـاتیکدا خـۆی تـەنیا یەکیکـە لـە پانتاکـانی روودانـی کیشـــەکە. لـــە نیـــو خـــودی ئەمریکاشدا پەراویز و ناوەند دروستدەبیت و زۆربەی ئەمریکیـەکانیش دەکەونـە پـەراویزەوە، هـەر بـەم پییـە لـە دیکـەی گـەل و نەتەوەکانیشـدا تـاقمیك دەکەونـە نـاوەندەوە و تـاقمیك دەچنـە نیـو پـەراویزەکان. بـۆ نموونـە هـەر لـە ناوچـەی کـەنداوی فارسـدا، »دوبـەی« دەبیتە ناوەند و عەرەبە یەمەنییـەکان بە ناچار بـەرەو پەراویز پالپیوە دەنرین.

## ئەبازەری

من لەگەل ئەم لۆژیكی جیهانیبوونەدا كیشەم هەیە. بە باوەری من جیهان هەمیشە جیهانی بووە، ئەگەر مەبەست لە جیهانیبوون ئەوەیە كەسەكان لەیەك دەچن و پیكەوە هاوئاست دەبن. خۆ بە ریكەوت مرۆڤی پانسەدسال لەمەبەر زیاتر لەیەك دەچوون و زیاتر هاوئاستی یەكتر بوونە تاوەكوو مرۆڤی ئیستاكە. زل كردنەوەی (شەر )ی لە تەكنۆلۆژیا و بازارەوە رسكاویش، كە هەندی لە ئایدیۆلۆژیستەكان بە ئەمریكاییزە بوون ئەعبیری دەكەن دادیكمان نادات. چونكوو دەولەتوانانی

ولاٌتانی ئەم ئایدیۆلۆژیستانەش خۆیان بە جیدد بە شوین تەکنۆلۆژیا و بازارەوەن و ناشتوانن وانەبن، هەروەها خودی ئەم ئایدیۆلۆژیستانەش کە دەسەلاٌت بە دەستەوە دەگرن بۆ تەقلی سەرمایە و تەکنۆلۆژیا داستان نامینی نەیگیرنەوە. ئەوەی لەسەردەمی مودیرندا روویداوە و بە لای منەوە شتیکی زۆر گرینگترە، وشیار بوونەوەی خەلکی تەنانەت دوورترین شوینەکانی زەمینە لە رووبەرووبوونەوە لەگەل مودیرنیتیدا. سەرەرای ئەوەی کە سیستەمی بازار بە دلی خۆی ئەسپی خۆ تاو دەدات و سەرەرای مەترسیدار بوونی تەکنۆلۆژیا، مرۆڤی مودیرن توانیویانە بە رامان لە خۆیان، شیوەی ئەقلاٌنی بۆ جوولاٌنەوە لەگەل خۆ و ئەویدیدا گەلاٌلەریژی بکەن. ئەمە شتیکە کە لە رابوردوودا بەرچاو ناکەویت. دەکری بەهزری هەرەوەزی هەموو مرۆڤ، بازار و تەکنۆلۆژیا لەغاو بکرین. باس کردن لە بیپەنایی ئینسان لە هەمبەر تەکنۆلۆژیا و بازار یان خاوەنانی تەکنۆلۆژیا و بازاردا لە راستیدا دەستبەردانە لە مرۆڤ و بەجیهیشتنیەتی بۆ بیپەنایی. رووداوەکانی ئەم دواییە زیاتر لە هەمیشە ئەوەیان روونکردەوە کە دابینکردنی هیمنایەتی و ئازادی بابەتیکە کە دەبی هەمووان، هەموو ولاٌتان و گەل و تاقمەکان بە

پشتبەستن بە ئەقڵەوە بەشداری تیدا بكەن.
گۆرانی نیۆیۆرك لە چركەیەكدا بۆ كابولیكی شەرلیدراو ئەم حەقیقەتەمان بیردەهینیتەوە كە نابی بە تەنیا یەك وڵات بەلكوو هەمووان دەبی لە دروستكردنی هیمنایەتی و ئازادیدا بەشداری بكەن.

ئەو بیركردنەوەش لەبارەی مودیرنیتییەوە كە پییوایە مودیرنیتی لە چەندین ریگەوە بۆ وینە گۆرینی لۆژیكی پیویستی بۆ لۆژیكی ئارەزوو ـ كە قەت پرنابیت ـ عەقلی مەعاشی مرۆڤی خراپكردووە و كردوویەتە مەكینەیەكی بەرخۆر تا رادەیەك راستە. بەڵام هیچ كام لەمانە بەرپرسایەتی ئاكاری ئەقڵانی لە ئەستۆی مرۆڤ لانابەن. ئەگەرچی مودیرنیتی رووبەرووی مەترسیمانی كردۆتەوە، بەڵام ریگەی دەرباز بوونیشی پی نواندوین، كەوابوو دەبی گلەیی و هاوار و نالین كەم بكەینەوە و فیربین كە لە جیهانی دەرهەستی مودیرندا چۆن ژیان بكەین.

بیرۆكەی بەجیهانیبوون كە بەریز فەرهادپوور لە زەمینەی ئەودا، بیرەكانی خۆیان دەربری، بیرۆكەیەكی پر مەترسییە، ئەم بیرۆكە لە راستیدا نوسخەی پاشمودیرنی، بیرۆكەی »گریدراویتییە« كە دەمی سال لەمەبەر دامەزرینەرەكانی وەكوو »ئاندرە گۆندرفرانك« دەنگیان بە ناكارامە و تەنانەت باتل

بوونیشی دا. ئەم بیرۆکە لە سەر دەستی کەسانیك وەکوو »ئیمانوئیل ڤالرشتاین« دووبارە زیندوو کرایەوە و بە بیروراکانی هەندی پاش‌مودیرنیستی هایدگیری و نیچەیی وەکوو بوودریار وحەلاّل کرایەوە و روالەتیکی فەلسەفی و فەرهەنگی گرتەخۆ و ئیستەش وەکوو بیرۆکەیەکی شیك و بۆیاخ کراو، خراوەتە بازاری بیرۆکەکانەوە. بەلاّم بنەمای ئەم بیرۆکە پینەکراوە جیاوازییەکی لەگەل نوسخە کۆنەکەیدا نییە، سامانیکی جیهانیی لە پشتی ئەکتەرە کۆمەلاّیەتییەکانەوە هەیە کە ئەوان و خۆشی بەرهەمدەهینیتەوە. بە پیی ئەم بیرۆکە پیشکەوتنی هەندی ولاّت وەکوو جەنابی فەرهادپوور وتیان پیوەندییەکی دیالەکتیکیانەی بە دواکەوتنی هەندی ولاّتی دیکەوە هەیە. واتە ئەوان پیش‌ناکەون مەگەر ئەوەی کە هەندی ولاّت دوا بکەون. بە پیی ئەم بیرۆکە لە نیو هەر تەوەرەیەکیشدا ناوچەی پیشکەوتوو و پاشکەوتوو هەیە کە ئەمەش خۆی یەکیکە لە کاردانەوە ناچارییەکانی ئەم سامانە، بۆ نموونە: »گتو«کانی نیۆیۆرك و پیتەختی لۆکسی ولاّتە دواکەوتووەکان. جەنابی فەرهادپوور ئەمانەیان بە وەحشییەت لە نیۆیۆرك و بوونی کۆمپیۆتەر لە شاخەکانی ئەفغانستان، وەرگیراوە.

پـــــاشمودیرنیزە بوونـــــــی بیرۆكـــــــەی «گریدراویتی» بە یارمەتی هەندی وشەی نوی، كراوە. ئـەو وشـانەی كــە زۆرتــر كــەلتووری و كۆمەلایــەتین تاوەكوو ئابووری بن. بەلام ئەم وشانە لە كـردەوەدا هەمان كاردانەوەی وشە كۆنەكان دووپات دەكەنەوە و ئاسۆیەكی نوی لە بەرانبەرماندا ناكەنــەوە. هیرشـی سـەرمایە (كە لە نوسخە كۆنەكەیا بە شتیكی هـەرزە دادەنــرا، بـــەلام لـــە نوســـخە پاشمودیرنەكـــەیدا گرینگییـــەكی زۆری پینــادریت) جیگـــەی خـــۆی بـــۆ هیرشی میدیای گرووپی و ئەلكترۆنیكی و هالیوودی چۆلكـردووە و كودەتــای ئەمپریالیســتەكان جیگـــەی خۆیـان داوەتـە تەلەفزیۆن و شتی وەهـا. ئـەم بیرۆكـە گشتگەرا و بە وتەی جەنابی فەرهادپوور دیالەكتیكیە لەبەر ئەوە جیی مەترسییە كە پیی وایە دەتوانی هـەر شــتیك بـــە شـــتیكی دیكـــەوە پیوەنـــدی بـــدات و هەمووشـــیان شـــیبكاتەوە. ئـــەمریكا هـــەر بەقـــەد ئەفغانستان داهینەری تەلەفزیۆنـە و نلسـۆن مـاندلاش ئەوەندەی سەدام حسەین داهینەری مانگۆكەیە. بـەلام ئەم بیرۆكە لە لایەنیكیدیكەشەوە جیـی مەترسـییە، چونكـــوو ئەمـــە خراپـــترین جـــۆری تیوەگلانـــە بـــە ئوســـتوورەی چوارچیـــوە و بونیادگەرییـــەوە. لـــەم بیرۆكەدا ئیـدی جیگەیـەك بـۆ چالاكـانی كۆمەلایـەتی

نامینیتەوە. هەمووان بەقەد یەك لەلایەن بونیات و چوارچیوەوە گەمەیان پیدەکریت. ئەم بیرۆکە پڕ هات و هاوارە لە واقیعدا زۆر لە گومانی »وەهمی پیلان«یش دەچی. لە بیرۆکەی بەجیهانیبووندا بونیاد و سامان، بەرهەمهینەری هەموو شتیکن. لە گومانی وەهمی پیلانیشدا، هەندی پیلانگیری ناپاك و نارەسەن لەم بیرۆکەدا ئەقل و ئەقلانییەت و ئاقلان و بروامەندانی گفتوگۆ ئەوەندە بە گەمە دەگیرین و کەرەسەی دەستی ئەم سامانانەن کە دوژمنانی ئەقل و لایەنگرانی توند و تیژی. چونکوو هەردوولایان لە لایەن سامانەوە بەرهەم و دووبارە بەرهەمدەهینرینەوە.

لە بیرۆکە کۆنەکەدا ریگەی رووخاندنی ئەم سامانە بە شۆرشی دواکەوتووترین ولاتانی جیهانی سیهەم و بە رابەری چریك یان شۆرشگیرانی شارەزا جیبەجی دەبوو، چونکوو وا گومان دەکرا کە ئەمانە (دواکەوتووەکان) لە سامانی جیهانیدا نەتواونەتەوە و بە پیی زاراوەی شیك و مۆدی ئەمرۆکەیی »ئەویدی« ئەو سامانەن. ئەوەی جیگەی سەرنجە ئەوەیە کە یەکیك لە هۆکارەکانی هەرەسهینانی ئەم بیرۆکە تیکشکانی ئەم جۆرە شۆرشانە و گەشەکردنی ولاتانی گریدراوی سەرمایەداری جیهانی وەکوو

کۆریا بوو. بەڵام لە بیرۆکە نویکەدا ـ کە تییدا مارکس و هایدگیر جیگۆرکییان کردووە ـ هیچ دەربازیك نەماوەتەوە، چونکوو سامان وەها جیهانی بۆتەوە و »ئەودیدی« وەها لە خۆیدا تواندۆتەوە کە هیچ ئادەمیزادەیەك ناتوانیت لە هەمبەریدا بوەستی. لەبەر ئەمەشە کە لەو دیالەکتە تۆقینەرەدا کە جەنابی فەرهادپوور بە پشتپیبەستنیەوە وینەیەکی لە گشت جیهان بۆ کیشاین و لە تۆقینەریدا دەگاتە ئاستی فیلمی جنگری یەکەم و دووهەم. بە تەنیا جنگیریکی مەزن کە ویردەکانی خاکی نین دەتوانی جنۆکەی مودیرن و پاشمودیرن لە لەش جیهان بکاتە دەرەوە. چونکوو ئەوانیدیکە ئیستە گشت بن یان پاژ (و ئەم دوانە لە پیکهاتەیەکی دیکەدا دەتوانن جیگیریەکی بکەن) وەها تیکچرژاون و یەکتر بەرهەم و دووبارە بەرهەمدەهیننەوە کە ئیدی جویکردنەوەیان بە وتەیەکی دیکە رەخنەگرتن و چاك کردنەوەیان مەیسەر نابیت. با بۆ پیشڤەچوونی باسەکە سەرنجەی وتەزایەکی ژان بوودریار بدەین واتە hyper neality بەواتای »سەرو ـ واقیع«، (hyper لەو پیشگرانەیە کە واتای زیدەرۆیی و ئیغراق لە شتیك دەکات) چونکوو لەگەل دیالەکتیکی جەنابی فەرهادپووردا لە یەك دەچن کە ئیلهامی لە »چشتبوونی« ئادۆرنۆ و

»دەروونشیکاری«ی ژاك لاكان وەرگرتووە. بەڵام بوودریار لە قەلباندنی چەمكی سەروو ـ واقیعدا كەلكی لە وتەزای گشتال و »وێنەی جیهان«ی هایدگیر وەرگرتووە. سەروو ـ واقیع هەر ئەم واقیعە هاوچەرخەی ئێمەیە و ئاماژە بە شتێكی لەولاترەوەی ئەم واقیعە نادات هەر چۆن وێنەی جیهانی هایدگیر، هەر ئەم جیهانەیە كە بۆتە وێنە و مەبەستیش لەو وێنە كۆپیی جیهان نییە بەڵكوو هەمان جیهانی هاوچەرخی سەردەمی تەكنۆلۆژیایە. سەروو ـ واقیع شێوەی دەرخستن و دەركی واقیعە لە سەردەمی ئێمەدا (سەردەمی پاش مودێرن). سەروو ـ واقیع واقیعە بە بێ بوونی »ئەویدی«، ئەو جێگەی كە مەیدانی دووبارە پێشاندانەوەی واقیعی بەتاڵ كراوە. بوودریار سەروو ـ واقیع بە شتێكی چەپەل ناودەبات، لەبەر ئەوەی كە ئیدی هیچ شتێكی سەرنجڕاكیش، هیچ مەیدان و هیچ شانۆ و هیچ وەهمێك نەماوەتەوە و هەموو شتێك ئاشكرا و دیار كەوتووە و لە ژێر تیشكی زۆرەملیی و ناچاری زانیاری و پێوەندییەكاندا (كۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، مانگۆكە و سینەما) دەرك پێدەكرێت. مەبەستی بوودریار لە وتنی ئەوەی كە ئیدی وەهمێك نەماوەتەوە ئەوە نییە كە هەمووان گەیشتوونەتە واقیع، تەواو بە پێچەوانەوە

وەهمــی واقیــع تــەنیا لــەو شــوینەدا هەیــە كــە واقیعیكیش هەبی. مەبەستی بوودریار ئەوەیە كە لە ســەردەمی ســەروو ــ واقیعــدا كــە ســیهەم قۆنــاغی »سیمیولەیشــن« یــان هاوشیوەســازییە، ئیــدی هیــچ واقیعیك لەئارادا نییە. لەم قۆناغەدا جیاوازییــەك لــە نیوان نواندنەوە و واقیــع یــان كۆپیــە و راســتەقینەدا نەماوەتــەوە. لەبــەر ئەمەشــە بوودریــار ســـەبارەت بەئــەمریكا، واتــە ئــەو شــوینەی كــە بــە وتــەی ئــەو، پرۆسەكە بە تەواوی جیبەجی بووە دەلی: ژیــان لــە ئەمریكا سینەمایە. بە وتەیەكی دیكە لە ئەمریكادا لە نیوان راستەقینە (یان راستەقینەی پیشوو) واتە ژیان و نوینەدیــار یــان كۆپیـــەی ئـــەو واتـــە ســـینەمادا جیاوازییەك نییە، هەر بە پیی ئەم لۆژیكەش بوو كە بوودریار پیشبینی ئەوەی كرد كە شەریك لە نیوان ئــەمریكا و ئــیراقدا روونــادات چونكــوو ئــەم شــەرە دەمیكــە بــوو لــە میدیاكــاندا خــەریكی رووداو بــوو، هەلبەت بوودریار لەمبارەوە بە هەلەدا چوو.

دیالەكتیكی فەرهادپوور و (ســەروو ــ واقیــع)ی بوودریار لەویوە هاوشیوەن كە سامانیكی داخراون و خۆیان، خۆیان بەرهەمدەهیننەوە. ئەم چەشنە بیرۆكە رەخنەییانە ویرای دەربرینی نۆستالۆژیا بۆ »ئەویدی« دەیانەوی سامانی »ئەویدی« هەلبلووشــن و بۆیەشــە

هەموان لە سامانیکی داخراودا دەستەوەستانن.

مانای ئەم وتەیە لە سۆنگەی مەعریفەناسیەوە چییە؟ ئەگەر ئەم وتەیە راست بیت دەبی بگەینە ئەم ئەنجامەی کەئیدی پیگەیەکی مەعریفیانە بۆ رەخنەگرتنی سامان لە ئارادا نییە، چونکوو ئەقلی رەخنەگریش خۆی بەشیکە لە »گەرانی« ئەم سامانە. ئەم بیرۆکە توند و تیژە وەکوو هەموو بیرۆکە توند و تیژەکانی دیکە لە کردەوەدا دەبیتە دژی خۆی، ئەوەش لەبیر نەکەین کە گەورەترین ئیرادەخوازانی کردەگەرا، ئەو کەسانەن کە لەبواری تیۆریکەوە پییانوایە کە لە سامانیکدا گرفتار هاتوون کە ریگایەکی بۆ دزەکردن نەهیشتۆتەوە. لینین یەکیك لەمانەبوو و دەکری بنلادەنیش وەها ناو ببەین. ئەم بیرۆکە تیرۆریستیانەیە، چونکوو ئەم وەهمە دروستدەکات کە بە ئاشنایەتی لەگەل شاراوەییەکانی ئەم سامانەدا دەتوانین بە تەواوەتی لە نهینییە کۆمەلایەتیەکان تیبگەین و ببینە زانای گشتی و دەکری بە ئیرادەیەکی پۆلایینەوە سامانی زال برۆوخینری و کیشەکان لە چاوترووکانیکدا چارەسەر بکرین. تیرۆریزم بەرهەمی هەولی گشتزانەکانە بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان لە چاوترووکانیکدا. (تەلەفزیۆن هەلپیچن تاوەکوو هەرزەیی نەمینی،

كەسـی ئـەلف مـەهیلن تـاوەكوو رەوتـی بـی، كۆتایی‌پێبێت بورجەكان برووخێنن تاوەكوو ئەمریكا برووخێت) حەقیقەت ئەوەیە كە جیهان تـەنك نییـە، پڕە لە شاراوەیی و لێلی و ئێمە گیرۆدەی سامانیكی ریفرینسـیانەین. گشـتزان نـین، بـەلاّم دەتوانـین بەیارمـەتی ئـەقلی رەخنەییانـە بـۆ چاككردنـەوەی هـەموو سـامان و بونیـادێك هـەول بدەیـن و وەكـوو جووتیارەكـانی مـەكزیك كـە جـەنابی فـەرهادپوور پەسنیان دەكات ـ بەلاّم نایەنە نێو دیالەكتیكەكەیەوە، دەتوانین دەنگی خۆمان بگەیەنینـە گوێـی هـەموان و گوێ لە دەنگی دیترانیش بگرین.

بـا گریمانـەی ئـەوە بكـەین نلسـۆن مـاندلا و مەهاتما گاندی و سەدام حسەین و ئاریـەل شـارۆن، ئەندامی یەك سامانن، ئەم گریمانەیە بۆ دەركی ئەو سـوونەتانەی كـە ئەمانـە لێیـەوە هەسـتاون و ئـەو بزووتنەوانەی بەدییان هێناوە و ئەو ئامانجانەی كە لە زەینیاندا بوو، هیچ یارمەتیمان نادات.

# سەرچاوە

-Bradbury, M. Ruland, R. (1991) From Puritanism to Post Modernism. London, Routledge.

-Conrad.P. (1980), Imamgining America. London, Routledge and Kegan Paul.

-بلـو، سـال (١٣٧٩) هرتـزورگ، ترجمـەی فرشـتەی داوران، تهران، نشر پیکان.

-دکـتر ف، ای.ال. (١٣٦١) رگتـایم، ترجمـەی نجـف دریابندری، تهران، انتشارات خوارزمی.

-ریکور، پل (١٣٧٤) "خاگرە، تاریخ، فراموشی"، فصل نامەی گفتوگو ٨، تهران.

-زمیـل، گئـورگ (١٣٧٣) "پـول"، ترجمـەی یوسـف ابازری، فصل نامەی ارغنون ٣، تهران.

-زمیل، گئورگ (١٣٨٠) "تضاد فرهنگ مدرن"، ترجمەی هاله لاجوردی، فصل نامەی ارغنون ١٨، تهران.
-كاستلز، مانوئل (١٣٨٠)، عصر اطلاعات (٣ جلد)، ترجمەی علی پایا، تهران، گرح نو.
-كافكا، فرانتس (١٣٧٧)، امریكا، ترجمەی بهرام مقدادی، تهران، هاشمی.
-گاری، رومن (١٣٨٠) لیدی ال، ترجمەی مهدی غبرایی، تهران، ناهید.
-هایدگر، مارتین (١٣٧٣)، "پرسش از تكنولوژی"، ترجمەی شاپور اعتماد، فصل نامەی ارغنون ١، تهران.
-هایدگر، مارتین (١٣٧٥)، "عصر تصویر جهان"، ترجمەی یوسف ابازری، فصل نامەی ارغنون ١١/١٢، تهران.

# فیلمەكان

-زن زیبا (١٩٩٠) بازیگران: ریچاردگر، جولیا رابرتز، كارگردان: گری مارشال، محصول: بونا ویستا.

–شفاد هندەی اسب ها (١٩٩٨)و بـازیگران: رابـرت ردفـورد، کریسـتین تومـاس، کـارگردان: رابــرت ردفـورد، محصول: بونا ویستا.

–فورست گامپ (١٩٩٤)، بازیگر: تام هنکس، کارگردان: رابرت زمه کیس، محصول: پارامونت.

–لیدی ال (١٩٦٥)، بـازیگران: سـوفیا لـورن، پـل نیومـن، دیویـد نیـون، کــارگردان: پیــتر یوســتینف، محصــول: متروگلدن مایر.